تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى إقرأ الثقافي

خوینەری بەریز !

هەموو ئەزانین کە (پیرەمێرد) ی ئەدیبو شاعیری نـەمری کورد لە زۆر مەیدانو ماوەدا ، بەشێوەیەکی سەرکەوتوانەو بـە پێهاتوویی ، دەستێکی باڵاو درێژی خزمەتو رەنجی دڵسۆزانەی بووە ، هەرلەشیعری بەسۆزی نەتەوایەتیو نیشتمانیو کۆمەڵایەتیو دڵداریو سروشتیو دەروونیو ناڵانەوە تائەگاتە نووسینیچیرۆکو بەسەرهاتی بەکەڵکو باسو خواسی مێژوویی پیـاوە ناودارەکانی کورد ، هەر لە بەرێوەبردنی کاروباری چاپەمەنییەوە تا ئەگاتـە ئەرکی گرانی رۆژنامەگەری ، هەر لە ئەرکی پێگەیاندنو گەشە پێدانی زانستییەوە تا ئەگاتە لەسەر کردنەوەی مافو سەربەستی ئافرەت ، هەر لە کۆکردنەوەی پەندی پێشینانو رێك خستنیەوە تا دەگاتە کۆکردنەوەو نووسینەوەی گاڵتەو گەپی ناو کوردەواری .

ئەم کۆمەڵە نووسینو بەسەرهاتو سەرگوزەشتەو قسە خۆش حۆسابەی لە دوو توێی بەرگی ئەم کتێبەدا کۆکراونەتـــەوە ، بەرهەمی پێنووسە نووك تیژەکەی پیرەمێردو بەری رەنجی پیرۆزی خەمخۆرییی ئەوە کەلەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەی (ژیان) لـە ساڵەکانی ١٩٣٤ و ١٩٣٥و ١٩٣٦ ەوە بەزنجیرە بڵاوی ئەکردنەوە

ئەم نووسینانە ، جگە لەوەی کەنرخو بایەخێکی کۆمەڵایەتییان هەیە ، چەن رەوشتو عادەتێکی ئەم کوردەواریەش ئەخەنە بـەر چاوی نەوەی ئێستاو لەمەولا ، لە رووی زمانو ئەدەبیفۆلکلوری

ئەم گەلەوە ، جێگەیەکی تایبەتی هەیە،بەشێوەی دەربڕین‌و چۆنیتی دارشتن‌و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی ، کەبەداخەوە ، ئەو جۆرە وشانە خەریکن بەرەو نەمان‌و بیرچوونەوە ئەچن ، ئەگەر رۆڵە دلسۆزەکانی کورد مشوری زیندوو کردنەوەو بەکارهێنانیان نەخۆن لە بەرهەمەکانیانا .

هەروەها ئەم زنجیرە نووسینە چەن لاپەرەیەکی گەش‌و روناکی (پیرەمێرد) خۆیمان بۆدەرئەخات ، جگەلە وێنەگرتن‌و دەرخستنی ئەو سەردەمەی کە ئەوی بیاژیاوە بەشێوەیەکی ساکاروێکەنیناوی کە تەواو زاخاوی مێشك‌و دڵبو دەروونی هەموو لایەك ئەداتەوەو بە هەموو کەسێکی ئەسەلمێنێ کە کورد خاوەنی گەنجینەیەکی‌نەبن نەهاتووی ئەدەبی فۆلکلۆری‌و کاریزێکی هەمیشە تەقیوی هەرگیز وشك نەبووی ئەم جۆرە ئەدەبەیە . کە (پیرەمێرد) لەژێر ناوی (گاڵتەو گەپ) دا بۆمان ئەگێرێتەوە . کەواتە پلکوێی تاسە بۆ (پیرەمێرد) شل بکەین کە بێ‌دەنگ لەسەر لاپەرەکانی ئەم کتێبە ئەم بەسەرهاتە نوکتەو سەرگوزشتەو بلس‌و خواسە خۆش، خۆشانەمان بۆ بگێرێتەوە ، بەم گوێ گرتنە هەم یادێکی پیرۆزی ئەکەینەوەو کەڵك‌و سوودی تەواوی لێ‌وەرئەگرین‌و هەم چاومان زمانە تەڕو پاراوەکەی باوك و باپیرمان‌و بە ئەدەبە جێماوەکەیان وون ئەکەینەوە ؟ .

کاکەی فەللاح

کەم خور

پیاوێکی زۆر خور ڕۆژێ لە بەغدا ئەچێتە نانەواخانەیەکی سەر شەت لەگەڵ نانەوادا نرخ ئەبڕێ کەبە مجیدیەك تێری کا ، نانەوا نان ئەبرژێنێ کابرا ئەیخواو مستێ ئاوی سەرشەتی بەسەرا ئەخواتەوە ، نانەوا هەویری نامێنێو ئەو تێرناخوا ، لێی ئەپرسێ : تاکەی ئەخۆی ؟ ئەڵێ: تاخوا ئەم جۆرە ئاوەی دابێ بەسەریا بخۆمەوە منیش ئەخۆم تۆیش مەرجو بەڵێنت داوە تێرم کەی . .
نانەوا پارەکەی ئەداتەوەو ئەڵێ برۆ .

بی ئیشتیهایی

پیاوێکی هەرمنی شەوێ میوانێکی دێ ، ئێوارە هەرچی نانو چێشتێکی خوا بەوانی‌داوە میوان ئەیخواو تێر ناخوات ، نانی‌دەرو دراوسێشی بۆ ئەچنەوە هەر لووشەی دێو بەبرسیتی سەر ئەنێتەوە ، بەیانی کەهەڵدەستێ ئەڵێ : ئەچمە سەر (پیری‌شەوکێل) مەعیدەم بەستراوە هیچم پێناخورێ بەڵکو ئیشتهام بکرێتەوە .
خانەخوێیەکەش ئەڵێ : وەك دوعا بۆ خۆت دەکەی ئەدوعایەکیش بۆ من بکە ، ئەڵێ : دوعای چی بۆتۆ بکەم ؟ ئەڵێ بلێ یاپیری شەوکێل ! جارێکی تر ئەم میوانە ڕێی نەکەوێتەوە ماڵی ئێمە .

جلـــدروو

یەکێ کە ئەیزانی وەستا حەمەسەعیدی خەیات زۆر درەنگ‌جل

ەواو ئەکات ئەچێتە لای وەستا ! هاتووم دەستێ جل بۆ کوڕە بچکۆلەکەم بکەم • وەستاش ئەڵێت : بەسەرچاو کوڕەکەت بێرە بائەندازەی بگرم • کابرا ئەڵێ : نا ، هیچ پێویست ناکـا کوڕەکەم بێت ، تۆبێنە بەقەدخۆم بیبڕە تائەواوی ئەکەی کوڕەکەم گەورە ئەبێت •

هونەر هونەری ئەوە

تەناف بازێك لە سنەوە هاتبوو لەسـەر تەناف یاری دەکرد ، هەندێ هونەری وای ئەنواند فەلاکەت بوو ،بیمی مل شـکانی تیابوو ئەو لەسەر تەناف ئەوەی ئەکرد ، لە خوارەوە کابرایەکی لەگەڵ بوو پێیان ئەگوت : فس فس پاڵەوان هەڵدەپەڕیو بانگی ئەکرد هونەر هونەری مەس •

رووی وەرگێراوە

مەلایەکی دێکانی رۆژێ بەجەخت ئەیگوت : نەکەن بەرەوقیلە میز بکەن کافر ئەبن • هەر بەو رۆژە خۆی لە کیوی بـەپێوە بەرەو قیلە میزی ئەکرد ، وەیزانی کەس چاوی لێ نییە ، تومەز کابرایەك لەپەنا دەوەنێکدا دانیشتبوو ماندووی بحەسێتەوە چاوی لێبوو بانگی کرد : مەلا ئەوەچی دەکەی و لەمزگەوت چیت گوت مەلایش وتی من خۆم هەر چەند رووم لەقیلەیە بـەلام رووی ئەوم وەرگێراوە، بۆیەکیش بەپێوە میز دەکەم بەلاقما هەڵنەپرژێ

بێ مەسەلەکی

مەلا ... لەبەر مزگەوتی مەلا ئەوڵای رەش فوتابخانەی دانابوو ریشی ماش‌و برنج بوو ، ژنی نەهێنابوو ، سادە پەرســـت بوو ، فوتابیەکی زۆر جوانی بوو ، رۆژێ بە فوتابیەکەی گووت : بە خوا تۆ زۆر جوانی ، ئەویش وتی : ماموستا دایکم زۆر جوانە تۆبە منیش جوانم ، ئەویش ئاخێکی هەڵکێشا وتی : بیـــستووە زور شیرین‌و نازدارە خۆزگە جارێکم ئــەدی ، کوڕە بۆ دایکی گێڕایەوە ، دایکەکەی زۆر خۆش مەشرەب بوو وتی : بـــەیانی ئەچمە ماڵە دراوسێ نان‌ئەکەم پێی بڵێ‌بێت کولێرەیەکی گەرمیش بخواو ترسەیری منیش بکات،مەلا لەخۆشیانا ئەو شەوە نەسرەوت بەیانی هەندێ، مەرەکەبی لەموو سیەکانی هەڵسوو چووە ســەر تەنوور مەختوونی ئافرەتەکە بوو بوو یرە تەندووریش گەرم‌بوو ئافرەتی کرد بەدەست دەم‌و چاوی ئەسری تومەز مەرەکەبـەکەی ریشی بەعارەقەوە هەموو دەم‌و چاوی رەش کردبوو ئافرەتـەکە ئاوێنەی لە باخەڵی دەرهێناو وتی : مەلا ! جەزای بێ مەسەلەکی ئەمەیە سەیری ئاوێنەکە ،مەلاش‌دووانی رووی رەش بووەهەڵساو بێ‌وورتە چووە دەرەوە •

حەمزەی مەسرەفی بابیەم

کە رۆمی ئەم وڵاتەیان گرت پیاو ماقووڵەکانی زەمانی ئەحمەد

پاشا گیران ، لەسەر دیواری کۆنە قشلەکەو بانی مالی کـــاک ئەحمەدی شێخ چوخمەیەکیان کردبوو ، لەوێ حەبـــس بوون ، شەوێ پەنجەرە ئەشکێنن‌و باز ئەدەنـــــــە خوارەوە ، حەمزەی مەصرەف کە بایرمە پێی دەشکێ فەتاحە تیرەی پیاوی ئەیکاتــــە کۆڵ دەرباری ئەکا ، ساکەمێ ئەروا ، خۆی هەڵدەتەکێنێ دەڵێ ئلغا ! ئیتر نابێ بێ‌دڵی من بکەی وامن تۆم کڕی‌یەوە .

حەمزەش دەڵێ دامنێ‌دا . . حەیانێ کەمن تادەمرم قەرزاری تۆبم بەدەستی قوماندانێکی مەردی رۆمی لەناوچێ چاکترە .

کوونەکەی لی دەگرم

کابرایەك کەوتبوە ساڵەوە ، هەر چەند لە عومری ئەدوان ئەو خۆی بچووك ئەکردەوە . رۆژێ وتی‌یان : تۆ چەند ساڵی ؟ وتی برایەکم هەیە ۳۲ ساڵە دوو ساڵ لەمن بچووکترە ئـــەو براکەی ترم ۳۰ ساڵە پێنج ساڵ لەمن بچووك ترە . خوشکێکم هەیــــــە ئەمساڵ لەعومری ۲۵ ساڵیداداوەمانە بەشوو ، دەساڵ لەمن‌بچوکترە کورەکەم ۱۸ ساڵە ۳ ساڵ لەخۆم بچووکترە .

محمد بەگی‌حاجی رسول‌بەگ لەوێ ئەبێ‌جەواڵێك هەڵدەگرێ‌و ئەڵێ : ئێوە بیگرن ، تامن دەچم کوونەکەی لێ‌دەگرم وردە وردە خەریکە بگەرێتەوە ئەوێ .

مای بارد ئاوی پەتی‌یە

کوردێك ئەچێتە بەغدا ئەوسا ئاوی کومبابا نەبوو ، سەقا ئاوی ئەفرۆشت ئەبینێ کابرایەك گۆزەیەکی زەردی پڵ‌پڵەداری کردۆتە مل ، هەندێ گێزو گوڵنگ تێ‌خستووەو دوو جامی زەردی بەدەستەوەیەو ئەیدا بەیەکاو زرەی لێ‌دێنێ‌و هەر بانگ ئەکا : مای بارد ، مای بارد .

کابراش مەنالیکێکی ئەداتێ جامێکی بۆ تێ‌ئەکا ئەیخواتەوە ئەبینێ هەر ئاوە . ئەڵێ : برا گەل مای باردەکەی ئاوی پەتی‌یە ئەم زرنگە زرنگ‌و گێزو گوڵنگەی بۆچی‌یە ؟

خەیاڵ پڵاو چاوەڵ رحمەلاتەوە

کوردێ لەخێڵ بەجێ مابوو ، ئەچوو بوو کوێستان لەبەر کڵاوی لەژێر چاوڵێکدا تای لێ‌هاتبوو دەمی نەدەگەیشتە بەورەکەی کوێسان هاواری کرد جەوالێکم لەدەری رەشماڵ بۆ راخەن هاتە دەرەوە رووی کردە ئەسندرووێ بانگی کرد : ها . ها ئەوە رندوەکەیەتی . وەدەمیم تۆخەیچ وەدەمیم .

بارت سەنگینە منور

دزێ چووە ماڵی منورێکەوە ، بەماڵەکەدا گەڕا کاسە لەگەڵ کەسکە کروزەیەکی کەوتە گیر ، خۆ دریش نابێ بەدەستی خاڵی بێتە دەرەوە . ناچار ئەمانەی هەڵگرت‌و خاوەن ماڵ بەپێکەنینەوە بانگی کرد ، هەڵگرە ، بارت سەنگینە .

ەزەش پێ‌ووت : هەلگرینە ، هەلگرینە ، ماڵت رەنگینە •

بــــە من چی

مەلای مەزبورە رۆژێ لە گەرەکەکەیانا خەتەنە سووران بوو پلاویان ئەبەخشی‌یەوە ، دراوسێ‌یەکی لەلا دانیشتبوو سینی‌یــــەك چێشتیان هانی گەیە بەرماڵی مەلا ، دراوســـــێ‌کەی وتی : مەلا سینی‌یەکت بۆهات ، وتی بەتۆچی ؟ لە راستی‌ماڵی مەلا نەوەستا وتی : مەلا تێ‌بەرِی • وتی بەمن چی ؟

بادانـــە

نووســەرێکی میسری لەوەحیی خۆیا لەزومرەی زونی تورکەکانــدا بوو مابەینی سلطان حمید رایان کێشابوو هاتبوە ئەستەمول • لە بشکطاش ، لەعقاراتی سلطانی خانوویەکیان دابوویە تیا دادەنیشــت ئاموشوی (بەگ ئوغل) ی دەکرد لەوێ عادەتە لـــەگەڵ کجە رۆمەکانا مواسـ‌ـت دەکرا بە اصطلاحی ئەوان ناوی (بادانە) - تەپراو • خانویش کە سواخەکەی کۆن بوو بادانەی ئەکەن بـ ە فرچە تەپراوی ئەکەن • رۆژی لە ادارەی عقاراتەوە دوو وەستای لۆزەندەری مل هوور دێن دەڵێن : مســــاعدە بفەرموون هاتووین بادانە ئەکەین ، ئەویش تووڕە ئەبێ ، جنێو ئەدا ، دە‌ ان‌ئەکا ، خۆی ئەچێتە لای باشـــکاتب ئەڵێ : منتان هێناوە هەتکم ئەکەن : باشکاتب ئەڵێ : چی‌بووە ؟ لەوە زیاتر چی‌بێ ! دوو زرتە زەلام هاتوون تەکلیفی زۆر ناشیرین ئەکەن • ئەڵێ : ناشـــیرینی چی ؟

نیهایەت دای پیادەنێ : بادانە • باش کاتیش دەڵێ خۆبۆ تۆ چاکە میقرۆپ نامێنێ • ئەویش دەست ئەکا بەجوێن • باشکات بۆ گانە بەپاشا ئەڵێت • ئەویش زۆر پێ دەکەنێ •

دز

لە ماڵێکی رەمەزاندا دزێك ماڵێك ئەبرێ کە ئەچێتە کەلێن ئەبینێ هیچی تیانیە دەهۆڵە دڕاوێ ئەبێ •

دزیش بەدەستی خاڵی نایەتە دەرەوە ، ناچار دەهۆڵە دڕاوەکە ئەکاتەملی و ئەچێ ماڵێکی تر دەبڕێ ،ئەچێتە ژوورێ ، خاوەن ماڵ بەخەبەر ئەبێ تێ ی ئەخورێ : کوڕە کێ ی ؟ دزە ئەڵێ دەهۆڵ ژەنم • ئەڵێ ئەی بۆچ دەنگی دەهۆڵت نایە • ئەڵێ ئەم دەهۆڵەی من ئێستە لێ ی دەم بەیانی دەنگ ئەداتەوە •

بسم‌الله و هەی جن

مەلایەك دوو میوانی چەقاوەسوو بەزۆرە ی داگیریان کرد تێوارە نانیان هێنا هێشتا دەستیان بۆ نەبردبوو مەلا بانگی کرد قوربانە بسم‌الله بکەن ، وایش بێ من گویم لێ بێ ، یەکێکیان لە بسم‌الله تووڕە بوونانی ئەخوارد ئەویتر بسم‌الله ی کردو پاروویەکی خوارد ، دووەم پاروو دەستی درێژ کرد بەڵام دووبارە بسم‌الله ی نەکردبوو ، خانەخوێ تووند دەستی گرت وتی :لەگەڵ هەموو پاروویەکدا ئەبێ بسم‌الله بکەی ، ئەویش تووڕە بوو جێشت مایەوە بانگی کردە ژنەکەی ئەمە بەرەکەتی ناوی خوای تیایەهەڵی

گره هەر چەند چێشت لێ‌ئەنێی بۆ بەرەکەت لەگەڵ تامانەخێکی لەم چێشتەش تێکە •

بۆ سبەی ئێوارە میوانی دوایی هەموو دەرو دراوسێ‌ر ئــــەو میوانەی کەلە ماڵی مەلا لەگەڵیابووڵەتەك مەلا بانگی کرد هەریەکێ قاپێ پلاوی چەوری لەبەردەم دانان پێشی وتن نابێ ســمالله بکەن بانگ کەن هەی جن وەرن ، یەکێکیان وتی : ئابە قوربانتان بم هەر لەمەم بۆبڵێن • مەلای بەرچاو تــــەنگ شتێکی تری ئەوت برسی مامەوە • مەلایش هەڵسا توند قورقوراگەی گرت وتی : کەناتەوێ بە بسمالله نان بخۆی نایەڵم ئەم نانو چێشتەش بخۆی •

نو مانگەی تــــەواوە

پیاوێکی ساف دەروون ژنێك دەخوازێ خەســـوویەکی عەیــاری جادووکاری دەبێ هێشتا ۳ مانگ بەسەر ناچێ کچە کورێکی دەبێ زاوا شەو بەخەسووەکەی دەڵێت ماشالله ئەو کچەی تۆبە هـــەروا زوو زوو کوری بێ منیش دەبمە بەدرشان پاشـــا لـــەم خانەوا عەشیرەتێ دێنمە بەرهەم • خەسووەکەیشی ۳ مانگەی وابۆ حساب دەکا هەر مانگێکی بە ۳ ناو هەر ناوێکی بەمانگێك ئەداتە قەڵـــەم وەدەڵێ :

ئادار ، بەهار مانگی دۆ نیسان ، سەیران ، نوخشەی جۆ
ئەو مانگەی بوکیان تیا برد ئەو مانگەی کچە شووی کرد
ئەو مانگەی کوڕەی تیا بوو تەواو نۆ مانگ بەسەر چو

ئەوانەی بۆ هەوێن   سەر لە خەڵك دەشێوێنن

کابراش دەڵێ : حسابی تۆ دروستە ٠

بەڵام یاخوا هەر لەم مانگانەدا زکی پڕبێ نەك ئەساوی مانگەکانی ترت وابۆ رێك نەکەوێ ٠

لـــە ئەستەمول خەو بینین

لە ئەستەمول لە زەمانی پارتی اتحادیو ائتلافیدا هەر حزبێك بهانایەتە سەرکار دەستەی خۆی دادەمەزراند ٠

ائتلافچی زۆرتریان متقاعدی عەسکەری بوون ، چونکو صادق بەگ میر ئالای متقاعد بوو ، بەگێ لەمانە شەوێ لەخەویا دەبینێ هەرچی متقاعدە عەسکەریەکان بوو خۆمانە خۆمانە بوون بە قائمقام ٠ ئەویش ئەچێ دەڵێ : پاشێ منادی بەیرچووبێ ؟ حر من خۆم گەلێ لەوانە بەزیاتر ئەزانم کەبوون بە قائمقام ٠

صادق بەگیش دەڵێ : ئاخر ئەمە خۆ بەرباد زانسەیە بۆی حەسد دواوە ٠ ئێستاش تەنها لەولایتی موصلدادوو قائمقامی ماوە ئەگەر رەزایت بۆ رەوانەدەزت بنێرین ٠ ناچار رەزا دەبێو ارادەی بۆ دەردەکەنو دەڵێ ئەمرەکە بدەن بەخۆم بیبەم ٠ شەریف بەگ مدیری مەئمورەکان ئاشنای ئەبێ ئەمرەکە ئەدا بەخۆیوەدەکەوێتە رێ لەخۆشیانا خەبەری دەبێتەوە دەستی تەکوتێ لەباخەڵی ئەمری تاتیەیە گورج چاوی لێكدەنێوبەزندەخەو دەچێتەوە لای شەریف بەگ دەڵێ : اەرێی خوادا ئەمرەکەم لێگوم بووە وامن ئەرۆم

خۆتان ئەمجارە بەپۆپەدا ببیرن

کەرو هەڵبەرین

تازە چووبوینە ئەستەموڵ جارێکیان بردیانە جامبازخانەی ئەسپ کەئەوێ قومپانیای وارینە حەیوانانی رام کردبوو، ئەنواعی هونەری بەحەیوانانی کێوی وماڵی دەکرد : گورگ پووشی بۆمەڕ ئەبرد ، سەگ خزمەتی پشیلەی ئەکرد •

ئەمانە هیچیانم لاسەیر نەبوو ، تەنها گوێ درێژم لا عجائب بوو کە هەڵدەپەڕی • ئەیان هێنایە صحنەوە لەگەڵ لە دومبەڵەکان ئەدانەو چوار پێی و سێ پێی هەڵدەپەڕی • وتیان : ئەمەلەوحی ئاسنیان هێناوە لەژێرەوە وەك بەردی حەمام ئاگریان داوە داخ بووە سمی گوێ درێژەکەیان تاشیوە ناسك بۆتەوە ئنجا بەزۆر کردویانەتە سەر ئاسنە داخەکە لە دومبەڵەکیان داوە ئەتاو ئاگری ژێر سمی دەستی کردوە بەهەڵبەرکێ ئێستا هەر چەند دەنگی دومبەڵەك دەبە وادەزانێ ژێر سمی ئاگرە فێربووە هەڵدەبەرێ• کەئەمەیان بۆ گێرامەوە وتم : سبحان الله گوێ درێژ بەکەرێتی خۆیەوە جارێ پێی سووتاوە ئێستاش بۆی هەڵدەبەرێ ، ئێمە سەرشمان سووتاوە خێراتر بەرەوپیری دەچین •

بابای عەیار

لەئەسکندەر نامەدا زۆر پارە خۆشەویست بووە،هەموو پادشاهان بە روح لە بابا عەیار ترساون •

پاڵەوانێکی ئەسکەندەریش ئەبێ قەیماس خانی زەنگی ناو ئەبێ بابا حەزی لێ ناکا . جارێکیان بابا دەکەوێتە دەریـــاوە نقوم دەبێ نادۆزرێتەوە . وادەزانن مردووە . ماڵی خۆی سێ رۆژگانـــەی بۆدەکەن . قەیماس خانیش زۆر ئەخوا پێ بەکۆلەکەی چادرەکەوە هەڵدەپەسێرێ و سکی بێ خاڵی دەکاتەوە و ئەڵێ : بەرۆحی بـابـا بابایش بەگۆڕینی قیافەت بەناو ئۆردوگادا ئـــەگەڕێ بزانێ کێ بەتەنگیەوە دێت . کەقەیماس خان بەوشێوەیە دەبینێ بێ هۆشـــی دەکاو ئەیباتە دوور بەدارێکدا سـەرەو خوار هەڵی ئـــەواسێ و ئەیهێنێتەوە هۆشی خۆی و لێی ئەداو ئەپرسێ تۆ کێی ؟ ئەڵێ : رۆحی بابام . ئەڵێ : بۆخاتری خوا هەرچیم هەیە بۆتۆ لەســـەر لوقمە نانێ مەمکوژە .

حەبیب هەورامی

لە ئەستەموڵ هاوشاریەکمان بووحەبیب هـــەورامی یان پێ دەگوت لەبدستاندا گۆشە دوکانێکی بوو چشتی ئەنتیکەی کۆنەی تیا دانا بوو .

تفەنگی فتیل و چەقماقی بەرەوەج و ســـارمەو شەمەمخان و قەرەبینا تەپلە کۆنی هەورامان و دیزە و گلێنەی مەو ئەورووپایی ئـــەهات بۆ سەیر لێیان ئەکری . خۆی مەچشت و مەکەکانی ئـــەنتیکـــ تر بوو .

ئنجا بەرۆژ دراوسێکانی گاڵتەیان پێ ئەکرد ، ئـــەویش نوو

ـەبوو جنێوی ئەدا ، وای لێ‌هاتبوو لەبەر شەرە جنێوەیچی پێ ئەدە
فرۆشرا • رەمزی بەگی کوری بیرم افندی خۆمان (یادی بەخێر)
تولاغاسی بوو ، کرا بە قومیسەری بەدستان ، رۆژێ چوومە لای
حالی حبیب هەورامیم دی ، ئەم هەموو جنێوەی پێ‌ئەدەن زۆرم لا
گران بوو بەرەمزیم گوت : تەمێ‌یان بکە دەیرو دراوسێ باتەمەندە
ـەری ئەخەنە سەر ، ئەویش رجای لە دوکاندارەکان کرد وازی
لێ بێنن هەموو یەکسەر گفتیان دا کە ئیتر نەی‌دوێنن ، بەیانی کە
دێتە دوکان بەعادەتی رۆژان بەدەورو پشتی خۆیا ئەگەڕێ کەس
جوابی نادانەوەهیچ‌کەس خۆی‌تێ‌ناکەیەنێ • ئارامو ئۆقرەی لەبەر
ئەبڕێ ناتوانێ لەبەر خۆیەوە ئەی‌ریسی‌و جنێو ئەدا لـــــە هیچ
لایەکەوە وورتە نی‌یە کار ئەکاتە سەر جەرگی‌هدوکان ئەپێچێنەوە
ئەچێتە ماڵەوە یەك تەختە لێی دەکەوێ • ژنەکەی دەپرســـێ
ئاغا ئەوە چیە ؟ ئەڵێ : هاوشاریەکانم کوشتمیان • خوێری‌یەکمان
کەوتۆتە مەجلیسی شهر أمانتی‌ئەوێی کردبەگاڵتەخانەو بدستایەشی
ئەمن نیواند ، لەگەڵ دراوسێ‌کانمدا دوو گاڵتەو سوحبەتم ئەکرد
ئیستا بەرەمزی‌یە دربزی وتوە (بویقوتاژ) قروقەپیان لێ‌کردووم ،
هیچ کەس مەرحەبام لێ ناکات منیش وا خەریکە لە داخانا ئەمرم
ژنەکەی چووبوە ماڵی رەمزی زۆری لێ پاڕابووەوە کە هەموو
رۆژێ تێر جنێو بەمێردەکەی بدەن باتەمدا لەدڵ •

زاوای نـیرمووك

لە هەڵبەستی مەلا کەریمی ناطق و دەستکاری پیرەمێرد

قەڵەم ئینشا کەین . . .   بۆم وەرە جونبوش قەڵەم ئینشا کەین
بێ پەردە کەشفی پەردەی زاواکەین   بۆیاران پەردەی شایی بەرپاکەین
شەرحی زاوایی فلان ئاغا کەین

چەندێ وەك ڕێوی کوناو کونی کرد
خۆی تاس و نووسدا سەودای ژنی کرد
مەیلی جەوەندەی کون نەبنی کرد   وەك تەگەمرقەی سەریزنی کرد
کەچی پیاوەنی لێ کەوت و نەی کرد

بووکیان بۆ هێنا کردیانە پەردە   برا زاوایان لێ کرد بە جەردە
بەربووکیان دەرکرد بۆ ئەو نامەردە   هۆدەکە پڕبوو لەبگرمو بەردە
بووکێ تێگەیشت ئاسنی سەردە

ئاغا هات چاکی کرد بەکەمەردا   شمشێرە کولەی لەڕووی سوپەردا
تانجی نەکوژی لەنێچیربەردا   نەی بڕیوەنەی کوشت کێشای بەسەردا
کەوتە پەلە پەل تا ورەی بەردا

بانگمان کرد ئاغا: عارت بێ زووکە   شەرمی توانجی دایك و خەسووکە
بەدرۆ وتی: گوناهی بووکە   بووك وتی بەخوا خۆی نێرمووکە
نەگینە بۆ پیاو کارێکی سووکە

دەماری حیزەو وجودی سڕە   وەك دەفەی بێژنگ پاشەڵی سڕە
کەمەری شلەو دەماغی وڕە   بەیان پاتۆکێی ژنانە خڕە
لای بەن تلەموێ ئەم مشتو مڕە

مەگەر لەدواوە هێزیکی بەنێ   بەبێ لوورە لەپ مەشکە ناژەنێ
هەموو هەڵەبجە بەوێ ئەکەنێ   وەرن بییەنە سەر قاضیبەنێ
ئەم لاکە بەسەر مندا نەکەنێ

شێخ شەمسەی واژەیی

شێخ شەمسەی واژە هەموو ساڵی هەر رەزێ‌بارێ ترێی لێ ئەسەند ئەیکرد بەمێوژ زستانان ئەیەشیەوە بەسەر منالاندا • رۆژێ کابرایەك دێتە سەر مشتاخەکە دەست‌ئەکا بە لۆتە خواردن • شێخ ئەڵێ :خۆ بارە ترێی تۆی تیا نییە بۆچ ئەیخۆی ؟ کابرایش ئەڵێ : ئەگەر بت توانیایە بارە ترێم لێ بسێنی چۆن وا بێ پرس ئەهاتمە سەر مشتاخەکەت • مەمنون بن کە هەر ئەمە ئەخۆم •

ئەمجا شێخ ئەفەرموێ بخۆ بخۆ بخۆ • هرخوردنی • دارد •

لە زمانی تورکەکانا سلیمانی

لەزمانی رۆمیدا ئەم شاری سلیمانییە بەهاران چوار جار سەیرانی دەکرد ، هەر گەرەکی خێوەتی لە شوێنێ هەڵەدا ئەو سێ گەرەکەی کەی بانگ ئەکردەقالەی مزرۆکە بوو ماستاوفرۆش پیاوێکی جەربەزەی ناودار ئەوە حوکمداری سەیزانەکان بووە حاجی محمود لیلی دەستێ جلی زەزبەفتی بۆ دروو‌بوو ، مەحمودی خەفتان چیش کڵاوو خوودەو فۆتەی ئەحمەد پاشای دابوویە تەختێکیان بۆ نابووە سەرشانی چوار پاڵەوان لەسەر تەخت بە

جۆکا هاتبوو ، لەشکرو سوپای سوارەو پیادە بەتفەنگەوە لەدواوە پاڵەوانان بەمیل بازی لەپێش دەمیەوە بە کەش‌وفش لە بەردەرگی سەراوە تێدەپەڕی‌و دەچوە خەیمـــەو خەرگای سلطنت‌و لـەوێ مجلسی پیاو ماقوڵان لە دەوری •

خوا لێی خۆش بێت ئەحمەدی عەزیزی ئاغا یەکە پیاوو رئیسی بلدیە بوو ئەو ئەم ئارایشەی پێ‌ئەدا • ئینجا یەکە بـەیەکە مەئمورەکان ناچار ئەبوون حسابی خۆیان بدەنە قاضی لــە ماوەی ساڵێکدا هەرچی کردبوو قالەی مزرۆکە ئەزانێ ئەیکووتایەوە بـە چاوپاو جەریمەی (سزا) ئەکرد •

احمد باشچاوش یەکەئەندامی مجلس ادارە بوو ، متصرف‌ئەگەر ناحەقی لە کەسێك بکردایە خەتای ئەخستە سەر ئەنـدامەکان کە بۆچی دەنگتان نەکردووە؟ وەسمان بەگی طابور ئاغاسی جەریمە ئەکردو سیورسانێکی زۆر دەسەندو تەمێ‌و نمـەقێکی باشی‌دەکردو تەئسیری بۆ ساڵێك دەبوو • لەوە زیاتر دەترسان •

جارێکیان اوضاغا (بەزەحمەت شادبێ) وتی : تۆ ئــەم هەموو خەڵکەت سەرکوت کردو سەرانەت لێ‌سەندن بۆچ بەئەحمەدی‌برام نـــاوێری ؟ •

وتی : ئاغا ! من ماستاو فرۆش‌و زڕە بازار ئاغاسی
ناچار لە راستی ئەو کەوتوومە کەساسی

صوفی جەمشیدی خانەقای مەحوی

مەرحوم (مەحوی) بەناوبانگ کەئاثاری فضلی بـــەهیچ مەحو نابێتەوە مجەورێکی ئەبێ ناوی صۆفی جەمشـید ئەبێ ، چەن ســـاڵ لە خانەقادا ئەبێ (مەحوی) نەقسەیەکی راستی لێ‌ئەبیەو نەکردمـ وەیەکی باشی لێ‌ئەبینی • شەوێکی زســــتان زۆر تاریك ، شێخ ئەرواتەوە بۆ ماڵەوە لە تاریکیدا تووشی زەلامێك ئەبێ لێ‌ی‌دەپرسێ تۆ کێ‌ی ؟ ئەڵی صوفی جەمشیدم مەحوی ئەفەندی توونـــد قۆڵی ئەگرێ ، ئەگەرێتەوە بۆ خانەقا ، لە جەماعەت ئەپرسێ : ئەمەکێ‌یە ئەڵێن : قوربان بۆچ نایناسی مجەورەکەی مزگەوتە • ئـەفەرموی : ئەم پیاوە ١٢ ساڵە لەلای منە هێشتا قسەیەکی راستم لێ نەدیوە • ئێستا چۆن باوەڕ بکەم ئەم قسەیە بەراستی بکات بڵێ منجەمشیدم مەلا خالدی کوڕی ئەڵی: بابە ئەوەلەبەر تاریکیدا لێت‌پرسوەپیشەی خۆی لێ‌گوم بووە ، ئێستا لەبەر ئەم رووناکی‌یەدا لێ‌ی پرسـە : ئەڵی صوفی محمودم •

بــە ئەستێرەدا

کابرایەك ، بۆ نەگبەتی بە تێگەیشتوی ئـەزانن ، بە سـەیران لەگەڵ خۆیان ئەیبەن بۆ شەقلاوە ، شەوێ کەدادەنیشن یەکێ‌ئەڵێ هەوای ئێرە لە سلیمانی خۆشترە ، ئەو ئەڵێ : من ئێرەو هەولێرو سلیمانی بەیەك هەوا دەزانم • چونکو هەر ئەستێرەیەك لەسلیمانیم دیوە لە هەولێرو شەقلاوایشم وەك خۆی دیوە نـەگۆڕاوە کەوابێ

هەوڵیشیان یەکە ٠

مـەلای مەزبوورە

مەلای مەزبوورە رۆژێ لەسەر ئاوێکی وەك ســیروان دەبێ دە کوێر وەستاون بیان پەڕێنێتەوە،ئەڵێ : من ئەتان پەڕێنمەوەپیاوی ئانەیەکم بدەنێ ٠ کەئەیان پەڕێنێتەوە یەکێکیان دەکەوێتەئاوەکەوەو دەخنکێ ، خەریك ئەبن لێ‌ی‌دەن ، ئەڵێ مردوتان مرێ یەکێکتان لێ کەم‌بوەوە بۆ ئێوە باشە ئێوەش ئانەیەك کەمتر بدەن ٠

قــەرزاری

کابرایەکی زۆر زل‌و چەنەوڵی وەك دێو بەقەرەداخ فێر بووبوو هەموو ساڵێ کەلەگەڵ ئێلدا گەرمیان‌و کوێستانی دەکرد سەرانەی لێ ئەسەندن پیاوێ تەگبیری بۆ کردن وتی : بابەناوی قـەرزەوە کەوایەکی بدەنێ‌ئیتر نایەتەوە سەرمان‌بەراستی هەرکەناوی قەرزیان لێ‌هێنا ئیتر جارێکی تر رووی نەکردەوە ئەوێ ٠

حوجرەکەی مـەلا حـسینە گۆجەی رەحمەتی

لە حوجرەی مەلاحسینە گۆجەی رەحمەتی ئەم‌خوێند زۆر توونددو قەمچی وەشێن بوو ٠ لەگەڵ دەهاتە ژوورەوە قەمچی‌یەکی کێرە فیلی بوو بەرێز دای ئەپلۆستین لە ترسانا ئەمانکردە قریوە رۆژێ منداڵەکان کەسـەر مەلامان حەمەگۆجی‌هۆمەرە کوێر بوو تەگبیر بار کرد کە دەرزی سنجاقی بۆ داچەقێنن ٠ دەرزی سنجاقیان ئـەهێنا بە (لوك)ی ئاڵ سەریان خڕ ئەکرد زنان ئەیاندا لـــە پووشینی

سەریان کەقەدی تێك نەچێ .

من ڕۆژی ۲۰ پوولم بوو ئەو ڕۆژە دە پوولم لای دۆمەژن دابە سنجاق هێنام ، مامۆستا کەوڵو پۆستێکی مەرەزی بوو لەسەری دادەنیشت ، خەلیفە حەمە سجاقی هێنا لەدیوی ژێرەوە لە کەوڵ پۆستی هەڵچەقاند لە دیوە تیسکەکەی سەری هاتەدەرێ .

مامۆستا هات خواو ڕاستان ئەو ڕۆژە نەخۆش بوو بەنکەنك خۆیدا بەسەر کەوڵو پۆستا کە چریکەیەکی کرد ئێمە بە جارێ لەترسا ڕاست بووینەوە سەرپێو بەو هاوارەوە کەزانی ئەمە کەتنی ئێمەیە دەستی کرد بەجنێودانو ئێمە ڕامان کرد بەرەکە ت ۱۰ دەرزی بەجێی خراپیا چوو بوو نەیتوانی شوێنمان کەوێ .

ئێستا هەموو وردەئەفەندیەکان ئەو عەقڵەیان نییە .

بازو چۆلەکە ، یاری منالآن

هەلوور بلوور کە بەریزدادەنیشنو لاقیان درێژ دەکەنیەکێکیان سەرمەلایە نووڵیك هەڵدەگرێو بەریز پیایانا دێ :

هەلوو بلوور تەکامە سەوزو سوورو شەمامە
کلكدارو بێ کلك کامە

قارتی بەرە ، لەجێ زرە ، بۆم بزەرە ، پێ لابەرە

ئەمجا بەکە یەکە پێ لادەبەنو هەڵدەستن ، هەڵدەبەڕن ، بانگ دەکەن : کێچێ ماڵی میران خواردینی ، ئەوی بەخت هێشتیەوە دەستێکی بەپێوە دەبەستن بەکلکەی دەدەن ، (کلك)ی پیادەکێشن

ئەلێن : بەنانە سووتاوێکمان ناوێ بزانین لێرە کێیە •

یاری زل حورتەکان – بابی ، بابی

دوو کەس ئەبەنە سەر وەستا ، ئەوانی تر جووتە جووتەدەچنە لاوە ناو ئەخۆیان ئەنێن یەکێ شیر ، یەکێ تیر ، دوانی تر یەکێ مارە ، یەکێ مارە ، دێنە بەردەمی وەستاکان‌و بانگ دەکەن : هەبا هەیا • من واتێ‌دەگەم هیا عەرەبی‌یە • وەستا دەڵێ منکم هیا • دەڵێن : مارتان دەوێ ، یان‌مار ؟ یەکی یەکێکیان‌هەڵدەبژێرن‌دوایی بەردێکی تەنك دێنن دیوێکی تەڕ دەکەن ، یەکێ وشکی دەوێ تەڕ هەڵی ئەدەن بەهەوادا • ئینجا کار دەکەوێتە بەخت‌و شانسی لایەکیان تێ‌دەکەوێ ، یەعنی دەکەوێتە ژێرەوە ، ئەولا سواریان دەبن ، جارێ وەستا دەڵێ : وڵاختان ناڵ‌کەن بۆ شەڕی ناڵپارێز ، هەرکەس بێ‌ی وڵاخی خۆی هەڵدەبڕێ ناڵی دەکا بەت پەتی‌یەکی زۆریان پێ‌دەکەن دەرۆن تووشی هەرکەس هاتن دەپرسن : سوار سوارێ یان کەر ؟ ئەگەر وتی : کەر سوار بێ ناچارن ئەوانە وەك کەر لە ژێرەوەیە سەردەکەوێ سوار دەبێ •

ئەسپەکەی درویش أفندی

درویش أفندی لطف‌الله لە هەڵەبجە باشکاتب بوو ئەسپێکی‌درێژ داهۆڵی لە شیروان کەمالەیی کڕی بوو لەتەویلەی أوضا بەیەکی کاتب فارسی‌دا دەبەسترایەوە ، ئەسپەکەی ناو نابوو ، (بـ • •) هەرچی هەڵدەستا سواری دەبوو ، وای لێ‌هات کلکیان رادەکێشا

نەدەجوولا ، ناچار هێنایەوە لای خۆی کەتێر بوو هەچی بەلا ـــا دەچوو جووتەی تێئەسرەواند ، زۆرتر لەوانەیشــی کە خزمەتیان کردبوو

ئەو زەمانە شیعری تورکی بــاو بوو مصرعێکی ضیاء پاشـــایان خوێنـــدەوە :

(ئەسپی مەند جووتەی پرەو لــە پرە)

بـــازو کەو

لەناو هەموو باڵندەدا جاردرا، دەورە دەوری مەهدیەمشروطیت کەوتە ناو جانەوەرانەوە ، گورگ‌و مەڕ بەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە

باز هات بەلای کەوەوە وتی : دەمێکە حەسرەت بە دیدارتم تۆ لەمن گوریز دەکەی وەرە پێکەوە بژێین ، کەو وتی : چۆن باوەڕ بکەم ؟ جنسی تێوە بە گۆشتی ئێمە پەروەردە ئەبن •

باز وتی : باوەر بکە • کەو چەندی خزمەتی کرد شەوی بــاز برسی بوو رووی کردە کەو وتی : برایەتی وادەبێ خۆت‌لەبــەر سێبەرو من لەبەر هەتاو دادەنێیت • کەو وتی قوربان ئەمە شەوە هەتاو کوا ؟ باز وتی های بەدرۆم دەخەیەوە چنگێکی لێ‌گـیر کرد کەو کەوتە باڵەفرە ، باز هەڵی‌گرت هات بفرێ ئاگای لەوەنەبوو کە دەستی عەدالەت تەڵەی تۆڵەی بۆناوەتەوە پێوە بوو • ئەویش‌بە جەزای بەد عەهدی خۆی گەیشت •

بــــه روره ملی

له ئه‌سه‌مول کچیکی به‌شه‌ره‌فم ده‌ناسی خوێنده‌وار بوو هه‌رچی کرده‌وه‌ی شیرین بوو بووی : عودو که‌مان‌و پیانوو حه‌زیان لـــه‌و ده‌گه خۆشه بابه‌ی کردبوو به ره‌ویه‌ی ده‌وری جاهلی ئه‌و کچه نازداره بێهاوتایه‌یان داوه به یه‌کیکی تورەو ته‌وه‌زل‌و ناشیرین‌وه‌!! کووبه‌ڵه‌ی گووزاڵك ئه‌مه جی‌یه ده‌سته‌ی اتحادچی کردبوویان به میمونی عسیر ، کچه ده‌سته‌ڵاتی نه‌بوو ناچار که‌تنی پێکرابوودوای سێ رۆژ پێیان وتبو : هه‌ڵـــه وسڵ بکه . ده‌ڵێ به‌بێ ئـاره‌زوو ده‌سته‌ڵاتی من‌سواره بوون هێشتا من وسڵ بکه‌م .

شیخانی خومــــان

چل ساڵ له‌مه‌وپێش شیخانی خۆمان تجلابـــه‌کیان بۆ رێکه‌وت به فلکیان ئاوت : ولك . ئێستا چۆن بابای باوه ، ئه‌وسا نــــه‌ك ته‌نها له عیراقدا ، له‌رۆمیشدا بــــه‌رزنجه‌یی باوبوو . چاوی چنگن کاری لێ‌کردن له‌ناو خۆیانا تێك هه‌ڵچوون ، پیاوه ناوداره‌کانیــان بردنه موصل شالیاریش له خزمه‌تیانا ۱۳ مانگ ماینه‌وه به‌شه‌ونوێژو پارانـــــه‌وه‌و داوێن گرتنی نبی یونس‌و نبی شیت‌و نبی جرجیس رزگار نه‌بوون .

مه‌لا کوێره‌ی پیاوی شێخ‌احمدی پلاوخۆرمان له‌لابوو ، فهیمه‌ی حمکوێش دراوسێمان بوو ، چوو له فهیمه پارایه‌وه دوعـای بۆ بکا ، فهیمه‌ ، خستیه شه‌وێکی زۆر به‌ئاهه‌نگ‌و دوعـای بۆ کردو

وتیشی ـ سێ ڕۆژی تر ئەڕۆنەوە هیچ سەرەتایەکیشی نەبوو لەپاش سێ ڕۆژە بەهیمەتی فهیمە هاتەوە •

جـ ا مەلا ئەیگوت ئا باوکم ئەولادی کاك احمد بەهمەتی فهیمە رزگار ئەبن • دەست لە کاری خوا مەدەن کاشکە فهیمەی حمکۆ ووماییـــە •

قالـــەی پیـاوی قاضی

پێش شکیلاتی عدلیە هەر قاضی باوی بوو ، قالەیەك دەمرباتی قاضیان بوو ، جار جار کە پارەی نەبوایە لەبەر قاپی محکمەیەکیکی گێژۆکەی پارەداری دەگرت ئـــەیگوت هەرچی اعـــلامی هویت وەرنەگرێو اثباتی نەکا ئەو کەسەیە نایەڵن بچێتەوە ماڵی خۆی بەڵکوو ئەو نەبێ ، کابرا هاواری دەکرد : باوکم هەموو دراوسێو گەڕەك ئەمناسن ژنە کوێتم خۆی ئەمناسێ ، خێر ئیللا ئەشیارەسمی اعلامی بدایە ئنجا ئەیانهیشت بچێتەوە ماڵ •

لەپاش قەرنێك کەئەڵێن تأریخ عبارەتە لە تکرر عەینی مادەهاتۆتە ناو : هەندێ وەرەقەی هویت لە منداڵەکانمان داوا ئەکەن لـــەوە نازدار تر ، چشتی ئەوتۆ دەپرسنو شاهیدو شاهد کاری لەســـەر چشتی وا داوا ئەکەن ئینسان رووی نایە بینووسێ • خۆزگەخۆیان تێدەگەیشتن ئەمە چی‌یە ؟

هارون الرشید و بــەربــەر باشی

پادشاهانی پێشوو بۆ هەموو پیشخزمەتان ناوێکیان دانـــابوو :

قەندەدارێ باش دەست شۆر ، خفتانچی ، بەربەر باشی ، مهردارو کیرد کی •

هارون الرشیدیش دەلاکێکی بوو هەر خۆی حســـاب بوو • رۆژێ باریدار ئەکرێ کابرای لادێی ناری بۆئەخا دەلاك باشی ئەڵێ : کورتانی ئەوزەکەیش هی مە ، چونکو من هەرچی بـــە کەرەکەوەیە ئەوەم کڕیوە کابرا دادئەکا پێـداد ئەکا کەس لێی نابیەت ، شکات ئەکا ناپرسن ، ئەچیتە لای خەلیفە ، خەلیفەقسەی دەلاکی لاخۆش دێ ، دەڵێ تۆ هـــەرچی بــەکەرەوەوە بووە فرۆ شتووتە ، کابرا دێتەوە دەڵێ : بابە پارەی بارە دارەکەم ناوێ بەشەرتێ ئەمە خۆمو رەفیقەکەم سەرمان لـەماڵی خەلیفەدا بتاشـی دەلاك دەڵێ : زۆر باشە ، ئەیانبەم لەوێ یەکی لایەکی سەریان •تاشمو دەیانبەمە بەردەمی خەلیفە گاڵتەیان پێدەکەم خەلیفەلێی خۆش دێ بەخشیشم ئەدانێ •

کابرا بە دەلاك دەڵێ : تۆ برۆ بۆ ماڵی خەلیفە منیش رەفقەکەم دێنمو دێم • دەلاك دەچێتە ماڵی خەلیفـەو کابرایش کەرەکەی دەباتە بەردەمی خەلیفە دەڵێ : قوربان شەرتمان وابە دەلاك باشی لە حضوری ئێوەدا سەری خۆمو ئەم رەفیقەم بتاشێو بەو صابونەش کەسەری مشتەری یەعنی ئێوەی پێ دەخوسێنی لەشـی کەرەکەمی پێ بخوسێنێ • خەلیفە زۆری پێخۆش ئەبێ ئەمر ئەکا بەدەلاك باشی شەرتت بەجێ بهێنە گۆیت پێتۆ بەو دەڵێی • دارم ـــــە

گورتانەوە گرپوە ئەویش دەلێ : رەفیقی من کەرە • لــەجێی سندان قوزەلقورتە •

ئەچێ تەلاقەکەی چاك ئەکاتەوە

سەردەمێ شطرنجودامە لە هەموو رووی زەمیندا باو بوو،سلطان عبدالعزیز مەراقی زۆری دامەی بــوو، ئێرەش دامە زانی چــاکی تیا بوو ، لە هەموویان وەستاتر مارفی بابە بوو ، عەلی جزار بەگی قائمقامی عەسکەری ئێواران بانگی ئــەکردو دامەزانــەکانی لێ کۆئەکردەوە بە هەموویان دەرەقەتی نەدەهاتن •

لە وەزیرە کۆنەکانی عوسمانی منیف پاشا رسالــەیــەکی بۆ شطرنجو دامە تألیف کردبوو ، کە دوو خصم بەرابەری یــەك چۆن مبارزەو مصاحبەو ملاعبە دەکەن ؟ ئەوانی سەیرکەرن ئەبێ تەنها سەیر بکەن‌و قسە نەکەن ، بەلام ئەو ئادابە لە کوورەی‌ئێمەدا جۆشی نەدەخوارد : وەك ئیستا کە کەسێ‌یاری دەکا لــە هەموو لایەکەوە هەلئەدەنێ ، ئەوساش یەك سووینە بوون هیچ‌نەئــەوەستان قسەیان ئەکرد ، أوضا پالەوان بوو کە حاجی مەحمود ئاغــــای رەحمەتی ئەیوت : (دامەنەزان سەعات پێش‌و پێش) هەرچی‌لێی تووڕە بوپتایە بێ‌فائدە قسەی هەر ئەکرد • رۆژێکیان نەیانهێشت سەیر بکات تا طەلاقی خوارد قسە نەکا ، لەو ئانەدا یاری‌یــەکێ هەلکەوت هەستایە سەرپێ وتی : دەویت تۆ ئەم یاری‌یە بکە وامن ئەچم لای مەلا طەلاقەکەم چاك ئەکەمەوە •

ئەم ناوە کەرێژراوە ئێستاش پێی لێ ئەخەن •

بەزمی مەلا سەعیدو کەنیشتەی جوولەکە

خوا ببەخشێ مەلا سەعدی خۆمان کەنوکەزان‌و خۆش صوحبەت‌و خۆش خولق‌و جوان مەردو دڵسۆزی عالەم بوو لە هەڵەبجە میوانی من بوو، ئەوسایشە مەحمود پاشا خەریکی رۆیین بوو ، قەرزو قۆڵەی ئەسەندەوە ، جوولەکەیەکیش پەنجا تران قەرزاری بوو نەیبو بیداتەوە خۆی کوتابووە ماڵی ئێمە پەنامان دابوو • مەلا سەعیدیش ئەو حیکایەتی پێدەکرد • شەوێ لێی پرسی : تۆ ئەچیتە کەنیشتە ؟ ئەڵێ : لە کەنیشتە جێی من لە پێشەوەیە چونکو باوکم مالووم بوو • ئەویش دەڵێ : وەرە جێگاکەی باوکم پێبفرۆشە من قەرزی پاشات بۆ ئەدەمەوە • ئەویش ئەڵێ : هەزار جار • بەیانی چوینە خزمەت محمود پاشاو قەرزی جووەمان رێبەرێ کردو هاتنە لای قاضی کەمەلا ئەحمەد رەشی کۆیە بوو (یادی بەخێر) درویش ئەفەندی لطف‌الله افندی باشکاتب بوو • وتمان : ئەم جووە جێ کەنیشتەی خۆی بە مەلا سەعید فرۆشتوە اعلامێکمان ئەوێ • قاضی وتی : چۆن چشتی وا ئەووسرێ ؟ موسڵمان چۆن جائیزە بچێتە کەنیشتە • درویش ئەفەندی وتی : قاضی افندی خۆ شەرت نییە خۆی بەڵکوو بە دڵی‌یا چێ ،خێر قاضی رازی نەبوو ، فەتاح سەرشین کەبە قانونی استدادی پێشینان چاوێکیان هەڵکۆڵی‌بوو لە هەڵەبجە قاوەخانەی

داناېو لەپڕ هەردوو هیلکەی گونی، قاضی گرت تانەبگوت : باشکاتب ئامان بۆی بنووسە ، بەری‌نەدا اعلاممان دەرکردو چوینە خزمەت وەسمان پاشا ، کە قائمقام بوو عەرضمان کرد رەئیسی بەلەدیـەمان بەرەو روو بخەرەوە هەچیمان بوێ بۆمان بکا • عەزیزی زاوای میرزا اوضارئیس بەلەدیە بوو دەهۆڵو زوڕنای بۆ حـازر کردین لەگەڵ دەهۆڵ لێدرا تەوەندە خەڵك کۆبووەوە رێ بـەر ڕێبوار نەئەکەوت • سەگێکی گەریان پەیدا کرد ، پەتیان خستە مل ، مەلا سەعید وتی : من گوناهکاری ئوممەتی محمدم ئەمە بە وەکیـلی خۆم ئەینێرمە کەنیشتە لەو شوێنە کەبە اعلام مولکمە عیبادەتم بۆ بکا جوولەکە هاواریان تێکەوت ، دەخیل وەسمان پاشاو خانم‌بوون تا بە پێنج سەد قران مەلا سەعیدمان رەزا کرد قیر سپی بوو •

مەلا سەعیدیش پەنجا قرانەکەی خۆی هەڵگرتو باقی دابـە فەتاح سەرشین چاپخانەکەی پێ رێك‌خست •

شیخێکی بەرماڵو کابرایەکی مریـد

شێخێکی بەرماڵ ، بەرماڵو شت ماڵی پڕئەبێ لەمریدو دیاری‌و ناوبانگی ولایەت‌و کەرامەتی بەهەموو لایەکدا دزوا • کابرایەکیش ماڵ‌و منداڵ بەجێ دەهێڵێ هەڵدەستێ دەچێتە خزمەت شێخ بەپایە بکا خۆی دەخاتە کەمەندەوە • ئیتر ئەو کەمەندە ئەبێ لـــەلاقی، نەئاڵی‌و گیرۆدە دەبێ • جار جار خەبەری بۆ دێنن یـا بـــاوکی، مردووە ، یا منداڵی مردووە گوێ ناداتێ ، نیهایەت دەڵێن :

ژنەکەی مردووەو منداڵەکانی بێکەس ماون • ئەمڵا ناچار دێتەسەر ئەوە سەری لە وڵات بداتەوە • بەڵام یەك پوولی لەباخەڵدا نابێ ، بێ بەجەرگی خۆیدا ئەبێ لە شێخ دەپاڕێتەوە کە دە قرانی بداتێ پێی بچێتەوە •

شێخ دەفەرموێ : نابینی ئەم دەرگایــــە تێی دێ لێی ناچێتە دەرەوە وەك پیازی عەوداڵان خواردنی هەیەو بردنی نیـــــە • کابراش بە دڵ شکستی دێتەدەرێ لەکەناری ئاوایی گوێدرێژێکی ماڵی شێخ دەبینێ بەرەڵایە سواری دەبێ بەرێدادێ ، لەنیوەی رێ کەرە وەك جەزبـــــــەی لێبێ دەزەرێ‌و دەتۆپێ • کابرا دەبینی جێگاکەی زۆر خۆشە : گوێ ئاوەو سەرەرێی قافڵەو رێبوارانە نایکاتە نامەردی کەرە دێزە ئەنێتە چاڵ‌و دوو کێلی بۆ دەچەقێنێ‌و خۆی لە پایەنیدا بەکزی‌یەکەوە دادەنیشــــێ • خواو راســـتان پیاوێکی زۆر گەورە والی بانگی کردووە بەپەلە دەچێ بۆ (موصل) لە گوێ ئەو ئاوە دادەبەزێ بۆ نان خواردن دەبینێ وا صۆفی‌یەك بەرێشێکی زۆر جوانەوە لەپایەنی مەرقەدێکەوە رابطە دەکـــــا • کابرا لێی دەپرسی : ئەمە مەرقەدی کێیە ؟ زیدەوانەکە دەڵێ : زاتێکی زۆر گەورەیە هەموو کارێکی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و هەموو مرادێك پێك دێنێ •

پیاوە گەورەکەیش کە ترسی قەهری حکومەتی لەدڵدایــە بــە نیەتی مەرام دە لیرەی زەردی ئەداتێ • زیدەوان لە خۆشــــیا

گەنکەدار ئەبێو دەڵێ: مەزرسەحوالی بەندەتە، تۆ حاوەندی ئە
کەزمە بی قوورتت نایەتە زێ، ئەو سەرواو سۆفیش هەڵدەستێ
وەستاو کرێکار دێنێ گومەزێکی لەسەر دەکاو خانوویەکیش بۆ
خۆی. منداڵەکانی دێنێ. خواو راستان ئەو پیاوە گەورەیەش کە
چووبۆ موسڵ بەئارەزووی خۆی دەگەڕێتەوە هێندەی تری ئەداتێ
زەمەوان لە زیارەت کەران پارەیەکی باش پێکەوە دەنێتو هەمیشە
دەڵێ باوکم لە شێخو مشایەخ مەدوێن کەری تۆپیویشمان بەفیضە
بەرەعنەو اتدا هەر باوەڕ حسابە

بابای عەیارو شاباڵ شای پەریان

دەمەیەك ئەسکەندەری دوو شاخە، دوشمن ئەیگرێو لەسەر
چوار کۆڵەکەی بەرز کەپرێکی ئاسمانیلی بۆ دروست دەکاو
ئەیخاتە ئەوێ چوار کەناری هەر چوار کۆڵەکە بەتەلی قژقزاوی
قولایەدار دەتەنێ، بابای عەیار هەرچۆنێ دەبێ خۆی دەگەیەنێتە
سەر کەپرو لەو دەمەدا شاباڵی شای پەرییان دەنێرێ ئەسکەندەر
بدۆزنەوەو بیبەن بۆ کێوی قاف، بابایشیان ڕەدوو دەکەوێ سواری
کۆڵی پەرییەك دەبێو دەچنە شاری پەرییان. شاباڵ شا
صوحبەتی بابای لا خۆش دەبێ جەواهیر سورمەی سلیمانی
ئەداتێ کەهەر گاهێ چاوی پێ بڕێژێ کەس نای بینێ. بابائش
دەی هێنێ بەچاویا دەچێتە گوزەری جەواهیر فروشان جانتای
عەیاری پڕ دەکا لە ئەڵماسو مرواریو زمرووتو یاقووتو لەعلو

پیرۆزە • گەوھەر فرۆشەکان ئەبینن ھیچیان لە قاصەدا نەمـــاوە تێ دەگەن ئەمە کەتی دزی چاو ڕێژراوە ، دەرگای بە دەســتان دادەخەنو ئاگری دارەتەڕ دەکەنەوە دووکەڵ ھێندە ئاو لـەچاوی بابادێنێ کل پیوە نامینێ • ئینجا دەردەکەوێ دەیگرن تـێرو پـسم دەیکوتن • کلتوری لە باخەڵ دەردێنن ، دەیبەنەوە بۆ شابال شاو ئارەزایی خۆیانی بۆ دەرئەبرن کە جارێکی تر سورمەی سـلیمانی نەدا بەنابەکار • بزانین وایە سورمەی سلیمانی نادەن بە نااھل • أو ھو •

حەزرەتی موســـا و پیاوی خوا

ڕۆژێ حەزرەتی موسا ئەچێ بۆ کێوی طور نیازی ئـەبێ دەم بکاتەوە خوا فەرمووی ! جارێ برۆ بۆ شار دۆستێکم ھەیــە لێم دلگیرە ئاشتی بکەرەوە • ناونیشانی دۆستەی بۆ ھەلدا • ئەویش ھات لەبازارا دۆزییەوە تێی فکری والەبەر دووکانی بـەقاڵێک وەستاوە ، بەقاڵ خەریکە سەبەتەو مرکانەو قیرتەبەقی خواردەمەنی لە ژوورەوە دەردێنێ ، دوکان دادەنێ مرکانەیە ھەنگوینی ھێنابـە دەرێ ئاچووەژوورەوە چشتی تربێنێ دۆستەکەی خولەمرکانەکەی خستە ناو قوڕەوە شکاندی ھەرچی تیابوو رشتیو لە لیتەی بازاری وەک ئەمڕۆدا بێی لێخست • دەستەو دایەرەی بەقاڵی لێ کۆبۆوە بەئەسکوێ ھەموو سەرو گوپلاکانی شکاند • لەوێ ڕای کردچووە گوزەری بازرگانەکان • حاجی أوضا کوتیرەیەکی ناوەشکینەیتان

بۆ هینابوو نەی‌هێشت. لێی بخوا لە دەستی سەند دیسان ئەویشی خستە قوڕەوە و بەهەردوو پێ‌شێلای • لەوێش ئەوەندەی تری‌یان تێ‌هەڵدا• ئنجا چووبۆ بەلەدیە رەئیس تەنهایەك کوڕی‌یێ‌رەوکانەی بوو ، رازاندبوویانەوە بەباوەشی لەلەوە بوو دەی‌هێنا بۆلای‌باوکی کوڕەی گرت سەری نایە بن‌باخەڵی خۆی‌و تاساندی هێندەی نەمابوو بیخنکێنێ ، لە دەستیان رسگار کرد ، لەوێ زۆرتری شەق خوارد• ئنجا رووی کردە دەشت موسا بەشوێنیا رۆیی ، بانگی کرد : موسا مەیە • دۆستی خوا ئەمەیە : هەنگوینی بەقاڵ ماری تێ تفی‌بووەوە بۆئەوەی خەڵق نەیخوات خوا بەمنی رشت • کوایرەی بازرگان باشی ژنە کۆنەکەی زەهری تێ‌کردبوو بەمنی خستە قوڕەوە• کوری‌رەئیس چاوەزاری لێ‌کارکردبوو زەهری‌چاوەکەی بەبن باخەڵی من جەڵمژی • دۆستی خوا بەمنی هەر تێ‌هەڵدانە • تۆیش ئەگەر دۆستی خوا بویتایە کە پیاوەکەت کوشت چوار شەقت نەخوارد •

خانم خاس‌و مەیاس

لە گەرەکی کانێسکان ئافرەتێك دەبێ ناوی خانم خاس ، بوکێکی دەبێ مەیاس • بووکێ نەوسن‌و خەسوو چرووك • هەمو چشتێك لەژێر کلیل‌و قفڵدا ئەبێ • رۆژێ دراوسێ لەسەر تەندووری ئەوان نان ئەکەن ، مەیاس ئەچێ لەواشەیەکیان پێ‌دەکا بەگەرمی دەیهێنێ بیکا بەچنگاڵ • تێ‌دەفکرێ خەسووی‌کوو‌بەلەی

ڕۆنی کردوە بەهەیوانەو هەیوانیش تازە سواخ دراوە • ئەگەر بەسەر سواخەکەدا بڕوا شوێن پێی دیارە • کوێرە فێڵێکی هات بەخەیاڵدا ترێیخەسووی پێبڕی گوێدرێژێ لەحەشەبەستراببوەوە سواری گوێ درێژ بوو چوە بەرسنگی کووپەڵە ڕۆن چنگێ ڕۆنی دەرهێنا نایەسەر لەواشەکەیو گەڕایەوە چنگاڵی خۆی خواردە کەری نەبەستەوە خۆی چوە سەر تەنوور دەستی کرد بەنان کردنەوە • خەسووی هاتەوە تێفکری کەر چۆتە هەیوان بەسەر کووپەڵە ڕۆنەکە • کە کووپەڵەی داگرت ڕوانی بە چنگی ئافرەت ا‌ێی دەرهاتووە وتی : ئای هەرەس بەماڵم •

شوێن سمی کەرەو چنگی مەباسێ

من لەم کەتنە وا سەرم ئەماسێ

سیانزە سوارو سیانزەی مانگی سەفەر

دەوری عوسمانی کە موصل ولایەت بوو • تیرە لەژێرحوکمی ئەویدا بوو • لە خزمەت شێخ‌مصطفای نەقیبدا ئەچوین بۆ موصل سیانزە سوار بووینو سیانزەی مانگی سەفەریش بوو • هەرچەند هاوارم کرد سیانزە نەحسە وتیان : نەحسی سیانزەی ئیمە بە سیانزەی سەفەرەوە ئەڕوا •

گەیشتینە چەمچەماڵ لە ماڵی ڕەشیدی قادر هێندەر بووین قائممقام برایم بەگی هاتە لا دانیشت • تەلغرافێکیان دایە دەست خوێندیەوە هەڵسا ڕۆیی • دەمو دەست ئەحمەدی کوێخا مارفەهات

وتی . ئالسمقام عەزلّ بوو . من وتم : ئەمە یەك . محمود أفندی
ملّ مدیری بوو وتی : ئەم یەکە مەعنای چی‌یە . وتمان سیانزەین و
سیانزەی مانگیش هەڵساوین . وتی : کەوابوو نحوسەت بۆخۆتان
نی‌یەو بۆ ئەوەیـــە دەی‌بینن . خوا من بپارێزی . راســـتی کرد
ئەویش ئەنگیۆرا . لەوێ‌وە بەسەری (شـــوان) دا رۆیین لـــە
(گولم‌کەوە) شین و شەپۆڕ بوو کوێخا رەشك هات بەپیرمانەوە گلا
هەموو پشتی دەم و چاوی روو شا . ئێوارە چوینە ماڵی صادق ئاغای
دێ‌یەکە زەلامیکیان نارد کرشە بۆ ولاخەکانمان بێنێ . ملریێوەدا
مرد . رەسولّ ئاغا چای بۆلێنابین ئافمی چای تازەیان کریبوو هێشتا
ئاوە کوولّیان نەکردبوو لە هەزار بێشەی هێنایە دەرێ هەر چای
کردە پیاڵەو پیاڵە ئەڤی ئێوارە ناپان هێنا سینی‌یەك بەســـەر حاجی
صالح چزلّیکدا رژا شلە هەموو سنگی سووتاند . لـــە (گوێز)
لە بواری نەهری (نەمروود) پەرینەوە صالحە زلەی قەتـــارچی
کەوتە ئاوەوە ئەسپەکەی خنکا .

ئەمە خوێی چێشتە . ئەواو لەبیرم نەماوە چیمان بەسەر خەلك
هێنا . ئێستا رەنگە مەراق بکەن ئەم سیانزە سوارەی کەیەکێکی
لە دوانزە سوارەی مەریوان زیادە ، کێ‌بوون ؟ باهەندێکتان بـــۆ
هەڵدەم : ١ ـ سەر دەفتەر خۆم ٢ ـ حاجی صالح چزلّیك
٣ ـ ئەحمەدی مجە سێ‌لاق ٤ ـ سەعید بەگی سلیمان بەگ
٥ ـ حاجی سەید حەسەن ٦ ـ شێخ عارفی قازانقایـــە ٧ ـ مەلا

کوڕەی پیاوی شێخ ئەحمەدی شێخ ڕەسول ٨ ـ کاکـــە وەیس ٩ ـ وەیسی افندی ، ئنجا هەرچی نەحسی‌یەکمان بوو دامان بـــە ئاوی زابا ، خۆمان پاك کردەوە لەلاڕێ دەنگی دەهۆڵو زورناهات لامان‌دا لە دێیەك شایی بوو ، نەقیب دابەزی جلی حاجی‌صالحی لەبەر کرد بۆ ئەوەی نەیناسن سەیری شایی بکا ، سەید حەسەن متصب بوو لەگەڵمان نەهات ، لەکەناری ئاوایی لەگەڵ ســـەعید بەگدا مانەوە ، چوینەسەیری شایی ، دەهۆڵو زورناو کچەعەرەب پەنجەی یەکیان گرتبوو ڕەقصیان ئەکرد تێر ســەیرمان کردشێخی ئەو دێیە وتی : الا دەبێ بێن قاوە بخۆنەوە وتمان درەنگە بەزۆر بردینی ، ئێمەیش حاجی‌صالحو ئەحەی مچە سێ‌لاقمان لەسەرەوە دانا ، منو نەقیب وەك خزمەتکاری ئەوان بەپێوە وەســـتاین ، قاوەیان هێنا ، قاوەچی سەیری ئەوانو ئێمەی کرد ، ڕووی کردە شێخ بەئیشارەت وتی : قاوە بەکێ بدەم ، شێخ هەڵسا پـەلی حاجی صالحو ئەحمەدی گرت هەڵی ســـاندن توورەبوو : (قوت یالله) هات پەلی شێخی گرت وتی : یاشێخ شایی برایەوە لەجێی خۆت دانیشە پیاوی ساختە هەر دەردەکەوێ

خوایش لەسەر ئافرەت ئەکاتـــەوە

شێخ سەعدی بالآتەرانی بەکفتەی تورکەو بەتوانج لەگەڵ خوادا لە کفر ئەحمەد کەمتر نەبوو ، ئافرەتێ لەکانی‌میرانەوە هاتبوو لە کانی‌پانکەی لای موان چایخانەیەکی کردبوەوە پارەیـــەکی‌زۆری

دەست کەوتبوو • ئەویش کەوتە سـەر سـەودا وتی : ئـافرەت کاسبی پێبکریت،من بۆچی دانیشم؟منیش لەسەر رێدا چایخانەیەك دادەنێم ، بەرگردی بالان تەران هەوادار ترەو ئاویشی سازگارترە مانگایەکی بوو فرۆشتی چایخانەیەکی پێدانا • یەکی ئافرەتەکەی خست •• تومەز ئافرەتەکە بەچاوشی مەخفەرەکەی موانی دەنـازی خەبەری لەمەلا دا کەشەو چەتە لەچایخانەکەیا خۆیان ئەشارنـەوە قیر مەلایان گرت • ناردیانە هەڵەبجە • هاواری کرد : باوکە سێ ساڵە چەتە نەماوە ، وتیان : تۆ خەریکی کۆیان ئەکەیتەوە • وتی : من بمتوانیایە چەتە هەڵسورێنم یا متصرف ئەبووم یا مبعوث لەسەر ئەو قسەیە قەدری سەرو گوێلاکیان کوتایەوەو بەرەلایان کرد کەوتە رێ بێتەوە لەرێ خەبەریان دایەکەخوا بارانی باراندو چایخانەکەی تۆ نەیی •

وتی : من خۆم ئەزانم کە خوایش لەسەر ئافرەت دەکاتەوە ، أنشاالله هەرچی پیاو هەیە دەبنە بەندی ئافرەت تاوەك ئادەمی باوە گەورە مانمان بەسەر بێنێ • هەروا بەرێدا دەروا ماندوو مردوو لەبەر خۆیەوە لە عەلەهی خوا ئەدوێ شمری سوارە ، تیفکری ئۆتوموبیلی هات رەنگی بریتانی وەك باڵی (کەڵـــەبەك) پیاوێك و ژنێك ، أمما ژن کەتەماشای کرد هیچ ماندویەتی نەما وتی خوایە تائێستە هەر بەعکسی منەوە معاملەت کردووە ئێستا ئەمجارە وا بکە ئەم ئافرەتە بڵێ : ئەم رێبوارە ماندووە ، ئێمەش ئوتوموبیلی خاڵیمان

پێیە پاسواری کەین گوناهە • منیش هەم ماندوێتیم ئەحەسێتەوە و هەم بەبادەی چاوی ئەو نازدارە سەرمەست ئــــەبم • ئوتومۆبیل فڕکەی کردو تێەری لەراستی پردی (دەلێن) چەقیەقوڕرزگاری نەدەبوو • بەشوفیرو بەخاوەند ئوتوموبیل مەلایان بـــەزۆر هێنا حوکمیان لێ‌کرد پاڵ بە ئوتوموبیلەوە بنی تابەهەر حاڵی بوو لـە قوڕ هاتە دەرێو ئەوان سوار بوونو مەلاشیان بە هەناسە ساردی بەجێ هێشت •

بــــەزمی وەستا نــاجم

وەستا ناجمێ بوو هەرچی ئیشێکیان ئەدا بەسەرا ئەیوت : وەستا ناجم تا ئەم ناوەی بەسەرا بڕاو ، ناوی نرا ، نانو دۆی بڕ ەلێرە کەس ئیشی پێ‌نەدەکرد ، دایە تەممەڵی هێجگار لە کەڵك کەوت • تا رۆژێ قافڵەیەك لە سلیمانی‌یەوە بۆ ئەستەموڵ ئەچون مەصرەفیان خۆڕایی بوو ، وتیان با ئەویش بەرین لەوێ بیخەینە تەمەڵ‌خانەوە بردیانە أُسکدار خستیانە تەمەڵ‌خانەوە و دوو مەجیدی‌یان دایە • رۆژێ مدیرێ بلیتی پیانقۆی هێنابوو ، پارەدار ئــــەیان کـڕی ، ئەویش دوو مەجیدی‌یەکەی پێداو چارەك بلیتێکی وەرگرت‌حەوت هەزار لیرەی بۆ دەرچوو • هاتەوە بۆ سلیمانی ، لەلادێ هەندێ زەوی‌و زاری کڕی‌و ژنێکی هێناو مەڕو مانگایان‌پێکەوە ناوجویان دابەست‌و دەغڵ‌و دانیان کرد • ژنەکەی حوکمی لێ‌دەکرد بەرۆژ بچێ بەسەر وەرزێرو کێشەی خەرمانەوە بوەستێ • بەژنەی وت:

نازانی من ئاوم وەستا ناچمە ؟ ژنەکە وتی : کەواتە تۆ لەماڵەوە
چێشت لێنێ من ئەچمە سەرپەرشتی دەغڵو دان ۰ کابرا وتی :
باشە مەنجەڵی تەسلیم کرد وتی : دوکوڵیو بکە ۰ برنجی بۆ
شتەوە و بۆی دانا ۰ گوێرەکەیەکیان بوو کردبوویانە سەربان
ئەلەوەڕا ، وتی : چاودێری گوێرەکەکەش بکە نەکەوێتە خوارەوە
کابرا دۆکەی کردبوە مەنجەڵ تێکی ئەدا ، ئایشیلی دراوسێیان
هات وتی : وا گوێرەکەکەتان نزیك گوێسوانەکە ئەلەوەڕێ
ئەکەوێتە خوارێ ۰ وتی قوربانە ئایشیل ۰ ئەو گوریسە بەرە
بیخەرە ملی لەکلاو رۆژنەوە سەری گوریسەکەم بۆ داپێڵەخواری
ئەیگرم بانەچێتە گوێ بان ۰ ئایشیلی خۆی رۆیی کابرا دەستی بە
کەوگیرەوە گیرابوو سەری گوریسەکەی بەست بەپێی خۆیەوە ،
زۆری پێنەچوو گوێرەکە خۆی کوتا بۆ گوێسوانەکەو زرم بەر
بوەوە سەری گوریس لێرە پێی کابرای هەڵبری لەبن میچیتوند
کرد ، لەولایشەوە گوێلك ئەیبۆراند ، ناچم ئەینالاند ، تاژنە
هاتەوە روانی گوێلك هەڵواسراوە وەختە بخنکێ ، چەقۆی لە
گوریس نا گوێلکی داگرت لە ژوورەوە زرمە هات رای کرد تێ
فکری مێردەکەی سەری کەوتۆتە ناو مەنجەڵو دوو کولیوەکەی
قلپ کردۆتەوە هەموو سەرو چاوی پێستی داماڵاوە راستیکردەوە
بەسەرو گوێلاکەوە بردیە دەرەوە پێنیشانی خوای دا وتی :
قوربان ! بینایی چاوان کەسی تر نەبوو ئەم یاتصیەی بەیتێ ئەمە

نەبێ کە بە رۆژ ئەمە هونەریەتی و شەوشناجولێتەوە •

پـارە بۆ هەتیو نەك بۆ هەتیو بـاز

پیاوێکی جیهان گەر دیدەی شاران دیدەمان بوو (مەرنەمووکە) یان پێ دەگوت ، سەر گروشتەی خۆی دەگێرایەوە : وتـــی : جارێکیان لە شاربازێڕەوە دەهاتمەوە لە وردەدوانانی کۆیژۆ تووشی کوێرێکی حافظهاتم لە پیتاکی گەدایی ئەهاتەوە منداڵێکی بچکۆلـە دەستی را دەکێشا لە بەردێ هەڵ ئەنگوت کەوت ، دەستم دابـە بن باخەڵی هەڵم سەندەوە لە بن باخەڵیا دەستم کەوت لەپریاسـکە یەکی قورس هەمووی پارەبوو بەبن باخەڵیا دوریبو • هەندێ روین وتم مەلا من کۆنە جەردەم پارەی تالانیم زۆر پێ خۆشـە دەستم لە پارەکەت کەوتوە ، پارە شیرینو تەیتان بەفریوهەردوکیان هانە هانەم ئەدەن تۆ رووتەوە بکەم • تێفکریم مەلا لێم بوو:بـە واعظ بەئایەتو بەحەدیث هێندە ترسی نایەبەرم کە نەوێرم رووتی بکەمەوە • ئەیوت : هەرچی گوناهێك ئەکەی بیکە • شـــەراب بخۆرەوە ، ئەمە بکە ئەوە بکە ماڵی دەوڵەمەند بـــەرە ، بـــەلام هەر تەفەقەکاری ماڵی کوێران مەبە • • وتم : مەلا بیستوومەئەم منداڵە لەگەڵتەو رابەرتە دەستی بۆ درێژ ئەکەی • وتی : درۆیـە منیش لە منداڵەکەم پرسی : وتی مامەکیان بەقوربانت بم بـــەخوا راست ئەکەن • مەلا تووڕە بوو وتی : هەتیو قەت بەنارەزاییبووە پارەت ئەدەمێ • لەم سەرەوە هەتیو مارە ئەکەن،لەشاریشدا باوە •

وتم : مەلا من بیستومە ئەوە عەرشی یەزدانی پێ‌ئەلەرزێ‌و لە جەردەیی خراپترە • وتی وانی‌یە • هەرچی بەخواهیشی هەردوولا بێ دروستە • جەردەیی زۆرداری‌یەو منیش چاوم کوێرەو بەپیتاك گوزەران ئەکەم • سێ مانگە ئەسوڕێمەوە ، بنی پێم بلۆقی کردووە پیاوی جەردەش لە ئاقاری کوێرو هەزار زۆر بەخشندەن ئەشێ تۆ پێم بەخشی •

وتم : مەلا وازم لێ‌هێنای ، هاتین تاپێچی گلەسپی • وتم : مەلا شەیتان ئەمجارە ئەڵێ تۆ مەلات ترساندووە ، دڵت ئێشاندوە ، ئاشتی بکەرەوە ، هەرچیت پێ‌یە بیدەرێ • مەلا وتی:بەخوا هەرچەندێ شەیتانیش پێ‌ی وتبی بەڵام نەسیحەتێکی باشە پیاو ئـــەبێ جـــار جاریش بەقسەی شەیتان بکات • کەوای وت کتوبڕ تێکمەوە پێچا پارەکەم لێ‌سەند چوار پەلیم بەست‌و منداڵەکەم دایــە پێش خۆم وتم شەرت ئەکەی ئیتر نامووسی خۆت بە هەتیوبازان نەدۆڕێنی • خۆیشم قەرارم داوە ئەچمە بەر خەیاتی • وتم : کەست هەیە • وتی : دایکێك‌و دوو خوشکی هەتیوم هەیە من بۆ گوزەرانی ئەوان هەموو شتێکم گرتۆتە ئەستۆ•کەوای وت هەموو پارەکەی کوێرەم دایە وتم : مەلا کوێرە خۆی ئەژیەنێ ، تۆ ئەمە بکە بەدەستمایــە پارە بۆ هەتیو نەك بۆ هەتیو باز •

نەخۆشیکی ســـەیر

دکتور : کوێت دێشێ ؟

نەخۆش : دکتۆر حاڵم زۆر خراپە ، وەکوو پشیلە کەتۆبەتم بوو
دەمم وشك ئەبێ • چۆن سەگێك تینوو ماندوو ئەبێ ،
منیش وازبانم دەردەکێشم و لێوی خۆم ئەلێسمەوە • کە
حەرارەتم بوو ئیشتهام زۆر ئـەبێ ببـەقەد گورگێك
برسیم ئەبێ •

دکتور : عەزیزم تۆ بەسەهو هاتویتە لای من راستو رەوان
هیچ رامەوەستە بچۆرە لای بەیطال ، دەرمانی ئەم نەخۆشی تۆیە
لە بەیطالخانەیە

دەروێش عەزیزو پشت ماڵەی جاف

پشت ماڵەی جاف درویش عەزیز ناوێکیان بوو ، تۆبەکاری دابویە
کەللەی شێتی کردبوو ، هەرچەند هەڵسانو دانیشتنی لەسەرخۆو
بەئاداب بوو لەگفتوگۆدا تەواو بوو • بەلام خولیایەك چووبووە
کەللەیەوە لێی بوو بوو بەراست ، گوایە خوشکێکی زۆر جوانو
نازداری بوو سلطان عبدالحمید شۆرەتی ئەو کچەی بیستووە ،
ناردویە خواستویەتی • ئێستا ئەو خوشکەی بەدیاری زۆر شتی
نایابی بۆ ناردووە • عوسمان بەگی جاف خەبەری زانیوە حەمەی
عەزیز بەگو سلیمانی شانەو عەزیز بەگی ئەورەحمان بەگی
ناردوە هەرچی دیارییەك کە بۆی هاتوە تاڵانیان کردووە و
بردوویانە بۆ ماڵی خانم • ئەم کابرایە تێلاو تێلو خێڵەو خێڵ
دەسوورایەوەو ئەمەی دەگێرایەوە•رۆژێ ماڵەگەورە لەکوێ چەمی

(زەڵم) هەڵی دابوو دەرویش عەزیز دێت بۆ لای خانم شکاك لە وەسمان بەگ ئەکا • وەسمان بەگ لە کابرا تووڕە ئەبێ بـــە دزی خانمەوە را دەسپێرێ دەروێش عەزیز سواری ئێـتربکـــی تۆڕی جافی دەکەن و بە گوریس باش شەتەکی ئەدەن و درکێك ئەخەنە بن کلکی ئێسترەکەوە بەرەڵلای دەکەن • ئەو ئێســـترە تۆرە بەناو رەشماڵ و دەواری ماڵە گەورەدا ئەمەندە هەڵدەتیزێنێ تاکو دەروێش عەزیز فڕێ ئەدات • أما چۆن فڕێدانێ کابـــرا خوێنی لووتی بەردەبێ تا بێهۆش دەکەوێ • پاش چـــەندێك بۆسوی پەرۆی شین بە لووتیا هەڵ ئەدەن کە دێتەوە هۆش خۆی، و چاو ئەکاتەوە شایەتمانێ دێنێ خولیاو و خەیاڵ هـیچ لـــــە کەللەیا نامێنێ و ئەبێتەوە بە پیاوەکەی جاران خۆزگە ئەم شارەیش وەسمان بەگێکی تیا پەیدا ئەبوو بۆ ماخۆلیاداران

مەرنەموونە کەیلێ شـاپلێتە دەر کونەیلێ

وەستا هارونی زەرەنگەر بور سنعەتکارێکی زۆر وردو بـــە سەلیقە بوو بەڵام مسقاڵی چارەکێکی ئەدزی • ئافرەتێکی ئەوسەرە لە ماڵە دەوڵەمەندێکا کارەکەر بوو بەرچاوگەیـــەکی دزی بوو بردبوویە لای وەستا هارون بۆی ساغ بکاتەوە دە ناراتی دابوویە ئەوی تری دزی بوو بۆ خۆی •

ئافرەت داخ لەدڵ بوو داوای لە قەدەم بووشوی بەختیسە ناوێکی لای خۆیان کرد کەتۆڵەی لە وەستا هارون بۆ بکاتەوە • تا ئەم

کەتن‌و یەتنە کرا هارون مردو بردیانە گۆڕە جوولـــەکە ناشتیان هەر ئەو شەوە قەدەم چوو لەگۆڕ دەری‌هێناو لنگەو تلوور سەری چەقاندە گۆڕەوەو شاپلێتەیەکی تێ‌بڕی ئاگری پێوەناو ڕۆیی • لە گەرەکی جوولەکانەوە ڕوانیان گۆڕی هارون نوری لێ‌بـــەرز ئەبێتەوە • هاواریان کرد : نورەیلێ ، نورەیلێ • مالوم بـــەدوعا خوێندن چوو ڕوانی شاپلێتەیە بانگی کرد : (مەرنەمو کەیلــێ ، شاپلێتە دەرکوونەیلێ) سبەینێ هاتن شکاتیان کرد حەسەن ئـاغا طابور آغاسی بوو وتی : ئەوانەی ئەمەیان کردووە لـەجوولـەکەی مردوو بێ مەزیەتن •

شـــانس

خلەی بلەی مەولود کەرەوان بوو ڕۆژی خشتی بۆ مـــــالی نایازندە ئەکێشا پارچەیە فەرشە کۆنی لەسەر تەندوورەکەیاناچاو پێ‌کەوت کەگڵنازە داڵکەفیچانی نان‌پێوەدەر لەژێر خۆی ڕادەخست وتی ئەمە بۆسەر کورتانی کەرە قیتەڵ باشـــە • داوای کرد • یایە وتی : ئەوە کەباپیرە گەورەم لەدەرگەزێنی هەمەدانەوە هاتۆتە قەڵاچوالان ئەوە فەرشی بووە بەرە بەرە کەم بۆتەوە ئەم پارچەیەی ماوە ، یادگارەو ئەتیکەیە دڵم نایە بیدەم بەکەس • خلە وتی یایە ئێوە دەستە فەرشتان بەخەڵکی بەخشیوە ، باکەرەکەی منیش یەکێ پێ لەوان ، بەخوا کەرەقیت سبڵە نی‌یە بەمستێ‌جۆ بارێ ئەکێشێ یایە پێ‌کەنی‌و وتی : ئەویش بۆ کەرە قیت • ئەمما توخوا بـــــە

فیرۆیمەدە هەرلەوێ پارچە فەرشی خستە سەر کورتانی کەرەکەی گێزو گوڵکی بۆ تازە کردەوە •

رۆژێ وتیان : موسیو تەرتاس هاتووە بۆ فەرشی کۆن ئەگەرێ حلەیش بەکەرە قیتەڵەوە خۆی دایە قەدی ، کابرا تێفکری وا چێشتی بەسەر کورتانی کەرەکەیەوە ئەدرەوشێتەوە وەك شەبەندە بەرۆژ ، بۆی شێت بوو ، هەڵسا سەیری کرد وتی نایفرۆشیت • وتی خێر ئەمە بەرەکەتی سەر قەتاری کەرمە سەرزینی رەخشی رۆستەم بووە • کابرا وازی لێنەهێنا تابەسەد تمەن لـــە دەستی دەرهێنا • خلە خدری زیندەی لێپەیا بووە • بەو سەد تمەنە بۆ بەخدر بەگی سیناجیان • یاناز‌ەندی خاوەن فەرشە کۆنەکەش‌وردە وردە کەم دەست بوو ، خدر بەگ رۆژی توورەکەیە پارەی بۆبرد لێی قبوڵ نەکرد • وتی : بیستومە غەریبێکی نەخۆش‌دراوسێی گەورە ماڵێ ئەبێ • سەگی دەرماڵی ئەو گەورە ماڵە قاپی چێشتی بۆ دێنێ • قاپەکە زیو دەبێ • نەخۆش چێشتەکە دەخوا قاپـەکە هەڵدەگرێ • چاك ئەبێتەوە ئەیفرۆشێ ئەیکا بەســــەرمایە زۆر دەوڵەمەند ئەبێ خاوەند گەورە ماڵەکەش حکومەت تاڵانی ئـــەکا هیچی نامینی • ئەویش هەڵدەستێ پارەی بۆ دەبا • ئەڵێ : ئـەمە پارەی ئەو قاپە زیوەیە کەمن نەخۆش بووم سەگەکەت بەچێشتەوە بۆی هێنام • ئەویش ئەڵێ : چێشتێ سەگی دەرماڵی من بەخشیێتی من چۆن قبوڵی ئـــەکەمەوە • ئێستایش من ئەوی بەخشـــیومە

کچی پاشـای کشمیرو کوڕی شای قـەڵاچوالان

پاشای شاری کشمیر سێ کچی دەبێ هەرسـێکیان جوان دەبن، هیچکار کچە بچکۆلەکەی ناوی جوانی بەهەموو شاراندا ئـــــەروا شوو بەکەس ناکا • لەخەودا دڵبەستەی کوڕی شای(قەڵاچوالان) دەبێ کورەیش خەوی پێوە دەبینی • بەدەروێشیو تەنها باڵەروو دەکاتە شاری دڵدارەکەی • ئەگاتە شار کەس ناناسێ تووشی ماڵێك دەبێ دەرگای کراوەتەوە•ئەچێتە زوورەوە ئەبینێ پیاوێکی نوورانی لەبێ چاڵی جۆلایدا خەریکە جاو ئەرێسێ • چوو دەستی مـاچ کردو ئەویش ناوچاوانی کورەکەی ماچ کرد بووبە جۆلاە زنە جۆلا منداڵی نەدەبوو زۆری خۆش ئەویست • دوایی چەنـــدێك لای دایکە جۆلا ژن درکاندی کە بۆ کچی بچکۆلەی پاشاهاتوە • ژنەجۆلا وتی خوشکێکم پێش خزمەتی ئەو کچە بچکۆلەیەی‌پاشایە درێژەی نەدەبێ کچەو کورە بەدزی‌یەوە بەیەك گەیشتن بـەلام پادشا کچی نەدەدا بەکوڕە جۆلا بیانووی پێ‌گرت ناردی بۆ بلبلی خۆش ئاواز •

کورە دیسان بەتەنیا کەوتە رێ شەو لەکوێرە شیوێ‌نووستبوو • گورگێ منداڵێکی بەدەمەوە بوو هاتە بەردەمی پـلارێکی تێ‌گرت لەدەمی سەندەوە منداڵەکە وتی : من کوری شای جنۆکانم ئێسـا باوکم دێت مزگێنی لێ‌داوا بکە بائەسپێ رەشت باتێ بۆئەم سەفەرە

بەکارت دێ • شای جنۆکان هات منداڵی بردەوە • مووی ئەسبی ڕەشی دایە کەهەڵی پرووزاند پەیدا بوو • سواری بوو ڕووی کردە طەلیسمی مەرجانە کەجامی چل کلیلو بلبلی خۆش ئاوازی تیابوو • ئەسبی ڕەش دەرسی دادا وتی : ئەو ئێشك چی‌یانە شێرو پڵنگو سەگو طەیرو طیورن • هەرچی لەبەردەمیانایە بیگۆرە • کەلە قاپی چووە ژوورەوە ڕوانی دوو شێر پڕ بەردەمیانە لەپوشو پەلاش • لەرێ دوو حەیوانی ئێچیر کردبوو هەریەکە یەکێکی خستە بەردەم سەریان هەڵبری بەروویەکی خۆشەوە ئی‌فکرین • گەیە ڕاستی سەگ کای لەبەر دەمابوو ، ئەسپ ئێسکی لەبەربوو گۆری‌یەوە تاگەیشتە بەر قەفەسی بلبلی خۆش ئاواز • دەڵەدێویکی لەبەردا ڕاکشا بوو • لە دووردوە وتی : من عاشقی جەماڵی تۆم • چ خوا هەڵدەگرێ تۆ بەم شیرینیەوە لەچاوی عاشقانیان شاردێتەوە وەرە بابچیە دەرێ ، عاشقان جەماڵت ببینن • دەڵەدێوی مەمنون کرد قەفەسی بلبلی هەڵگرت • چریکاندی مەرجانە خەبەری بوەوە بانگی کرد بیگرن ، نەدێو نەئەسپ ، نەشێر دەخلیان نەکرد • مەعلووم بوو هەر کەسێ بەگوێرەی حاڵی خۆی بالەتەلیسمیشدابێ هەر هەڵدەگەریەوە • شعریکی کوردی ئەڵێت •

کەوتوینە ناو تەلیسمی بەدی چل کلیلەوە
کەر گۆشتی وا لەبەر دەم سەگ کای دراوەتێ
کارت نەدەتە دەستی یەکێ کەئەهلی نەبێ

هارون الرشید و نزهـــة القلوب

هارون الرشید کەنیزەکێکی زۆر جوانی بووە ناوی نزهة القلوب بوو هارون ئەمەندەی خۆش ئەویست باوی لە ســـــەیدە زوبیدە سەندبوو • زوبێدەش فرسەتی لێدی کە هاروون لە بەغدا نەبوو هێنای کەنیزەکی گرت بێهۆش داروی دابە لووتیاو صندوقێکی بۆ قیرتاو کردو خستیە ناو صندوقەکەوە دای بەدەم ئاوەوە • لەخوار بەغداوە ماسی گرێك تۆڕی هاوێشتبوە ناو ئاوەکەوە کە دەری‌هێنا وای زانی ئاڵتونو پارەیە ، گرتی بەشانی‌یەوە هێنایەوە بۆ ماڵی‌خۆی کەسەری هەڵێجری. تەماشای کرد ئافرەتێکی نازكو نازداری تیایە دەستی سارد بوەوە وتی : من ئێستە چۆن ئەم ئافرەتە ئەلمۆذەیـ بەخێوکەم بەمن بەخێو ناکرێت و تووشی گۆبەندیشم ئــەکات • لەم گوفت‌وگۆیەدا بوو ئافرەت پژمی‌و هاتەوە ســەرخۆی • وتی ئامان لەرێی خوادا لەکوێم ؟ ماسی گریش بەگاڵتەوە وتی لەکوێ ئەبی وای لەکۆشكو بەرای خەلیفەدا ئافرەت ترساو وتی: تو خوا ئیتر مەمبەرە لای سەیدە زوبیدە •

ماسی‌گر وتی : نابەم • کەنیزەك وتی : برسیمە کابرای ماسی گر ماسی بۆ سوورکردەوە • کە نانی خواردوهۆشی بــەتەواوی هاتەوە بەخۆیا تەسکەرەیەکی پی‌یا نارد بۆلای پیاو ماقوڵی خۆی خەبەریان دابە خەلیفە دەست بەجێ هات بردی‌یەوە • پارەیـــەکی

زۆری دا بە ماسی گرەکە کابراش پارەکەی کردە چاڵەوە شەو کەوتە خولیاوە، کە ئەگەر خەلیفە پارەی پێ بوێ خەبەر بزانێ ئەم پارەی هەیە دێن داوای لێ دەکەن، ئەمیش ئەڵێ: پارە شك نابەم، ئەوانیش لێی ئەدەن، ئەمیش بە ئێدان رانەهاتوە خۆشە نەبوە، وا چاکە لەشی خۆی خۆشە بکات. خۆی رووت ئەکاتەوە لەو بەر سەرمایە قامچی لە خۆی ئەداو هاوار ئەکات: بەخوا پارە شك نابەم. دەرودراوسێ لێی گرد ئەبنەوە.. خۆزگە پارە دارەکانیش لەشی خۆیان خۆشە بکردایە.

لە ئەفسانەی کونا

لە ئەفسانەی پێشینیاندا نووسراوە کاتێ ئەسکەندەری رۆمی سەودای جیهان گیری کەوتە کەللەوە، چوە لای افلاطون کە کەمەر بەستەی بکاو شاگردێکی حەکیمی خۆی لە گەڵ بنێریت افلاطون بە شاگردە حەکیمەکانی خۆی گوت کێ ئارەزووی هەیە بچێ لە گەڵ ئەسکەندەردا؟. جالینوس وتی: من دەچم افلاطونیش ئەوی نەنارد، وتی: من ئەمەوێ ئەرەسطۆ لە گەڵدا بچێ. جالینوس لەمە توڕە بوو دوو باڵی مفەبای بەفەن دروست کرد و کەوتە کار شکەنی ئەسکەندەر، هەر شارێ ئەسکەندەر رووی تێ ئەکرد ئەو لە پێشەوە ئەچوو، راووتەگیری بۆ ئەکرد. جارێکیان بە هێزی فەن لە هێزی پاهوی پیاوان مارێکی دروست کرد هەرچی ئەیبینی هەموو رەگ و

ئەندامی لەشی دەهاتە خرۆش ، بە عصیەتەوە ئەوەندە پێ دەکەنی تا شەقی دەبرد • نـاوی نـابوو ماری قەهقەهـە ، لـە ڕێبـازی ئۆردووی ئەسکەندەرا لە دەربەندێکا دای ناو ئەسکەندەری پێمرد. ارسطویش هات مقابل بەوە ئاوێنەی ئەسکەندەری دروست کـرد، بردیان ڕوو بە ڕووی مارەکە دایاننا کەلە ئاوێنەکەدا شێوەیخۆی دی خۆیشی وەك ئەوانە شەقی برد •

خۆزگە ئەوانەی کە خۆیان لە ئاوێنەی دێودا ئەبینن جارێکیش خۆیان لە ئاوێنەی ئەسکەندەردا بدیایە •

ئـەمە گامێشە و ئـەوە گومێشە

مەلا قانع تحصیلێکی باشی ئەبێ ، لە دوانزە علمەی کـۆن دوا پلەی منطق تەواو ئەکاو سـەودای مەعانی و بەیان ئەیخاتـە داوی بەد ناوی شاعیرانەوە • ئەمە بەرجا ، لووتیشی لـە حـیکـمەت و فەلسـەفە ئەخورا ، گاڵتەی بە گاکەی ژێر زەمین و گاکەی ئاسمان ئەکرد ، لەبەر ئەوە لە هیچ مزگەوتێکی شارستاندا داوی دا نامە زرێ و ڕوو ئەکاتە لادێ ،ڕۆژێکی تۆف باداوە پیچخۆی ئەکوتێنە بادانە شەو تێ ئەفکرێ کورەی مزگەوت بە پێڵەواری وشـــك داخراو منداڵومەزن لە دەوری کۆبوونەوە مەلا جباراللّەی امامـی مزگەوت چاوی بە مەلا قانع کەوتبوو خەریك بوو لە نـــاو خەڵکەکەدا خۆی هەڵکێشێ دەستی کـرد بە وعـظ خـوێندنەوەو وتی : شێخێ لە آروزەر بوو شێخی مزگەوتەیان پێ دەگوت کـە

مرد ناشتیان من خۆم چاوم لێ بوو بردیان بۆ قەبرسانی گاورەکان و قەشەیەکیان هێنایە قەبرەکەی ئەوەوە • ئەمە لە بەر ئەوە بوو کە بە بەرەکانی لە گەڵ دەرەییانەدا ئەکرد • • • ساڵێکی تر لەبەنوز بووم بەگە شەلە مردو بردیان بۆ گۆڕخانە لە ری بوو بە بەرازو دایە ئەو کەژە ئەویش هی ئەوە بوو مەلا بەزێنی ئەکـــرد زۆری خوێندبو مجادلەی لە گەڵ مەلایان دەکرد وای دەزانی بـــە زۆر خوێندن ئەبێ • ئێستا من فاتحام زۆر چاك رەوانە (سمایل نامـەو ناگەهان و بیاداودو باغەبازن)م لە بەرە ئیترئەوەندەم نەخـــوێندوە عەقیدەم بگۆرێ • مەلا قانع لە داخانا ئاوسابوو دەنگی نەکـرد تـا نوێژی خەوتنان ، مەلا هەڵسا امامەتی کرد(دولول‌و کەمەو کەنس‌و سیراط)ی تێکەڵ کرد کە لێ بوونەوە قانع پێی گوت : مەلا تـۆ ئەتگوت : فاتیحەم رەوانە ئەم غەڵەتانە چی بوو ؟ • وتی : تـــو اعتراض لە فاتیحا دەکەی ؟ کافری • ئەگەر راست ئەکـەی وەرە امتحان بدەین دەمودەست هەڵسا چوو خەڵووزێکی باریك و تەبەقێ کاغەزی صاڵحی هێنا وتی : دەفەرموو گایەك بنووسە • قانعیش بە قەڵەمی فەرەنگی گاف ئەلف گایەکی وردی نووسی • مەلا لـــە دەستی وەرگرت بە خەڵوزەکـە سەرو گـوێ و کلك و شـــاخی گایەکی رەسم کرد و بانگی کرد ، خەڵکەوەرن سەیر کەن هەموو وتیان : اشهد باللە ئەمەی تۆ گامێشەو ئەوەی ئەم کابرا خۆیریـــە نووسیویە گوومێشە • ئینجا مەلا وتی : ئەمە کافرە بیخەنە ئـــەم

ئاگرەوە • بە هەزار گوبچر گوبچر میوانێکی خوێندەوار قانـــعی رزگار کـــــرد •

ســەیر و ســەمەرە

لە ئەسکەندەر نامەی ئەفسانەیی‌دا لە بیرم ماوە ، ئەســکەندەری رۆمی گەیشتە شارێك ئەو شارە مەرگی تیا نەبوو کەسیش بـــە نەخۆشی نەدەمرد • هەرکەسێ ئاکامی مەرگی بهاتایە لە ســەری، گوێزەوە بە دەنگێکی بڵند بانگ ئەکرا : فلان کەســی کـــوڕی فلان کەس وەرە • هەموو شارەکە گوێ‌یان لێ دەبوو • ئیتر ئەو کەسە زنجیرو پاڵە.هەنگت بکردایەدەی پچراندونەدەوەستادەرۆی‌و تا لە سەری شاخ ئەچوو بەودیوا ئیتر کەس نەی ئەدیەوە • هاتە عەقڵمەوە ئەگەر دوو کەس ناوی خۆیان‌و باوکیان یەك بوایـــــە کامیان ئەچوون مثلا من ناوم توفیقە ، باوکم محمودە • لـە عەینی ئەم شارەدا یەکێکی تر ناوی توفیقە باوکی ناوی محمودە نــــەك تەنها ناوی خۆمان و باوکمان • من حاجیم ئەویش حاجی‌یە • باوکم ئاغایە باوکی ئاغایە • بەهیچ لێك ناکرێینەوە • ئێمە چی بکەین • جارێك دەعوەتیان بۆ من کردبوو تەسکەرەی دەعوەتەکەیان بـــۆ ئەو بردبووچوو خواردی • هەر ئەورۆژەوەصلی ضربەی دوکان، ئوتێلیان هێنابووە سەرمن کەهی ئەوبوو ئەیان وت : تۆبیدە • ئەم وت : باوکم کێ‌پلاوی خواردووە ئەوە بجێتە پەردەوە • خێر هەر داوایان لەمن ئەکرد • دوێنێ ئەو دەعوەتی بۆیـــەکێ کردووە •

ئەمرۆ خەڵك گلەییان لەمن ئەکرد : بۆچی بانگت نـەکردوین ؟ بەخوا ئەگەر بێتو لە گوێزەوە بانگمان کەن ئەو ئەنیرم بەگوڕ ترە ئەتوانێ تائەوێ راکا ،من ناتوانم لەجێی خۆم بجوڵێم . ئیمەبەرجا لەناو خۆمانا رێك ئەکەوین . یا ئەگەر دوو شخصی تر بەبێ لەقەب خۆیانو باوکیان یەك بێ ئەوەچی لێ بکەین ؟ ئەویش باشە تەنها لـە لبنان بانگ ئەکرێ ین .

سپڵەو بەدنمەك لەقە لەخێری خۆی ئـەدا

رەئیسی بلدیەی شام کورێکی جوانی نەوجوانی ئەبێ ناوی خاڵدارەو لەلای باوكو دایکی نازدار . پیاوێکی بەغدایان لائەبێ ئـەمەندە مەدحی بەغدای بۆ ئەکا کوڕە کەڵکەڵەی بەغدای ئەکەوێتە سەر باوکی رێگەی نادا . دایکی خشڵو لاگیرەی خۆی بۆدەگۆڕیتەوە چەند بارێك کوتاڵی بۆ رێك ئەخاتو ئەینێری بۆ بەغدا . لەرێ جەردە لەکاروان ئەداڕووتێ ئەکەنەوەو خزمەتکارەکەیشی ئەکوژن بەڕووتیو قووتیو برسیەتی خۆی ئەگەیەنێتە بەغدا شەوئە چێتە مزگەوتێ ئەنوێ . لەنیوەشەودا سێ کەس بەچراوە دێنە زوورسەری هەڵی دەستێنن ژنی پیاوێکی دەوڵەمەندی بەدخوو طەلاقی کەوتووە ئەیەن مارە بەجاشی دەکەن . ژنە زۆر جوانو پیاوە پیرو بەدخوو بەد زوبان . ژنە لەکوڕە مارە دەکەنو چاوی پێ ئەکەوێ ئەڵێ طەلاقم مەدە مەترسە من بەخێوت ئەکەم کوڕە طەلاقی نـادات . ژنە ئاڵتونو جەواهیری ئەفرۆشێ لە تەبەی کوردی خانویـــەکی

هەرزان دەگرن • هەردووکیان دەنگیان زۆر خۆش ئەبێ گۆرانی ئەڵێن‌و عود لێ‌ئەدەن • خۆش ڕائەبوێرن تا پارەکەیان ئـەبڕێتەوە کوڕەش ناتوانێ هیچ ئیش بکات دۆش دادەمێنن •

شەوێ لە ئاهەنگی خۆیانا ئەبن هارون الرشیدو جعفرو مسرور بەخۆ گۆڕین بەشاردا ئەگەڕێن • هاروون گوێی لە دەنگی عودو گۆرانی ئەبێ • بێ‌اختیار سەردەکا بەژووراو سلاو ئەکاو دائەنیشێ ئەڵێ : ئێمە سێ دەروێشین هەر یەکە لەلای خواوە ئیشنـــــیکی داماوانمان پێ‌سپێراوە ئێوە نەختێ درێژە بدەن بەئاهەنگـــــەکەتان ئێمەیش مرادتان بەجێ دێنین زنە بەسۆزی عەشق‌و کورە بەناڵەی غەریبی‌یەوە وای ئەڵێن هارون زۆری پێ‌خۆش ئـەبێ • لێیـــان ئەپرسێ چیتان ئەوێ ؟ کورە بەسەرگوزشتەی خۆی ئەگێڕێتەوە کە بە تجارەت هاتوەو ڕووت کراوەو زنەیش کەزنی فلان کەس بوەو جۆنیان لێ‌داوەو کابراطەلاقی داوەو لەم کوڕە مارە بەجاش‌کراوەو ئێستا قاضی ئەیەوێ بەزۆر مارەی کاتەوە لـــــەمێردی پیشووی • هارون ئەڵێ ئێوە گۆرانی خۆتان بڵێن • ئێمە دوعاتان بۆ ئـەکەین خوا چارەتان بۆ بنێرێ •

بەیانی هارون ئەمر ئەکا قافڵەیەك لە قوماشی شام تەرتیب بدەن‌و کاغەزێ بەزبانی باوکی کورەوە بنوسن کە خەمەرم زانی ڕووت کراوی واسەرلەنوێ ئەوەندەی ترم بۆ ناردی • قاضیش زنـــــە بانگ ئەکا ئەڵێ :مەترسە لەو کوڕەت ناسێنمەوە • کورەخانویەکی

گەورە ئەکرێو ژنەش جلوبەرگی جوان لەبەرئەکا • هارونیش ئەڵێ : بابچین بزانین لەچییان ؟ کە ئەچن لەدەرگا ئەدەن جنێویان پێئەدەنو دەریان ئەکەن گۆرانییان بۆ ناڵێن • هارون زۆربەسـت ئەبێو جەعفەر بەئیشارەت بەکوڕە ئەڵێت ئاگات لـەخۆت بێ کەی باوکت خەبەریتۆی زانیو کەی واکوپر قافلەیتریبۆرێك خسی ئەمە هیمەتی دەروێشانە • دەروێش مەرەنجێنە خێر دەماریشامی لە کەللەیا دەبێ • نایبیەت • دەریان ئەکاە

خەلیفەیش بەجەعفەر ئەڵێ : ئەمە بەدنمەکە • بەیانی زوومالْ کوتالْو ئافرەتی لەگەڵ بارکەنو مەهێڵن لەبەغدادا بمێنن ئەمانەهیچ وەختێ بۆ ئێمە خێریان نەداوەتەوە • پیاو سپڵەو •دنمەكوبەدخوو بێوای لێدێ لەقە لەخێری خۆی ئەدا

ئەسـکەندەر نیـیە دیوە

خوداوەندی عالەم ئەسکەندەری زاڵ کردبوو بـــەهیچ سوسی نەدەهێنا پادشاهانو خواوەندانی ئەو زەمانە کەبە شـەڕ دەرەقەتی نەئەهاتن بەسحر بەفریان بەسەرا ئەباراندن •بلبا عەیاریان دەنارد ئەسکەندەریان لەخەودابێهۆش ئەکردو ئەیان دزی جارێکیانیەکێ لە خواوەندەکان کە مەرجانەی جادووی لەژێر فەرمانــــدا بوو ناردی بەسیحر ئەسکەندەریان دزیو جادوەکـە خۆی خســـتە شکڵی ئەسکەندەرەوەو لەسەر تەخت دانیشت هەموو شـــازادەو پاڵەوانەکانی یەکە بەیەکە تۆراندو دەری کردن کەسی لـــــە

ئۆردودا نەهێشت • رۆژێ ارسطو مهتر نەسیمی عیاری بـــانگ کرد وتی : باباتەمە ئەسکەندەر نی‌یە ، جارێ کەس نەی دیـــوە عیادەت بکا ، دوای ئەوە پاڵەوانی وەك محمد شێرزادو لەندەهوری دەرکردلام وایە ئەمە جادویەکەخۆی بردۆتەرەنگی ئەسکەندەرەوە باباوتی :چی‌بکەین ؟ارسطو وتی :جارێ ئەمەیە ەهـەرچی‌علماو مشایەخێ هەیە لەبارەگـادا کۆنەوە ، زێـوەری ابراهیم بخـوێنن ئەگەر جادووبێ ئەوا رادەکا • کە کۆبوونەوە دەستیان کـرد بـە خوێندن • جـادوو رەنگی هـەڵبزرکا و چـوە شکلی دێوێکـەوە ئەندوورە زەناں چوو بە ئاسمانا •

دەردی درێژی تۆبە لە ماڵتا تـــەڕ ئەبم

خوا لە گشت لایەکیان خۆش بێ • شـێخ سەعیدو شـێخ محمدی مفتی پەنجا ساڵ لەمەوپێش بۆ خـوازێنی هاتنە هەڵەبجـە لە کۆشکە مەشهورەکەی محمود پاشادا لە گوێ دەریاچە کورسی یان دانابوو دانیشتبوون • دەمی ئیوەرۆ دەستەی کوڕگەل ئـەو کورسـی‌یەی محمود پاشـاو مفتی‌و شـێخ سعیدی لـەسـەر بـوو نخونیان کردەوە هەرسێکیان کەوتنە حەوزەکەوە محمـود پاشـاو شێخ سعید کەڵەگەت بـوون سەریان بـە دەرەوەبوو ، بەڵام مفتـی وەختەبوو بخنکێ هێنایانە دەرەوە • محمود پاشـا فـەرمووی : ئـا مفتی کەڵەگەتی بۆ رۆژێکی وا باشە پیاو ناخنکێ • مفتی فەرمووی ئەمە دەردی درێژی‌ی تۆیە لە ماڵی تۆدا من تەڕ دەبـم • محمـود

پاشا جوابی دایەوە : گەردشی ئێوە نەبێ تا ئێستە ئەم حەوزە پیاوی گەورەی تێ نەخراوە ئەمانە هەموو نۆکەن •

داش بـــە داش

حاجی ئەوضای گۆجەی خـەیات زۆر مەشهورە بە گفتـەو ســە کردە پیاوێکی نایاب بوو ەجارێك ئەیەوێ بچێ بۆ بەغدا ، رێ ترسی ئەبێ ئەوسەردەمە سەفەری قورعە ئەنێرن بۆ بەغدا ضبطیەو قەرە بالغ نایکاتە نامەردی دەستێ جێ کۆنی ضبطیە لەبەر دەکاو شوێنیان دەکەوێ •

یەکەم قۆناغ (تیمار) ئەبێ دەگەنــە ئەوێ ، بـــەعادەتی کۆن خانەبگیر هەر کەسە روو دەکاتە ماڵێ • ئەویش ئەچێتە خانەخوی یەك تەنها ئافرەتێك چەند منالێك ، پیاویان لە ماڵ نابێ • ئـافرەت هەڵدەپێچێ، قبوڵی بەمریشکم ئەوێ•ئافرەت زۆر ئەپارێتەوە•رازی نابێ مریشك ئەگرێو سەری برێو چەڵتووك دێنێ بـەدۆڵ بیکوتێ • بەحاجی ئەڵێ : فوویەك لەو ئاگرە بکە بایەکی لێ دەبێتەوە • ئێتـر فزە ناکات • ئافرەت مریشك بەرئەدا • ئەڵێ ئێتـر رووی نایـــە داوای شت بکا ، ئەویش دادەنەوێ دەسکی دۆڵ هەلگری ، دەردی حاجی لێ بەسەردێ • ئینجا حاجی بانگ ئـــەکا : نێ بـــەتێ مریشکەکەم ئەوێت •

ژن هێنان بە ڕۆژنامەو ئاسکۆڵ شـــارەزوری

- ١ -

برادەرێکی ئیشکەری چاپخانەکەمان کە نـــــاوی (. . .) أفندی‌یە کوڕێکە نەوجوانو خوێندەوار خەریکن ژنی بۆ بێنین . دایكو خوشكو کەسو کاری نی‌یە تاشەڕی بووكو خەسووی‌لێ پەیدا بێ . عارەق ناخواتەوە . قومار نـــاکا ، جگەرە ناکێشێ . خۆش صوحبەتە .

هەڕاج ، هەڕاج ، کێ شووی پێ ئەکا ، یا کێ کچی هەیـــە بیداتێ بۆمان بنووسێ .

ڕۆژنامەی ژیان : ١٨/٤٧٥ ی نیسانی ١٩٣٦

- ٢ -

موحتەرەم خاوەنـــــدی ژیـــان

لە ژمارە (٤٧٥) دا بڵاوتان کردبووەوە کە گوایا (. . .) ناوی برادەری مطبعەتان خۆی خڕ هەڵداوە بۆ پەیدا کردنی ژنێك جا لەبەر ئەوەی من بەتەواوی لە ئەوصافو ئەخلاقی ئـــەو کوڕە نەگەیشتم نەمتوانی خۆم سەربشك بکەم بۆ هاورێ‌یەتی ئەو کورە تکا ئەکەم ئەمجارە لەلاپەرەی ژیاندا باسی ئـــەمانـــــەی خوارەوە بەیان بفەرموون :

خەڵکی کوێ‌یە ؟ کوردە ، عەرەبە ، تورکە ، فارسە چی‌یە .

چ زبانێك ئەزانێ . چ شتێك باش ئەزانێ . لەکوێ‌خوێندویەتی

بەرزی ، یانو پۆری ، قورسی چەندە ؟

رووی ، چاوی ، لووتی ، دەمو دانی چۆنە

قژی لوولە • زەردە • رەشە • یان بۆرە ؟

عومری چەندە • ژنی تری هێناوە یان نا ؟

هیچ نەخۆشی هەیە یان‌نا • خێزانەکەیان هیچ نەخۆشی وارثی هەیە یان نا ؟ ئەگەر ئەتوانێ وێنەیەکی خۆی لە ژیانا بکێشێت •

ئینجا لە ژمارەی دوایبدا منیش ئەوصـــافی خۆمنان پێش‌کەش ئـــەکەم •

ئاسکۆڵ شـارەزووری

جوابی رۆژنامەی ژیان

ئەو کورە کەلەژیاندا بەیان کرابوو دامەزرا ، ئـەمما تۆ خاوەنی ئەم فکرە بەرزە بێ‌مشتەری زۆر باشت بۆ پەیدا ئەبێ‌و بـەمەرامو مەبەستی خۆت ئەگەی •

ژیان : ٤٧٦ / ٢٥ ی نیسانی ١٩٣٦

- ٣ -

دیسان ئاسکۆڵ شـــارەزووری

لەژیاندا اعلانێ بۆ (• • •)ئەفەندی نووسرابوو ۆ من زۆرم پێ‌خۆش بوو کەرەوشتێکی مەدەنی کەوتە شارەکەمانەوە،هەرـ نو (پیرەمێرد) ی ژیان لەپێش ئیرانو سوریـــەو حیجازدا حروفی لاتینی خستە ناوەوەو پشت ئەستووری دابە ژیانو ژنان •

منیش ئارەزووم کرد ئەم رەوشتی بەرۆژنامە شوو کردنە بکرمو
بەراستیشمە یەکێکی هاورازو هاو مەغزو هاوگیان بدۆزمەوە ببین
بەهاوبەش ، هەڵکردو لانەیەکی بەختیاری دابنێن‌و نەوەی
خوێندەوارو بەکار بۆ وڵاتەکەمان پێبگەیەنین •

ئنجا باجارێ تێتان بگەیەنم کەمن کێم‌و چیم‌و کێم ئەوێ ؟

من کچی پیاوێکم کەزۆر لە تورکیا بووە ، عومرم نۆزدە ساڵە
هەرچەند بەاتفاق ئەخلاق‌و علم لە جوانی لەپێشترە • من خۆم
جوانیم لەلا دەرەجەی سێیەمە • لەگەڵ ئەویشدا خەڵك بەجوانم
ئەزانێ ، لە أقوییمی‌و تەگبیری ماڵ‌و نەخش‌و نیگارو ماکینەدائەتوانم
بڵێم تحصیلم تەواوە • عاشقی فەن‌و صنایعی نفیسەو بدایعی طبیعتم
لەبەر ئەوە وەك مریشك نایەمە کوولانەوە • لە خۆێشم نائرسم
چونکە وبۆم ساغ‌بۆتەوە کە زەوق‌و گیان‌و بەختیاری خێزان ئیمان
بەخۆشەویستی مێردو مێرد خۆش‌ویستنە • من کە مێردم‌بەرست
بێگومان ئەویش منی خۆش ئەوێ ، لەهەموو دیمەن‌و سیمایەکدا
شێوەی مێردی خۆم ئەبینم ،دنیا لام پەشم ئەبێ ، لە رەفتاروکردارم
دا شوبهەو گومان نایێ ، بۆیە خواهیشی دەستی یەکێکی خوێندەوار
ئەکەم کەلەمن بگاو بەنووکە شەق کەرامەت‌و نەفسیەتم نەشکێنێ
ئەوسایە کەبێقەدر بم خۆم بەصاحیب ناموس نازانم ، بەلام کە
قەدرم گیراو خۆم بەخاوەن شەرەف‌و ناموس زانی هەرگیز
ناموس‌شکێنیم پێ ناکرێت •

ئەمەویٚ کە بەیانی‌یان لەپێش هاوسەری ژیانمدا هەڵسام‌و بە دەستی خۆم شیرو چام بۆ دانا بەناوچەوانێکی رووناك‌و روویەکی خۆش‌و لێوێکی زەردەخەنەو شێوەو سیمایەکی مەردانەوە وابکا کەچوو بۆسەر وەزیفەو ئیشی خۆی بەدڵ بیری بکەم وکاروباری ناومالٚ، بەنەشئەی ئەو خۆشەویستی‌یەوە ببینم ئێوارە کە هاتەوە بەپێکەنینەوە چووم بەپیری‌یەوە ماندوێتی‌و رەنجی ئەو رۆژەی لە دڵ دەرچیٚ‌و شان بەشانەوەو گیان بەگیانەوە رووبکەینە دەشت‌و سارا • خۆزگەر خوا بەچەیەکی پەیوەندی گیانمان بداتێ لەگەڵ ئەو بەندی جگەرەماندا لەکەناری ئاوێك تەماشای طەبیعەت‌و بەرهەمی ژیانی خۆمان بکەین •

ئنجا ئەو بەرهەمی ژیانە بەکشتەکێکی رووناکی‌و ئاوریشم دوو گیان بەیەکەوە ئەدرویٚ‌و بەختیاریەك ئەخاتە ناو ماڵەوە کەببێتە نموونەی ژیان‌و گوزەرانی نەتەوەیەك •

هەر نەتەوەیەك کە پیاو وژنیان خوێندەوار بیٚ‌و مەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی بزانن‌و منداڵیان بەهەستی میلی‌و نیشتمانی پەروەردەو گۆش بکەن هەڵبەتە ئەو نەتەوەیە هەمیشە لە پێش ئەبن •

ئەمە من سروشت‌و رەوشت‌و بیرکردنەوەم لەسەر ئەمەیە کە نووشی کەسێك بم کە بەختیاری خێزان ببینم‌و نەوەیەکی بەنرخ بۆ نەتەوەکەم پیٚ‌بکەیەنم‌و بەیادگاری باش بۆیان بەجیٚ بهێنم •

ژیان : ٤٧٧ / ٢ ی مایس ١٩٣٦

تێبینی : بەپێی پێویست چەن وشەیەکی عەرەبی ئەم نووسینەمان کرد بەوشەی کوردی پەتی تا چێژی تەواوی لێ وەربگیرێت •

ـ بڵاوکەرەوە ـ

باشم بۆ قووت ئەچێت

جاران جوولەکەی ئەم شارە کە خەڵك بەجوولەکەیان ئەزانین‌و شەموان ئاگریان بەرئەدایە ریشیان لەتاوان هەریەکەیان خۆی کووتابووە پەنای شێخێك یا بەگزادەیەك یا ئاغایەك خزمەتیان ئەکردن • یەکێکیان بوو بوو بەپیاوی بەگزادەیەکی سەربە گیچەڵ کەپارەی نەبوو بەجوولەکەی گوت : هەندێ پارەم بۆ پەیدا کە وەختی خەڵەو خەرمان ئەتدەمەوە ، وتی : بەگم نیە بەلام صالحە خی‌خی هەیەتی بەسوود ئەیدا ئەچم لێی ئەستێنم مانگەو مانگ، سوودەکەی خۆم ئەیدەم ، بەلام دنیامردن‌و ژینە بەڵکوو بەمزووانە ارەت نەبێ سەنەدێکم بۆ بنووسە •

ئەویش لەکاغەزی ئاو هەڵچنە دوو کەلیمەی بۆ نووسی ، جووە وتی : قوربان ئەم پارەیە زوو نادرێتەوە و ئەم کاغەزەیش تەنکە زوو ئەدرێ ، پارچەیەك مقەبای هێنا ووتی : لەوەم بۆبنووسە • لە مقەبا سەنەدی بۆ نووسی‌و سا زۆری پێچوو ، کەمی پێچوو سایل پاشای قورت هاتە تێرەو هەرچی زۆردار هەیە حەبسی ئەکردن و دارو فەلاقەی دانابوو ، جووە بەهەلی زانی ، هاتە سەربەگ وتی : هەر ئێستا پارەکەم بەویتەوە ، ئەی نەپراند خۆی

گیف ئەکرد ، سا هەر چۆنێ مۆڵەتی لێحواست تاپانزە رۆژی تر پارەی بداتەوە • خوا راستان سمایل پاشا زۆری پێنەچوو گەرایەوە رۆیی ، جووە لەترسا خۆی کوتایەوە لای بەگ و تەفرەیدا وتی قوربان خزمەکانی خۆت هەڵیان فریواندم و صالحە خی خی هەڵی پێچام • ئەویش وتی : قەیناکا ، چونکە من پارەکەم بۆ پەیدا کردووی بچۆ سەنەدەکەت بێنە پارەکەت بدمەوە • جووە سەنەدی هێنا نیو تەبەق مقەبا بوو • بەگ زۆری لێ کرد وتی ئەبێ ئەم سەنەدە بە ساغی قووت دەی ، لە پێنی گیرا ، چاوی زەرد بوو وەختەبوو بخنکێ بە هەر رەنگێ بوو قووتی داو نەیشی ئەوێرا بروا ، تا جارێکی تر بەگ پارەی ئەویست دیسان لەوی سەند • ئنجا چووە لای حەڵواچی بە قەد بەری لەپێ حەڵوای وەك کاغەزی بۆ دروست کرد کە پێی ئەڵێن : کاغەزی حەڵوا • هێنای وتی : قوربان سەنەدەکەم لەمە بۆ بنووسە شیرینەو تەنك بانشم بۆ قووت ئەچێ •

کوستە کوستە

مەلا عەلی سیارە بوو لە سیتەك بە منداڵانی ئەخوێند ، وەك لە حیکایەتێکی بە شیعردا نووسراوە ژنێکی کەتەی دەم هەراشی چل شووکەرەی ئەبێ ، پێی ئەڵێ : مەلا ! تۆ بە مانگی سێ پارە سێ پارەی قوتابی هەڵ ناکەی ، من بە مامانی چل قرانم کۆ کردۆتەوە بیبەرە شار بیدە بەکەرێك جاروبار دارو باری پێ بکێشە لەمە

چاکترە • هەڵدەستێ پارە ئەباو ئەچێتە مەیدانی کەر فرۆشەکان
گوێ درێژێکی باش ئەکڕێ و هەوسارەکەی ئەبەستێتە قۆڵی رای
ئەکێشێ سێ کەسی جوختی ئەڵێن : با کۆتە کۆسنەی لێ بکەین
ئەم کەرەی لەدەست دەربێنین • یەکێکیان ئەچێ بە خۆشی
و چلۆنی ئەیگرێ ، دووەمیان هەوساری کەرەکە ئەکا بە سەری
خۆیەوەو بە پێی و داوی کەرە ئەڕوا بە رێوە ، سێیەمیان کەرەکە
ئەدزێتەوە ئەیبا ، مەلایش جۆشی سەندوە حیکایەت بۆ کۆتە ئەکا
دوایی ئەویش ئەڕوا تەنها ئەوەی خۆی لێ کردبوو بە کەر
ئەمێنێتەوە ، ئەویش پێ لە زەوی توند ئەکا تا مەلا ئاوڕ ئەداتەوە
ئەبینێ واکەرەکەی بوە بەپیاوێک ئەڵێ : کورە تۆ چیت ؟ ئەڵێ
کەرەکەی تۆم • ئەڵێ : چۆن کەر ئەبێ بەزەلام و گفتوگۆ ئەکا
ئەڵێ من لەپێشدا ئەم پیاوە بووم کەئەمبینی ، رۆژی سەرخۆش بووم
لە دایکم داو دوعای لێ کردم بووم بەکەر ، ئەمڕۆ ئەتێتا لەمەو
کۆلانەدا منی دی بەزەیی پێماهات دوعای بۆ کردم بووەمەوە بە
ئینسان ، ئنجا تۆ بلەرمت بێ داوم بلەرم بێ بکێشە جێم لێ ئەکەی یەکە
مەلایش بەزەیی پیاهاتەوە وتی برۆ بەڵام هەوسارەکەم بەجێ دەرێ
ئەیبەم بەنیشانە بۆ ژنەکەم بالێم ئەدا ، هەوساری پێ دەوەستێتەوە
خەڵکو خوا پێی پێئەکەنین و بەنجا قرانیان بۆ کۆکردەوە پێیەوە
شار گوێ درێژێکی تر بکڕی تێ فکری وا کەرەکەی لەمەڕ مقتۆی
ئەفرۆشن سەری نایە بناگوێی وتی : دیسان زەقە بووتەسەکەت

خواردەوە بڕۆ هەر کەربە ناتکرمەوە • چوو لەولاوە کەرێکی تری کڕی‌و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە •

پاداشی درۆ با هەر درۆ بێ

یەکێ لە بەگزادەی ئەردەڵانی کەزۆر ئارەزووی راوی بوو ، وە زیاتر لە راو مەیلی بەقەشمەری‌و گاڵتە بەعەوام کردن بوو لەسەری بێکەسە کۆشکێ دروست ئەکاو ژنێکی تیادێنێ کەهات بۆ راوی ئەو ناوە شەو لەوێ بمێنێتەوەو هەر لە تەنیشت کۆشکەوە کاروان سەرایەکی لێ ئەکاو ئەگەر رێبوار شەویان بەسەرا هات بێن تیا بحەوێنەوە ، رۆژێك لە راو دێتەوە ئێوارە وەختەیەکو درەنگ ئەروانی‌واقەلەندەرێکی بێ‌ریش‌و سمێڵ روو ئەکاتەکاروان سەرا ، ئەڵێ بۆم بانگ بکەن • شخصێکی عەجایبی عەنتیکەی دێتە پێش چاو • ئەڵێ : دەرویش ئەم ئێوارەیە لە خزمەتدا بین پێکەوە نان بخۆین • قەلەندەر دادەنێ‌و خۆی دێتە دەرەوە • تەرتیبی هەوێنێکی قەشمەری ئەکاو رائەسپێری کە ئێوارە وابکەن • دێتەوە لای قەلەندەر ئەی‌دوێنێ تێ‌دەفکرێ دنیا گەڕیدەو تەجرەبەدیدەیەکی تەواوە • ئێوارە سفرەیەکی جوان ئەرازێنێتەوە کەوچك‌و چنگاڵ‌و قاپ‌و خاولی‌و سفرەچی لەپێشدا کلسە فەغفوریەکی قووڵی سەر داپۆشراو دێنێتە سەر سفرە دائەنێ ، کەسەری هەڵ ئەبڕێ هیچی تیانی‌یە ، کەوچك ئەگرێ بەدەستەوە ئەڵێ دەرویش فەرموو ئەمە (دوگون چورباس) ی پێ‌ئەڵێن • • خۆی لەپێشەوە

گوایە کەوچکێکی لێ ئەخوا ، وەکوو شوربایەکی زۆر نایـــــابی خواردبێ . قەلەندەریش هیچ خۆی ناشلەژێنێ بەدەستوری ئـەو ئەڵێ : ئۆف چەند خۆشە ئەمەم مەگەر لەماڵی شازادەی تیـــــران خواردبێ . بەورەنگە هەشت‌نۆقاپ دێنن هەریەکە بەناوێك قەزانمە بۆرك ، سەبزە فرنی لەودەمەدا بەگ بانگ ئەکا شامپانیاو ویسکی بێنن ، سوراحی جوان‌و قەدەحی زەرکفت دێنن ئەوانیش هیچیان تیانی‌یە ، بەگ قەدەحێ تێ‌ئەکاو ئەڵێ : چەرێو بەشەرەفی میوانی خۆشەویست . ئەویش قەدەحێ تی‌دەکاو ئەڵی : بەشـەرەفی مس فس پاڵەوان . گوایە تەواو سەرخۆش ئەبێ ئەنەرێنێ‌و راســـــت ئەبێتەوە تا خوا هێزی داوەتێ زللەیەك ئەکێشی‌بەبنا گوێی بــەگا عاقڵی ئەکا ئەڵێ شەرابی قەشمەری‌و بەدمەستی سەرســــەری . . ئیتر بەگ ئەمر ئەکا نانێکی زۆر بـــــــــە تەرتیب دێنی‌و حەلاتی قەلەندەریش ئەکا .

خو ملم نیم وە دەنووك شـــەر بکەم

هەولی فەقێ قادری گورگەدەری جارێکیان بەپیادەیی کلغـەزمان پیا ناردبوە سنە لەوسەرەوە کە دێتەوە هەر لای قشلاخیەکان‌تووشی سوارەیەکی قشون دێ وا گرِی ئافرەتێکی داوە خەریکە بـەزۆر ئەیبا ئەمیش تەنیا کووتەکێکی بەدەستەوەیە پەلاماری سـوار ئەدا جڵەوی ئەگرێ‌و دای ئەبەزێنێ خۆی سواری ئەسپ ئـــــــەبێ‌د تفەنگەکەیشی لی‌سەندبوو . زنە قشلاخیەکە ئەڵێ بەم‌مەردایـەتی

یەوە ئیسرپست زۆر لەمن بکەی • ئەویش ئەڵی : کەنێ من سـوار
بووم پام لەنو ئاوزەنگیا .دەستێکم بەجڵـــەوەوە بوو دەستێکم وە
تفەنگەوە .خۆمامر نیم وەدەنووك شەڕ بکەم • ساتەرە ئـەو ئازاس
داوەزێ وەزۆران بازی بزانین کاممان ئازاین •

دەرمانی چاویەشەو شلەحەی حەی

هارون الرشید زۆر جار بەرگی ئەگۆڕیو وای لەخۆی ئەکر.
نەیناسنەوە ئەگەڕا ، تابزانێ گوزارشتی شار چۆنەو چی‌یە ؟ زۆر
ر جەعفەری لەگەڵ‌خۆی ئەبرد ، ڕۆژێ ڕوو ئەکەنە ئەولای شار
وائەبینن عەرەبێکی دەشتەکی زرتە بۆز لابەلا سواری دێڵەکەرێ
بووە چلوی دابەستووە بەعەتابەو مەووال وتن ڕوو ئەکاتە شـــار
هارون بەجەعفەر ئەڵی بیدوێنە • ئەویش ئەڵی : جنێومان پێ‌ئەدا
ئەڵی ئاخر منیش بۆیەك ئەڵێم جنێو بدا • جەعفەر ئەچێتە ســـەر
ڕێی دەستی لە مل کەرەکەی ئـــەکاو ماندوو نەبوونی‌یـــەکی
گەرمی لێ ئەکا • کابرا بەتوورەیی‌یەوە ئەڵی : تۆ دەســــــــت
ئەکەیە ملی براکەت لەگەڵ ئەو بدوێ دەخڵت بەسەر منەوەچی‌یە
ئەگەر دایکت ناردووتی من هیچ لەبیرم نەماوە کەی دایکم دیو.
خۆ ئەگەر لەوانەی بۆ مشتەری ئەگەڕێیتو لەناو شــــــاردا
مشتەریت دەست نەکەوتوە ، عەرەبی دەشتەکی‌و ئەو پیشە حیـزە
جەعفەر ئەڵی : نەدایکم .ناردوومی‌و نەلـــە دووی مشـــتەری
ئەگەڕێم .ەزەیم پیانا هاتەوە چاوت دەیەشا ، منیش کەمێ دەسـی

حەکیمیم هەیە دەرمانێکت بێ ئەڵێم بیکەیتە چاوت زوو چاك ئەبێتەوە کابرا وتی : دەرمانەکەت چی‌یە ؟ جەعفەر بۆی هەڵــــدا : رۆنی هەتاو ، دەنگی دەهۆڵ ، رەنگی ئاو ، تیشکی ئەستێرە ، خشـــەی گاگیرە ، سێبەری منارە ، وەفای خەڵکی ئەم شارە ، چاوی مـــار پێی موور ، دەوڵەمەندی‌ی مەئموور ، ئاشتی‌ی مـــیرات گر ، یەکبەتی‌ی دوو برای تێرە ، ئەمانە شەش مانگ لەبەر سـایەقەی هەساو دانێ ، شەش مانگ لە دەسکاوانێکی بێ‌بندا بیکوتـــە ، شەش مانگ بیخەرە بەر رەشەبا ، ئنجا بیکەرە کلتووری بن کلکی ئەو دێڵەکەرەوە بەکلچێوکی بەرەقی تێرەکەر بیهێنە بـــەچاوی سەرو خوارتا ، چاك ئەبێتەوە . یابە نەختێ خۆی بۆ جوولانـد یەکێکی کەرەنایی بو کێشا ، وتی ئەمە جارێ پێشــەکی (حق القدم) کەچاکیش بوومەوە کۆنە کارەکەریکی قولەرەشی سەنکم ماوە ئەتدەمێ ، ئەوەندە زلە بەخۆت‌و ئەو هلوری‌یەی کە پێمان پێ‌دەکەنی‌و وەکوو پێی خۆش بێ کەتۆ بەجێیو بگەیەنێ بەیانی لە ئاشخانەکەی دوایەوە قاوەڵتی شلە حەی حەی بکەن بۆ تێوارە نان خواردن ئەگەنە میوانخانەکەی پێشەوە .

قورتی نـەگبـەتی

سالحە خێ‌خێ پارەی بەسوود ئەدا بەخەڵکی ، زۆر تـەماعکارو منجەمنج کەربوو لە گەرەکی سەرشەقام دائەنیشت ، رەشـــــیدی حەمە صالح بەگە دزە هەندێ پارەی لێ‌سەندبوو ، نەیبوو بیداتەوە

هەموو رۆژێ ئەهاتە سەری ، رۆژێکیان زۆری تـــەنگەتاو کرد بەڵێنی دایە بەیانی هەرچۆنی بێ پارەی بۆ پەیدا بکا ، خۆ لـەهیچ لایەکیشەوە دەستی نەدەکەوت ، هێشتا بۆی نەکرابوو لـــەماڵ دەرچێ صالحە خێ خێ بەردەرگای پێگرت ، ئەویش لـــەتاوان پەیژەی داناو سەربان کەوت ، خاوەن قەرزیش چاوی لێبوودەرکی کردەوەو بەپەیژەدا سەرکەوت ، بانەوبان راوی نا ، رەشید خۆی فرێدایە حەوشی ماڵی خلە بن جووەوە ، تومەز خلە نـەخۆش بوو لە حەوشە راکشابوو لیفەی بەسەرا هەڵکێشا بوو دیار نـــەبوو ، رەشید وای زانیبو نوێنە هەڵچنراوە ، بازی دابووە سەری ، خلە هەناسەی بەبەردا نەهاتەوە ، مرد ژنە تەڕ پیرەکەی خلە بەهاوارو هەرا دوای کەوت ، ئەویش لە دەرگای حەوشـەوە بۆی دەرچوو خێخێش بەدوایانەوە . گەیینە کۆلانە تەنگەبەرەکەی بـــەر ماڵی حەمەی حەلوا ، ژنە ئابلاخیەك مەشكە دۆیەکی دانابوو بیدا بــــە مالان بەلام سەر ڕێگاکەی گرتبوو رەشید تەڵەمبازی دا پێی لــــە مەشکە دۆ گیرا ، مەشکەی شەق کردو بۆی دەرچوو ، ژنـــــە ئابلاخی لەوان شێت گیر تر ، هالیرەو هالەوێ بەشوێنیەوە ئـــەی قریشکاند ، گەیشتنە بەر حەمامی سورەت بەهێ شێت لـــەوێ تەبەقێ حەلوای پێبوو ئەیفرۆشت کەزانی وا کابرا رائەکا شێتانە هات دێی لێ بگرێ شانێکی لێدا .

له قەرەداغەوە بە ناوی « میشو » وە (گوران) ناردویـــە

شاری سلیمانی خرۆشاوە کەوتوونەتە مەراقەوە (پیرەمێـرد) میزاجی تێك چووە خواردنەکەی جارانی نەماوە • خزمێکی نزیکی ئەڵی : بەیانی بەشیرو چاوە کاسەیە ماستی بـــــەچوار کولێرەوە خوارد بوو هاتە ئیدارە خانە سید حسین حوزنی کەمۆڵەیە تەشریب وە سینی‌یەك فرنی دەرخواردداە ، لەدوای ئەوە کەبابی لەگەڵشیخ مجید خوارد ، تری‌و شوتی‌و کاڵەکو هەڵووژە چی‌یە ؟

گەورەو بچووکی شار هەر کەسە بەپێی تواستی خۆی هەرلـە دانوولەوە تا قەرەخەرمان شتێکی قەرار داوە کە کەوتـە خواردنی تەواو بۆی بنێرن ، منیش بەم لاتو لووتی خۆمەوە نەزرم‌کردووە گایەك لە مدیر بدزم بۆی سەربڕم بەتەنیا نۆشی گیانی کا •

(مێشـــــۆ)

مشەی مێشۆمان لا گیزەی مێشە
لەساو ژیاندا خواردن لە پێشە

ئەگەر ضیافەتی رەئیـــستان ئـــەدی
ئـــەکەوتنە تەحا وەك نەدی و بدی

(پـــیرەمێرد)

م • نوری کۆنە شاعیر یەك دوو ساڵە چیکلدانـــەی شیعری ون بووە ، بەبەرۆش بەشوێنیا ئەگەرێ ، خەبەری دائیرەی شـــرطەی

داوە گەڕاون نەلەلای زاڵم نەلەلای مەزلوم نەیان دیوەتـەوە لـــە دۆلابی حسـاباتا لەگەڵ (لە خەوما) ی جەمیل صائب بەیەکەوە نە خـــەوا بوون •

(مینشــــــۆ)

شەهیدی خنجری عشقیم و برنمی خیزیم
مگر مسیح بگوید : کە قم باذن اللّه
زێوەر ئێستاکە پەرەسێلکەیە
تەنها گۆرانمان لەسەر هێلکەیە
بۆ قەشقۆڵی چوو مصطفی صائب
ئەڵێی فەقێیەو ئەچێ بۆ راتب

زیان : ٤١١/١٥ ی ئەیلولی ١٩٣٤ پیرەمێرد

شـــیرازەی زەللەی مصطفی افنـــدی

+ سواری تانجیەکە بووم ، ماینەکەم شوێن کەوت
+ درەنگە ئەچین بۆراوەقاوەیە بەدەن بە تانجیوشێخم بۆرست کەن
+ یا مانگا ئەمر کەن شێخێکم بەنێ
+ سواری ماین خنوبی بوو بووم هەر چەند کلکم لێئەدا ئـــنو زەنگی ئەکرد بە چەتر لە سورداش گـەرامەوە ســـواری (••• بەك) ئەبم ئەچمەلای اوتومۆبیل
+ ئافرەت تۆ بۆچ ئەوەندە شیرە شێپ ئەکەی ، برۆ بەرۆکمان بەردە ئەگینە هەڵسم سەد (•••) لە شەقت هەڵئەدەم .

+ مشکمان ئەخوارد چێشتی بشیلەیەکی بەسەردا هێناین لێمـــان حەرام بوو

+ (دوعای پاش نوێژی بە دەنگێکی بەرز) : خوایــە پێغەمبەرم زۆرە گوناهم بکەی بە شەفیع •

+ باوکی لە سەگا وەك قەبر ئـەوەڕی •

مصطفی افندی وەك زەللەی زبانی هەیە ، زەللـــەی کردەوەی زۆرترە ، شەوێ لەگەڵ حاجی محمد ئاغای خاڵیا لە دێیەك میوان ئەبێ جێ نابێ ، لە گەڵ خاڵی ئەنوێ ، شەوێ دەست ئەکاتە ملـــی خاڵی بەرە بەرە لێی زیاد ئەکا ، خاڵی خەبەری ئەکاتەوە • ئەڵێ مچە لەعنەتی ئەوە چی ئەکەی ؟ ئەڵێ : ئای خاڵە چۆن ئەوە تۆی بەخوا وام زانی ژنەکەمی •

راستی‌یەکانی مام چەوەندەر

جارێ پیاوێکم راونا لەبێستانێکدا ، لیم گوم بوو ، دوایی گەراین کونی کردبووە ترۆزیەك خۆی لەناو ترۆزیەکەدا شاردبووەوە •

لە شەڕی سەلمانی پاکا پێنج فیشەکم پێ مابوو ، شەش دوژمنـــم پێ کوشت فیشەکێکم بۆاحتیاط هەڵگرت • تەیارەیەرووی تێ کردین چاك بوو ئەو فیشەکەم پی مابوو تەیارەکەم پی هێنایە خوارەوە •

با بمرم لە غەریبی‌دا

ژن و مێردێك لەژێر جێگادا شەریان ئەبێ ، ژنـــەکە پیاوەکە دەرئەکا پیاوە لەودیو بێشکەکەوە هەڵ دەئاژێ ، کچێکیان دەبێ،

دەڵێ : بابە بجۆرە زێر لێفەکە سەرمات دەبێ • بـاوکەش دەڵێ توخوا رۆڵە لێم گەری بابمرم لە غەریبی‌دا

سەری منو کلاوی زور

ئێستا دەمنوسی سدارەم دانا وتم : سەرەکە وەرە بزانم چەنـــد کڵاوت گۆریوە •

١ ـ لە زەمانی فۆتەدا هاتوومەتە دنیا ، بەڵام فۆچکەم بۆشیوە

٢ ـ فۆتە بووە بە تەپلەو جامانە ، تەپلەی هەورامان بە شەدەوشیلان

٣ ـ کڵاو حوشتر کەبۆ ژانەسەر باش بوو •

٤ ـ عەرەقچینی قەرەداخ کە کچە جوولەکە دەیان چنی •

٥ ـ فێست و پسکۆل کەشیدەیان لەسەر دەبەست •

٦ ـ قەڵپاخ ٧ ـ فێستی بێ گوڵنکە ٨ ـ سدارە ماوەتەوە ئەمجارە •

نمای هـــــەورامی

سێ هەورامی بەمزگەوتێکدا رائەبوورن ، وەختی جەماعەت ئەبێ ئەو زەمانەیش جەمعیەتی هیدایەت مەرجی نوێژی نەکردایـــــە جەزایان لێ ئەسەند لەترسا ئەچن بۆ جەماعەت • یەکێکیان ئەڵێ خۆ من نازانم نوێژ چۆن ئەکری؟ ئەویان ئەڵێ: هەرچی مەلاکەرۆ ماش کەرۆ ئەچنە ریزو مەلا ئەچێتە رکوع ، یەکێکیان لــ ەگەڵی ناچێتە رکوع ، ئەویتر بانگ ئەکا چەفتالی چەفتەوە مـــــەلا ـمیا • یەکێکی تریان ئەڵێت : یانەت بڕمی نماکەت بڕیا • سێیەم ئەڵێ هەر خۆم خاس کردم دەنگ لێ نەکردم •

قسەی ئەمو ئەو

حەمە ئاغای عەتار ئەڵێ :

دوکانەکەم لەسەر رێیە
هەرچی دەڕوا چاوم لێیە

ئەحمەد ئاغای رەفیقیشمان ئەڵێ :

من ئاشەوانی قەزاو قەدەرم
لە هەموو ئاردێ تۆزێ وەردەگرم

مام قادریش ئەڵێ :

پیرێکی ژیرم . . . وا گۆشە گیرم

ئەوی تریشیان ئەڵێت :

جارێ وا شاسەری کەوتووە بۆم
نانی سمێڵ و رمی خۆم ئەخۆم
کەوتوینە دەوری بگرەو بەردەوە
یونسمان کەوتە دەریای دەردەوە
(گۆران) کە شیعری کەوتە ناو ژیان
تۆڵەی تاڵی بوو بەسەی و سێنان
عەزیزیش رۆیی بۆ قەرەچەتان
تۆ (بێکەس) دەڵێن : یاهو رمان

وەسمان پاشای سەر تێلی جاف

وەسمان پاشا ئەبوایە هەموو رۆژی ملتی بوایە ، ماستیش

بامۆکەوە ئەماڵی میرزا ئەوڵای پیاوەوە سلێمانی شانەبۆی دەهێنا
سلێمانیش زۆر ئارەزووی ماستی ئەبێ • چونکو سەرتوێژەکەنانی
بشکێ ئەی دەتوانی لێی بخوا ، رۆژێ ئەرێ قامیشی قەڵەم ئەبینی
لوولەی قامیشی ئەبری بەئەسپایی گۆشەیەکی توێژاڵی ماستەکە لا
ئەداو قەڵەمەکە ئەگەیەنێتە بنی جامە ماستەکە توند ئەبێ ناتەبێ
تا بەینی وادەکا دوایی ماست شل دەبی توێژەکەی دەنەوێ ، پاشا
ئەڵی : سلێمان ئەم ماستە لێی خوراوە • ئەڵی پاشا سەیری سەر
توێژی کە نەشکاوە • پاشا دەڵی : سلێمان ئەم قێلەم تێبگەیەنە کە
ماست ئەخۆی سەرتوێژی ناشکێنی بەسەری طاهر کەوایەکت بۆ
ئەکەم • سلێمانیش لوولە قامیشەکە لەبەر پشتێنی دەردێنی لەژێر
توێژاڵی ماستەکەوە ئەیگەیەنێتە بن جامەکەو ئەڵی پاشا فەرموو
پاشا سەری سور ئەمێنی • ئەڵی کەواکەت بکەرە بەرو برۆ
مەیەرەوە بەماڵی منا تازەی، کەڵکی تیرەت پێوە نەماوە •

کفر ئەحمەد

کفر ئەحمەد گوی درێژێك و گایەکی دەبی ، گاکەی قەڵەو ،
بەشانو باهوو توونەدو تۆڵ ، قۆچ وەشێنو دراوسێ لێ بێزاربوو
گۆشتیشی چەورو ئاودار بوو ، ئالیکی زستانی بەشی نەنها لاخێ
بوو ، دەیویست گاکە سەربڕی و گۆشتی و چەرمی بفرۆشی
کەرەکە بۆ دارکێشان بمێنی لەترسی ژنەکەی نەیدەوێرا ئە
چاری نەما هاواری کردە خوا تووشی دەردێ بێ سەری برن

ئەویّ تەویلە رووخا کەرەبەسزمانەکەی لەژێرا تۆپی • گا بە زرتو زیندوویی مایەوە • لەو هەلەدا کوێری بەبەر دەرگادا رابورد هێنای وتی : دەستیان لێدە بزانە گاکامەو گوی درێژ کامە ؟ کوێر نابینی سەری هەڵبری بۆ ئاسمان وتی : کوێر نابینی بەڵام تۆ • • •

گشت چشتی وە نییەتە

کابرایەکی لا دێیی هاتبوە شار چوبووە حەوزی تی‌کەوتنی مزگەوتێکەوەو بەێنێکی رەشی گرێ زۆر لیدراوی لەکەناری ئاوەکەدا بوو • هەر جارێك خۆی لەئاوەکە هەڵدەکێشاو دەهاتە دەرێ گرێیەکی لەبەنەکە ئەکردەوە هاورێیەکی بە دیاریبەوە وەستابوو لێی پرسی ئەرێ برا ئەوەچی ئەکەی ؟ وتی براله هەر جارێ لیم بقەومێو غوسلم بکەوێتە سەر گرێیەکم لەم بەنە داوەو قەرزە لەسەرم وا ئەیدەمەوە • هاورێکەی وتی براله ! بەردت لێ‌ واری ، خومن بۆ ساڵێك پێشەکی جاری وسڵ دەکەم نیەتی ساڵێکی لێدێنم • گشت چشتی وەنیەتە •

لە پێشا تارەت ئەگرێ

سمایل ئاغای یوزباشی رەدیف بوو لەشارباژێر ، مەسینەیەکی بوو کە ئەچوە سەرئاو تارەتی پێدەگرت ، مەسینە شکابوو ئاوی رانەدەگرت پریشی دەکرد لەگەڵ خۆی دەیبرد ، پرسیان : مەسینەکەت شکاوە چۆن تارەتی پی دەگری وتی تەگبیرێکی باشم

ێ كردووه ، هەموو جارێ تامن لێدەبوومەوە ئەو ئاوی تیابەدەما
ێستا نایەڵم ئاوی تەواو بێ ، لەپێشدا تـــــارەت دەگرم ، دوایی
ســەراو دەکەم

ها ئـەوە خۆتو دەســـت نوێژەکەت

پیاو ەاقوڵێك ئەچێتە مزگەوتێکی کەرکوك دەست نوێژ بشــوا
مجەور لولینەی بۆ پڕ ئەکاو بۆی دێنی و ئەیکا بەدەســــتیا تالێ
ئەبێتەوە ، دوایی داوای بەخشیشی لیدەکا ئــەویش دەڵی : بۆچ
ئاو بەپارەیە ؟ ئەی خزمەت خۆراییە ۰ کابراش قینی هەڵدەستیو
لنگ هەڵ ئەبڕێو یەکێك لێئەدا ۰ ئەڵی هائەوە خۆتو دەســت
نوێژەکەت ۰

نـــە گارەگارو نـــە هێلکەت

کابرایەك باڕۆکەیەك بەخێو ئەکا تادێتە هێلکە سێ ڕۆژئەگارێنێ
دوابی هێلکەیەکی بچوکی بۆ دەکاو کەلەسەر هێلکە هەڵدەستێ
ئەوەندەی تر دەقیرێنی کە دەبینی هێلکەکەیشی بچوکە ، هێلکەش
ئەشکێنیو خۆیشی سەردەبڕی ۰ ئەڵی : نە گارەگارو نەهێلکەت ۰

ڕێوی کەروێشکی بە زەویدا دا
پێی قیت بووەوە و سمێڵی بادا
کەرویشك پێی گوت : هێندە ئازا نیت
حیزی من بوە بە باڵەوانیت

خۆزگە ئـــەمزانی بۆچ

ماوەتی کەڵەشێر سەرنابرن • پر دێی هێلکە نافرۆشـــــن هاواری کەرویشك ناخۆن • هەندێ گەورە ماڵ جەژنان ئـــاگر ناکەنەوە • خێڵی هەمزەی مەسرەفی بابیرم شەموان ســـەرو جل ناشۆن • گەرەکی خوار شار (جوولەکانی جاران) بەشـــەموان دەست لە ئاگر نادەن • گۆشت نەخۆرو کشمیش نەخۆر کێن ؟ هازو لووشەو بزنە ریشە بۆچی دەشێن • پشتەماڵی حەمام کێن سوورە داڵە بۆچ ملۆزمی خاڵە • چۆن جوعمە لە شەمەدا ئـەبێ گیپە بەچی‌یەوە خۆشە • کوونەماسی‌و جرت ئاوا چی‌یان لێ‌هات

دیسان مصطفی افندی زەلله

ماینەکەم داوە بە مەولەوی پیاوم بەنیوەبەر ، ئەگەر مەولـەوی بێ بۆ جوانو ئەسپ ئەگەر جوانو ماین بێ بۆ خۆم •

جار جاریش کەئێشی زۆر دەبوو دەیوت : دوو خوام بۆتوێژ پێ‌ناکرێ • لێم پرسی چۆنی ؟ وتی لە دیوەخانی مدیرم هەمیشە کلکم بەدەستی جزوەی قاوەکەوەیە •

ئەوی من بە کابرام کـرد بت خسـتایە سەر ســەگ نان بـــۆنــی پێوە نەدەکرد • کوا کوبەکان کە چەتاڵەکانمان پێ خوارد •

پیاوی پیری دوو ژنەو ژنی جوان

پیاوێکی ریش‌ماش‌و برنج‌ژنێکی مناڵ کار بەسەر ژنەکۆنەکەی دێنێ • هەر شەوێ لای ژنە تازەکەی ئەنوێ ئارایشی ئەداو هەر

موویەکی سپی لە ریشیا ئەبێ بەمووکێش دەری دێنێ تـا جوانتر
ریش رەش بێ‌و عاری لێ‌بێ بچێتە لای ژنە کۆنەکەی هـــەر
ئەویکیش لای‌ژنە کۆنەکەی‌دەنوێ ئەویش مووی رەشی لە ریشا
ناهێڵێ،بەڵکوو ژنەجاهیلەکەی پێ‌رەزا نەبێ رۆژی دەست بەریشیا
دێنێ ئەبینێ هیچ ریش‌و سمێڵی نەماوە خۆی بـەخۆی ئـەڵێ
پیاو پیر بێ‌و ژنی جوان بێنێ ئەبێ ریشی بێتە دەستی ، کەریشیش
نرایە دەست ژن‌ نەریش ئەمێنێ‌و نەسمێڵ .

پیاوی دوو ژنە ناوی جوار چاوە
لای هیچ ژنێکی باوی نـــەماوە
بە دوو ژن هەردوو دەستی گیراوە
وای لە قونێ‌یەو وای لە دۆشاوە

تری بەزور عەیب نی‌یە

جارێك ئەچوین بۆ ناو بژی هەمەوەندو شوان ، شەوی لـــە
چەمچەماڵ بووین ، شێخ مارفی نەقیب شەو حکایەتیان بۆ ئەکردایە
خەوی نەدەهات . حیکـایەت خـوانی خۆی لـەگـەڵ نەبـــوو .
جووڵەکەیەکیان هێنا حیکایەت بکات وتی : حیکایەت نازانم . وتیان
سوێند بخۆ ، وتی : بە مووساو محمد نازانم . وتیان : ســـوێندی
وامان ناوی . ناڵە درێژی‌یان چـوارپەل بەست . وتیان : ئەگـەر
راست گۆی بەزێر سکی ناڵەدا تێ‌پەڕە ، تومەز ئەمە تەڵـەو رێوی
بوو ، بە تەڵەوە بوو ، یەك دووبای لێ بەربووەوە و خۆیشـی بەر

بوو ، وەك با بۆی دەرچوو ، بەپاێی سەرم کێشایە حوجرەکەی.
وتم شەلە مەلەخی شەوشەو • وتی : ئەی قوڕ بەسەر عەقڵت
وەدەذانی تڕی بە ذۆر عەیبە •

هەر ئەو سەفەرە بوو گەشتینە ماڵی رەشك ، مەجلیسێکی زۆر
گەورە : شیخ سعید ، شیخ مصطفا ، شیخ مارف ، محمود
پاشا ، وەسمان پاشا ، ئەحمەد پاشا ـ ئای وڵات ئەو پیاوانەت کوێ
حوون ! ـ هێشتا دەست بە گفتو گۆ نەکرابوومەلایەکی موحتەرەم
هات پێشرەوی بفەرموێ رتی : پێغەمبەر فەرمویە (الدنیا جیفة
وطالبیها کلاب) سا مەلاتەمەی لەدەم دەرهات ، پاشایەکمان مراندی
وبینەقاقای پاشایەکی تری گرت ئەوەی مراندی
تەواو پیاو بوو وەك شێر وابوو ، مرەکەیشی نەعرەتەیەکی شێرانە
بوو ئەوی تر بێ دەست و پل بوو وتی : ئای باوە ! چیئەکەی
وتی : کە تیمە سەگ بین با من تۆ بخنکێنم • کەس نەما لە
بەر پێکەنین مەلا چاری نەما هەڵساو مەسلەحەتیش بە پێکەنین کرا •

نوێژی بێ دەست نوێژ

مەلایەك بۆ رەمەزان نوێژ بۆ دێیەك ئەکا ، دوایی سەرفترەی
نادەنێ ، ئەڵێن : تۆ نوێژت بۆ خوا کردوە • مەلایش ناچار لە داخا
ئەڵێ منیش با پێتان بڵێم ئەوەتی نوێژتان بۆ دەکەم بەبێ دەست نوێژ
بوە •

کلیل لەباخەڵمایە خەو لە خۆم تێك نادەم

ئەوللاغای تەمر ئاغا وەردیەوان بوو (مأموری سجن)بە شەو لە بەر دەرکی بەندیخانەکەدا ئۆدەیەکی بوو لەوێ دەنوست ، دەرکی دادەخست و کلیل ئەنایەباخەڵی و لێی دەنوست، شەوێك بەندی یەکان دیواری پشتەوەیان بڕی بووهەموو رایان کردبووخەبەریان کردبووەوە وتبویان : هەستە بەندیخانە چۆڵ بووە ، ئەویش ئەڵێ : (أنختار قوینمدە درأویقومە بقارم) واتە : کلیل لە باخەڵمایە خەو لە خۆم تێك نادەم ،

چـرا بەدەست ئەبێ پشکەوێ

لالۆ أحلیکمان بوو تازە لە قرالیەوە هاتبو خزمەتکار بوو ، شەوێکی لێزمەی وەك ئەمشەو نەقیب بە ئارەزوو درەنگێ هاتە ماڵی ئێمە ، مەلا سەعیدی مەلاقادریشی لەگەڵ بوو ، کەرۆێن ئەوفانۆسی لە گەڵ خۆی نەدەگیرا ، زۆر تاریك بوو فانۆسێکمان دایە دەست أحل ، منیشی بۆ ماڵی خۆیان ئەبرد گەینە قوڕوچڵپاوەکەی کۆلانی حەمامی مفتی ، لەوێ مەلاسەعید وتی : کوڕە کابرا تۆشەرم ناکەی پێش ئاغات و نەقیب ئەکەوی ، أحلم أحل چوە سەر دارێ نەهاتە خوارەوە ، هەرچەندمان کرد پێشمان نەکەوت ناچار گێرامانەوە ،

تێلەکەی بۆ گیرفان

مەئمورێك دەستێ جلـلای وەستا محەمەدی خاڵە ئەکا ، کەتەواو بوو بۆی ئەنێرێتەوە ماڵەوە ، تەماشائەکا ، تێلەگەکە گیرفانی بـۆ

نەکراوە ، زۆری لا ناخۆش ئەبێ ، روو ئەکاتە ژنەکەی ئەڵێ : چاوت لێ‌یە ئەم وەستایە چەن بێ‌گوێ‌یە هیچ گیرفانی بۆنەکردووم ژنەکەیشی ئەڵی : چاقەیناکە ، تۆیش ئاخری مانگ لەبەری کە کە پارەت بێ نامێنێ •

تــۆ بلێی کـەمێکـت نـەمرێ ؟

مشتەری : وەستا ئەمە لەو قوماشە نی‌یە کە پیم وتی

وەستا : بە سەری تۆ ئەوە

مشتەری : بەخوا ئەمە لەو نی‌یـە ، مـن وتم : لاجیـوەردی بـێ • کەچی ئـەمـە رەشـــە •

وەستا : قەیناکا قوربان ، رەشیش بەکەڵکت دێ بۆماڵاتو ئاهەنگ دەعـــوەت •

مشتەری : بەلام من ناچمە ئاهەنگ‌وشتی وا ، قوماشی رەشم ناوێ•

وەستا : بۆچی نامەوێ بەگم تۆ بلێی کەمێکت نەمرێ •

ترازووەکەی منی خواستووە

بەقاڵ بە ژنەکەی ئەڵێ : ئەمرۆ گزشت لـە قەصـــابەکەی خۆماڵ مـــەکـــڕە

ژن : بـــۆچـی

بەقاڵ : چونکە ترازووەکەی منی خواستوە بە ئەمانەت •

زنی بێ هـۆش و چـاو برسی

ژن : ئەمشـەو بـۆچی وا درەنگ هاتیتەوە

مێرد : وس‌بـه ، گەنجیـنەوە لە کـۆلانێکی تاریکدا دزێك بــە خەنجەرەوە هەڵی کوتایە سەرم وتی : یا پارەکەت یانەتکوژم
ژن : جەڵبەت تۆیش ئەوەندە کەر بوویت پارەکەت دایە ، وانا ؟

وا بزانن دووکەس پێکەوە پەنجا دیناریان دزیوە ئاخۆ یەکـــی چەندیان بەر ئەکەوێ . قوتابی : یەکی دووساڵ حەبســـی .

بەهەشتو فریشتەی نەگەرەکە

کوردێك گوێ لە مەلایەك ئەگرێ ، مەلا دادی ستایشی بەهەشت ئەدا ، ئەڵێ : ئەوەی تیایە ، ئەمەی تیایە کەنیزەك و بەچەو شیرو شەکرو ئەمانە . کوردە دەپرسێ : ئابرا بوخوا تۆ دەنگ ، بووشی لەوەڕی پەزەکانمی تیایە . مەلا : بووش چی ئەکا لە بەهەشتـــا کوردەیش لووتێکی لـێ بانەداو ئەڵی : ســا گشـتی وە گ . . . وەللا ئەو بەهەشتە کە کوردی تیانەوێ قەت نامەوێ جەهەنـــەمی لێ پڕ بە فینەوە . ئنجا مەلا هاتە سەر نوێژ وتی : ئەمشـــەو لە نیوەشەو بەدواوە هەر کەسێ دوو جەوتە (رکـەعەت) نوێژ بکـا و ئەم دروودە لە دیداری پێغەمبەر ... خوا فریشتەیەکـی بەهەشتی ئەداتێ ئەوەندە جوانو کەڵەگەت سەری لەرۆژ ئاواو لنگی لـــە رۆژ هـــەڵات .

دیسان کوردە ئەڵێ : مامۆستا : وەك بەهەشتەکەتم گەرەك نەووە فریشتەکەشم ناوێ ، تا بۆ ماچ کردنێکی بچمە رۆژ ئاوا ، لـەرۆژ هەڵات هەرچی لێ بکەن ئاگادار ناوم .

مانەمـــی مەلا بـۆ کێیـە ؟

رەش پۆشی نیشانەی مانەمە • رۆژێ مەلا کەوایەکی رەش لـە بەر دەکا ، ئەپرسن مەلا ! خۆ شکور کەست نەمردوە ؟ مەلایش ئەڵێ : خۆم کەسم نەمـردوە ، بەڵام کوڕەکـەم باوکـی مردوە •

رۆژێکی تر مەلا ، ژنەکەی بەزۆر ئەینێرێ بۆ دار ، لەکێو لێکی ئەداتەوە داری وردی درەنگ بۆ تەواو ئەبێ ، ئەچێتە سەر دارێکی گەورە لقێکی زل ببڕێتەوە خۆی لە سەر لقەکە ئەوەستێ ، بـــە تەور لە بندا ئەیبڕێ شلَپ ئەکەوێتە خوارەوە •

سەگ بەردراوەو بەرد بەستراوەتەوە

شاعیرێك ئەچێتە ماڵی پاشایەك لەزستان ئەبێ ، سەگ پەلاماری ئەدەن ، داتەنەوێتەوە بەرد هەڵگرێ ، بەردیش ئەیبەستێ بۆی هەڵ ناکەنرێ ، بەهەزار حاڵ دەرباز ئەبێ ، ئەچێ کاغەزێ ئەنووســـێ بۆ پاشا ئەڵێ : بەراستی پاشایەکی داد پەروەری : بەردت بەستۆتەوە سەگت بەرەڵلا کردوە •

بـە دەمـانچـە شەیتان ئەکـوژێ

حاجییەك لەمینا دەچێ رەجمی شەیتان بکا ، ئەبینێ بە بـەردی وردە رەجمی دەکەن • ئەڵێ : چۆن ئەمە ئەو شەیتانەیە ئێمەی لـە بەهەشت دەرکردو خەریك بوو حەزرەتی ئیسماعیل تەفرە بـدا ؟ ئێوە بەردە وردەی پیا دەماڵن ؟ سا چاوم لێ کەن ، دەست ئەداتـە دەمانچە تەق تەق دێت شەیتانیان بۆ بکوژێ ، رەفیقەکـانی خـۆی

بە هەنگە شەلێ نوێژ ناکـرێ

مەلا رۆژێ دەست نوێژ ئەشوا ، مەسینەکەی ئاو کەم ئەگرێ بەشی دەست نوێژ ناکا پێیـەکی ئەمێنێتەوە تەڕ نابێ ، کـە نوێـژ دائەبەستێ پێیەکی بە حەواوە ئەبێ ، لەسەر پێیەك رادەوەستێ ، کە دەچێتە رکوع شلّپ دەکـەوێ . ژنەکـەی پێی پێ دەکـەنێ ئەڵێ : مەلا چی‌یە ؟ مەلایش ئەڵێ : ئافرەت پێیەکم نەشتبو دەست نوێژی نەبوو لەسەر پێیەك ئەوەستام کەوتم . ژنەیش وتی : مەلا! بە هەنگەشەلێ نوێژ ناکرێ . پیاو لەسەر دوو پێ‌و جانەوەر چوارپێ

غـەڵـەت بـەقەمـە ئەکـرێـنێ

مەلا لە مزگەوتا ئەخوێنێ ، قەمەیەکی ئەبێ لە ژێر جبەکـەیـا ئەیکا بە پشتیا ئەو وەختە ـ دوور لـە ئێستە ـ چەك یاساغ ئەبێ ، رۆژێ قەمەکەی ئەگرن . هاوار ئەکا : باوکم ! ئەمە قـەڵـەمبـرە غەڵەتی پێ ئەکرێنم . ئەڵێن : چۆن غەڵەت بە قەمە ئەکـرێنـرێ ؟ ئەڵێ : بەخوا غەڵەتی وا گەورە هەیە مەگەر بە قـەمـە بیکرێنـی

لـــە توونی حەماما خەیـــاڵ

شێتێ بوو جبەئەوڵ بەگزادەیان پێ ئـەوت داڵ فێستێکـی وەك فێسنە چلکنە کونەکانی منی لەسەردا بوو لە تـوونخانەی حەمامـی موفتی‌دا ئەنوست . بەڵام چۆن نوسـتنێك ، خۆڵە مێشـەکەی تەخت کردبوو ، وەك تەختی قاجاری پاڵـی لـێ ئەدایـەوە ، هـەمیشــە

جگەرەیەکی لە بەینی گوێ و فێستەکەیدا دائەنا و جگەرەی دائەگیرساندو ئەکەوتە خەیاڵی مەبعوثی‌یەوە ، ئێمەیش لەسەر توونی حەمامەکە مووشێنمان ئەکرد ، عەزەی حەمە ورچەوان رۆژێکیان لەکلاورۆژنەی توونخانەکەوە بەردە بارانی کرد، لەدەماخی دا ، رای کرد هاتەدەر ، ترساین واماں زانی لە ئێمە ئەدا ، کەچی هیچ لەگەڵ ئێمەی نەبوو ، رووی کردە ئاسمان وتی : بەشەریکی خۆتم ئەزانی ، وا لە توونی حەمامیشا خەیاڵم پێ رەوا نابینی و بە کوڕە ورچەوانێ لێم ئەشێوێنی ٠

نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆقەساب

دارتاشێ لە ناو کاروانێکدا رووت کرا ، تەنها تەشوێیەکی بوو لێیان سەند ، بۆی دەگریا ٠ بازرگانێ حەوت بار کوتاڵی برابوو لێی پرسی : من ناگریم ، تۆ بۆچ ئەگریت ٠ وتی : بۆتەشوێکەم ناگیم بۆ ئەوە ئەگریم سنعەتکار نین و دەمەسوێی ئەکەن ٠

چاوەروانی مەرگ

ساڵانی پێشوو ئەم عەشایەرە هیچ ئامەشۆو رەفتی شاریان نەبوو، هەرچۆنێ هۆگری رەوشتی کەزو کێوی بوو بوون وا دەژیان ، پیاوێکی زۆر راست گۆی تیرە گێراویەتەوە جارێ ئەچێ بۆ شارەزوور ئەبینێ لە بنەی سیدصادق قەڵەباڵغێکی لێ کۆبۆتەوەو قەبر هەڵ ئەکەنن ٠ ئەمما لە قەبر بان ترو قوولتر پێنج شەش دەستەکیان داناوە سەری پێ بگرن ٠ پیاوێکی ریش سپی دانیشتووە

نان و ماست ئەخوا ، لەپیرەمێرد ئەپرسێ : ئەو قەبرە بۆ کێ یە ؟.
پێی ئەڵێ : قوروان بۆ منە ، جا تۆ ئەمردووی چۆن زیندە بە چاڵت ئەکەن ، ئەڵێ : کێوساز سەختە وەبێ ناتوانم بڕۆم ، لە گرا جێم تێڵن ، ئەمیشە ئازوقەمە ئەگەر ئاتینەوە مام لە تەکیانا ئەچم بۆ گەرمیان ئەگەر نەیشمام وا جێی خۆمە .

بانگ دانی مەلا

مەلای مەزبوورە هەر چەند بانگ ئەدا خێرا بەدەم بانگەکەوە رادەکا ، خەڵك لێی دەپرسن بۆچی رادەکەی؟ ئەڵێ بابزانم دەنگم ئەگاتە کوێ ، لەهەر کوێیەك دەنگم ئەبڕێتەوە لەوێشەوە بانگێکی تر ئەدەم .

فیل مەیموون

هیندییەك ژنو ماڵی نابێ تەنها مەیموونێکی ئەبێ حزمەتی ئەکا رۆژێ گۆشت ئەکڕێ مەیموون لێی ئەنێ ، لەلەزمیلەدا ئەبێ قەلێك ئەیفڕێنێ ، مەیموون سەری خۆی ئەخاتە ناو زەمیلەکەوەو سمی ئەکاتە حەوا ، قەل وائەزانێ گۆشتەو دیسان بیفڕێنێ دای دێنێ مەیموون قەل ئەگرێو سەری ئەبڕێو بۆ ئاغای لێ دەنێ . ئاغای ئەیخوا بادار ئەبێ زۆر بای لێ بەر ئەبێتەوە ، مەیموونیش شەوانە ژێر لێفەی ئاغادا ئەنوێ بۆن ئەچێ بەلووتیا نارەحەت ئەبێ ناچار هەڵدەستێ مارێنجی تێرگەلەی هیندی سەرەباریکەکەی ئەخاتە کونەبای ئاغایەوە ئەو سەرەکەی تری لەژێر لێفەکەوە دێنێتە دەر

لە پەنجەرەوە ئەیخاتە کۆڵان •

مشتووی ناو هەمانـــە

هارون الرشید شەوێ پەست ئەبێ ، پیاوێکی بانگ ئەکا ئەڵێ دوو قسەی خۆشم بۆبکە پێبکەنم ۳۰۰ دینارت ئەدەمێ ئـەگەر نەتهێنامە پێکەنین بەم هەمانەیە سێ هەمانەت پیا ئەماڵم • کابرا دەڵێ ئەی خەلیفە من خۆم بەڵێن نادەم بەلام یەکێکت بۆ دێنم بتهێنێتـــە پێکەنین • • هارون دەفەرموێ : ئەویش باشە • کابرا دەچێ جوو جەیەکی بسنە بالای چل گەز ریشەی بەناوبانگ دەبێ پێی دەڵێ وەرە دەتبەمە لای خەلیفە ئەگەر هێناتە پێکەنین هەرچیمان دەست کەوت سێ یەکی بۆتۆ • جووجە دەڵێ : خێر بـــەنبوەبێ • دێن جوجەهەرچەن گاڵتەوقسەیەکی خۆشی لەهەمانەدا دەبێ خەرجیدەکا خەلیفە پێ ناکەنێ • دەفەرمووێ : هەمانەیەك بێنن ، مشتەی تێ بە دزی یەوەنێ دەخەن بەهەموو زۆری خۆی یەکێ دەماڵی بەجووجەدا هاوار ئەکا رەفیقەکەی ئەڵێ : بەهەمانەیەك بۆچ هاوار دەکەی ؟ جووجە دەڵێ : یاخوا بەنسیبت بێ مشتەی ناو هەمانەیە • لـــەپاشا هاوار دەکا:ئەی خەلیفەی موسڵمانان ! ئەم زاتە موبارەکە هات وتی هەر چیمان دەست کەوت سێ بەشی بۆمن بێ ، وامن سێ یـــەکی خۆم وەرگرت بەسمە • دوو بەشەکەی تری بۆئەو بێ • خەلیفـە ئینجا پێدەکەنێو یەکێکیش ئەکیشی بەپشتی پیاوەکەی خۆیا هاوار ئەکا : ئامان خەلیفە منیش بەسێ یەك رازیم •

بینیرنه مالی خالــوی

پیاوی کوڕێکی بوو ژنی بۆ هێنا ، کوڕه ئادەهات لەرو بێهێز دەبوو باوکی کوڕه بەدزیەوە رای سپارده لای ژن براکەی خۆی که خاڵی کوڕەیه بنێری بەشوێنیا چەن رۆژێ لـەماڵی خاڵی بێ • خاڵۆ ناردی کوڕه هات چەندێ لەوێ بوو بووژایەوەو هاتەوه بۆ ماڵی خۆیان ، لەرێ تووشی بزن گەلی بوو دەمەو پایز بوو وەختی تەگه ، سابرێنی زۆر پەریبو لەرو لاواز ، کوڕه پرسی ئەمه بۆچوا لەرە ، شوانه وتی : زۆر پەریوه • کوڕه وتی : بینێرنه ماڵیخاڵۆی

بەشکردنی نــارەوا

یەکێ له ساف دەروونەکان پیاوێکی بۆرەکەیی دەبێ پــارەی ئەداتێ ئەڵی : بچۆ له بازار پێنج خەیار بکره پێکــەوه بیخۆین • کابرا سێ خەیار دێنێته بەردمی دەڵی : تۆ فەرمووت بیخۆین مـن شەرم ئەکەم لەگەڵ تۆ بیخۆم بابەشی کەین • ئاغا دەڵی : برا من وتم : پێنج خەیار بکره ئێستا سیانه ، بۆرەکەیی دەڵی : ئــاغـا پێنج بوو • بەلام یەکی هەر نەبوو ، یەکی لــەرێ تینووم بوو خواردم • با ئەم سیانه بەش کەین : یەکێکی بۆ من ، یـەکێکی بۆ تۆ ، یەکێکی بۆمن • ئەگەر یەکێکی تر بوایه ئەوا بـەر تۆ دەکەوت •

گــەوج

خدری پیاوی حاجی حەسەن ئــەفەندی رۆژی رەنجبەرەکەیان

نەخۆش ئەبێ پێنج گوێ درێژی ئەدەنێ بیا بۆکانی بەردینە لەوێ
کایان بۆبێنن ، کەئەروا ئەڵێن : خدر ئەوە بەژمارە پێنجن هیچت
لێ گوم نەبێ • سواری یەکێکیان ئەبێ و چواریان ئەداتە پێش خۆی
لەرێ دێتەوە بیری ئەبان ژمێری چواری لەپێشەوەیە • ئاخ دەڵێ
یەکێکیان دیارنییە ، جارێ بزانم لە دواوە بەجێ نەماێ لەتاوا
گورج دادەبەزێ و بەرودوا رادەکا هیچ نابێ ئەگەرێتەوە دەبینێ
پێنجن تەواون • لەترسا ئیتر سوار نابێ و ناچی بۆدێ ئەگەرێتەوە بە
حاجی حەسەن ئەفەندی ئەڵێ : ئاغا ! گوێ درێژ شەیتانە لەگەڵێ
ناروم بەرێدا یەکێکیان خۆی لێ کردم بەجنۆکە گوم بوو تاوکم
کەوت هێند رام کرد بەشوێنیا گەرام کەچی لەناو رەفیقەکانیا بە
کاڵتە خۆی لێ شاردبوومەوە • لە جیاتی ئەوە بەخەرە
ئێشێکی رەسمی بزانە چەندت بۆ دەخەڵەتێنم

نوێژە ئاوبلکە

مەلایەک ئەبێ هەرگیز نوێژ بەبێ جەماعەت ناکا ، دەفعەیەک لە
جۆڵێکا وەختی نوێژ دەبێ کەس نابێ لەپشتیەوە نوێژ بکات شوانێکی
چاو پێ دەکەوێت ، ناچار ئەڵێ شوانە وەرە نوێژی جەماعەت بکەین
شوانەش بەکلاش و فەرەنجی و گۆچانەوە هەڵ ئەکوتێتە سەربەرماڵ
مەلا ئەڵێ شوانە وانابێ بچۆ دەست نوێژ بگرە ئەوجا وەرە
قرائێکت ئەدەمێ • شوانە ئەڵێ نوێژە ئاوبلکە ئەڵێی بەخوا بە
هەزار قرانی ناکەم •

شــــێر و ڕیوی

شێرێ پیر ببوبوو نەیئەتوانی شکار بکاو لەبێشەکە نەدەهاتــە دەر ، لەترسی ئەویش کەس نەیدەوێرا بچێتە ناو بێشــەکەوە . ڕێوی قەرە قولاخ پێش خزمەتی بوو هــات گوێدرێژی گازریکی تەفرەدا وتی : وەرە ئەم بێشەیە لەوەری خۆشە . گوێدرێژ وتی: شێری تیایە . ڕیوی وتی : ئەوە تەلیسمە بۆیە کراوە کەس نەچێ لەوەری نەخوا . تۆ وەرە من لەبشتەوە دەڕۆم پێشــ کەوت چوو قەدەرێ خۆی لەشێر هەڵسوو ، شێر لە پێشدا ڕێوی پێی گوتبوو هیچ جمی نەدا تاکەر هاتە بەردەمی پەلاماری دا پیربوو بۆی نەگیرا کەر ڕای کرد . ڕێوی چوو بــە شوێنیا وتی : تۆ پێت نابـــــە تەلی تەلیسمەکەدا بۆیە جوولا تۆ ئەم جارە پشتی تێکە و بلەوەڕی هەرچۆنێ بوو ئەمجارەیش تەفرەیدا بردیە بەردەمی شێر شکاندی شێر وتی : دڵ و گوێ کەی بۆ من بێنە بیخـۆم . ڕێـوی خـۆی خۆاردبووی وتی : ئەم کەر. دڵ و گـوێی نـەبوو ئەگـەر دڵـی بوایە تەفرەی نەدەخوارد ، ئەگەر گوێشی ببوایە لەپاش ئەمەی کە شێری بە چاوی خۆی دی پەلاماری دایە بەقسەی مـن فریوی نـە دەخوارد . . . هەرچەند ئەمەخەرافاتە ، بۆ تێمە هەرکات ئەوکاتە

کـــەلاَلی و دزی

کابرایەکی کەلاَلی لە دزیدا زۆر چالاك و بێ باك دەبێ، هەمیشە مەیی دزییەتی بوو ، بۆ مەلای خێلەکـەشیان جار جار گۆشـــتی

دەبرد • مەلا جارێکیان پێی وت : تۆ ناترسی ئەم هەموو حەیوانە ئەدزی جارێ بتگرن ؟ وتی : لە شوێنێکی نادزم کە کەس ئاگای لێ بێ • بەچی مەحکومم ئەکەن ؟ وتی : ئەی لە خوا ناترسی ؟ وتی : کە شایەت نەبێ لەبەینا خوا بەچی مەحکومم ئەکا ؟ مەلاوتی : ئەو مەڕە زیندو دەبێتەوە شایەتیت لێ ئەدا•وتی: جا کە زیندوو بووەوە منیش زۆر چاك گوێی ئەگرم وئەیدەمەوە دەست خێوی •

لالۆ سەرحەدو غەزا

لە زەمانی پێشوودا مەلاکان دڵخۆشی لالۆ سەرحەد ئەدەنەوە بچێ بۆ غەزا • پێی ئەڵێن : بڕۆ بۆ غەزا ، ئەگەر کافرەکان بکوژی غەزایە خوا جەزای بەخێرت ئەداتەوە لەبەهەشتا • ئەگەر ئەوانیش تۆیان کوشت ئەوا شەهیدی ، دەچیتە بەهەشتەوە خوا چل حۆریت پێ ئەبەخشێ • تەعریفی خواردن و خواردنەوەکەیشی بە نەوعێ بۆ ئەکەن ، تافریو ئەخواو ئەڕوا بۆ غەزا • پێی ئەڵێن ئەو حۆرییانە ئەوەندەی هەموو ژنی ئەمدنیایە جوانن•لالەسەرحەد چوو بۆ غەزا ، ژنێکی بوو ناوی پیرۆز بوو بەجێیهێشت •وا رێکەوت لەغەزادا بریندار بوو هاواری ئەکرد : ئەی مەلاکان واو واتان لێ بێ بەحۆری حۆری پیرۆزیشتان لە کیس دام • من باوکم حۆری بوو ، باپیرم حۆری بوو کیم حۆری بوو ، چیم لەحۆریدابوو ئاخ چ پەندیکتان پێدام •

قالـــه سوری جنباز

زەمانی سولتان حەمید پایەو شوین‌و نیشان وەك پیانقوّوابو بـــە ناوی هەر کەسێکەوە دەرچوایە ئەبو بەیەکشەوە ، چونکـو خوّی فەرمان رەوای بەکەم و سێبەری خوا بو لەسەر زەوی ، سەروماڵ هەموو هی ئەو بو •

ریکەوت وابو کوردێکی کەرکوکی‌رەشیدی ناوبو ، زوّرزیرەك لە قوتابخانەی شاهانە بەیەکەم دەرچوبو بردیانە (مابـــەین) بو بە باشکاتب ، ئەدوای بەینێك خالّویەکی بو لە کەرکوك قالەسوری جانبازیان پی‌ئەوت ، لە مەیدانەکەی ئەم‌بەر خاسەوە بەیانیان گوێ درێژو ئەسپو تیـترو گای هەراج ئەکرد ، بوّسەیر بانگی ئەکرد (هەراج : شەل‌دز ، سقطدر ، کوردر ، مانگردر ، کوێری کچمز در ، بەلام بەختی أییدر) لەپر تەلغرافێك لە ارادەی سنیەوە بوّ والی موصل هات ئەڵی (عبدالقـــادر باشای خالّوی رشید بگ ی باشکاتبی مابەین لەسەر نەفەقەی حکومەت بنێرن بوّ ئەســتەمول) عبدالقادر پاشا لە قالە سوری جانبازەوە روتبەی پاشایان دایەو سە کەش‌و فشێکەوە گەیە ئەستەمول‌و جلی مابەین‌و فوّرمەی پاشایی لەبەرکرا،خوا هەڵناگرێ خوّیشی زەلامێکی کەڵەگەتی چوارشانەی سوورو سپی بو سەرو ریشێکی جوانی پێوەبو بەسێ روّژمەشقی سلاوو کرنوش فێرکرا م بوّ روّژی چوارەم پێشکەشی بارەگای پاشا کرا أرادە دەرچو بیکەن بەقائمقام • بەلام ناظری داخلیـە

هێشتیەوە چونکو نەخوێندموار بو ، رەشید بەگ عەرضی پاشای کرد ، ئەویش لەقینا أرادەی متصرفی (حدیدە) ی لای یەمەیان بۆ دەرکرد . سەعید بەگی عەفحان بەگیش بۆ خەلقی لای خۆمان ئەویان هێنابو امزاو حەوالەیان بۆ بکات کردیان بە مدیر تحریرو کچی قادر پاشایان لێ مارە کردو لەگەڵیان نارد ، کە گەیینە(حدیدە) پاشا مەراقی دابە مرواریو مجەوهەرات بەهەموو رەنگێك کۆی ئەکردەوە سعید بەگیش پارە ، بەلام متصرف مەراقێکی لە دڵابو روژێ بەسەعید بەگی وت : رۆڵەکەم وەرە وا خۆهەموو شتێکم داوەتە دەست تۆ ، هەرچیش ئارەزو هەیە بیکە تۆش ئارەزوی من بەجێ بێنە . دو گوێ دریژم بۆ بکرە بەیانیان زو من لەحەوشێ‌نەوە دیوەوە بەتورەیی‌یەوەئەیاندەمە پێش‌بەزمانی خۆمان هەراجیان ئەکەم خزمەتچیەکان خۆیان بگۆرن‌و بێن سەودای بکەن‌و لێم بکرن‌دوای تۆش وەرە لێم تورە ببەو بڵی : (مالمی‌اوجوز صاتوب سن پارە چالوب سن) نەختێ لە سەرو پۆتلاکی یەك بدەین بەوە تەسەڵای دڵم دێت بەم رەنگە چوار پێنج مانگیان بردە سەردوایی سەعیدبەگ وتی بەخوا ئەم شەرە کەرو گۆلمەزە بەمن ناکری ، بۆی دەرچو قادر پاشاشیان هێنایەوە بۆ ئەستەمول .

ـ نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب ـ

کەریشم چوو خویشم چوو

کاتێ کە دەوڵەتی عوسمانی لەروی کاردا بو ، وەك ئێستا

ئەمەندوفەرو ترومبێلو لۆری پێویستی هاتو چۆ کردن ئەبو

هەر گا پێویست بوابە عەسکەر بچێ بۆ شوێنێك حەمە خێلو قالەی

حەمزەیان ئەخستە ناو شارەوە هەرچی گوێ درێژ هەبو هەرکە

باری لێ‌فرێ ئەدرا کوێر ئەبان دایە پێش‌و ئەیان برد بە(سوخرە)

بروپاتالی عەسکەریان لێ‌ئەناو پێ‌یان‌ئەوت (سوخرەی کەر) ئەگەر

پێویست بوابە پیاویشیان بەزۆرە ملی راتەکێشا بۆ بێگار ئەویش

ناوی (ئەنتاریا) بو .

کابرایەکی دۆلەسوری لەپێنجوێن کەمێکی خوێندبو هات‌ئیمامەتی

بو شیخ سمایلی بنەجوت بکا ، هیچیان نوێژیان‌نەدەکرد ، ئەمیش

همو ئێوارە بەزۆر هەلی ئەبێچان ئەی گوت : (عەشرەت نوێژە

بێنەوە) دوای هێندەی لێ‌بێزاربون شکاتی کوێخا حەمە خانیان لێ

کرد ، حەمە خان خۆی نوێژو موێژی نەئەزانی ، وتی : برا گەل

بێن ئەم تەوقە لەمل خۆمان داماڵین ، خۆم ئاگام والێ ، بێ‌وسڵو

دەست نوێژ سەر مللابتان بۆ ئەکا ، بابە پیتاك کەرێکی بۆ بستێنین

کاروان بکاو وازمان لی‌بێری ، وتیان دروستە کەرێکیان بۆسەند

دەستی کردە کاروان ، شانی سواو کەلاشی درا ، مالو منالی پێ

بەخێو نەئەکرا ، رۆژی لە خەرمانی بالاتەران باری کای بارکردە

هاتە شار دەس بەجی لەناو شارا بارەکای لێ داگیر کراو وتیان بە

بارەکامان بۆ قوڕ ئەوی . خەریکی ئەوەبو بچێ دادی بارەکا بکا

حەمە خێلی گەیشتە سەر کەرەکەی برد وتی : عەسکەر بۆمەرگە

ئەچێ (دە شیخ سمایل تۆ لەکوێ‌و مەرگە تۆ لەکوێ ؟!) بۆی نەکرا لەگەڵ کەرەکەی بروا ، هات بگەڕێتەوە بۆ دێیەکەی خۆی قیر خرەی بەلەدیە گرتی وتی : کابرا دیواری حەپسخانە روخاوە فوریێ بۆ ئەگرنەوە وەرە تۆش ئاویان بۆ بکشە، بەتێ‌هەڵیان بردیان تێوارە بەرەڵلا بو هاتە مزگەوتی مەلا أوضای رەش مەلا عومەر لەوێ بو . کابرا خەریك بو ماندوی خۆی بحەسێنێتەوە مەلا عومەر وتی : راستەوە بە نوێژەکەت بکە وتی برا حەقتەزۆرم بە خەلك وت نوێژ بکەن‌و نەیان کرد واخۆم پێم ئەڵێن : نوێژبکە بەلام کارێکی بێ‌نەکردوم روی بێ بلّێ نوێژم بۆ بکە .

مەلا عومەر لێی تورە . دەری کرد . ماندو مردو برسی مەلا عوبێد بردیە ماڵی خۆیان نانی دایەو دڵخۆشی دایەوە وتی بمرا دڵتەنگ مەبە خوا کەریمە . . وتی مەلا عوبێد تۆخۆت قسەت خۆشەو حەز لە قسەی خۆش ئەکەی توخوا تۆ بەمن بێژی خوا حسابە . ئەوسا کەریشم بو ، خۆیشم بو مرحوایشم بو لێم‌نەرەنجا بو گوزەرانم نەئەکرد ئێستا کەریشم چو خۆیشم چوم ، خوایشم چو ، وادیارە لێم رەنجاوە ، هێشتا ئەوەندە کەر بم بەدڵخۆشی تو دانەوەی تۆ دڵم خۆش بکەم‌و گوزەران بکەم .

بـــاوکم ساقو سەلیم بوو

رەمەزانان فەقێی مزگــەوتەکان بەسەر دێهاتا بــلاّو ئەبنەوە پێشـ نوێژیان بۆ ئەکەن ، دوایی کە جەژن هات هەر کەس سەفطرەی

خۆی پێ لەقەبڵێتێ بمۆ خەرجیەکیان دەست ئەکەوێ • بە تێك
لەم قەقرِیانە ئەچێتە دێی (بنە جوت) کویخا حەمەخان هەـــەتێ
ئەپێچێ فێری نوێژی ئەکا ئەویش کەتەپیرێکی تەنگە ئەستور ئەبێ
زۆر تواناى هەلس وئیست و رکوع‌وسجودی نابێ لە هەڵسانەوەدا
ریخۆڵەی لەپسێ ئەمرێ • • • کورەکان حەمـــەن و ســـەعدونی
براخاس مەلا ئەگرن خەریك ئەبن بیکوژن قادرزاڵەی موان بـ ـە
هاوارەوە ئەچێ سەعدون ئەڵێ : باوکم ساغ‌وسەلیم بو ئەم پیاکــــە
تەرتیبێکی فێرئەکردوەك چلەرای ئەگرد،وەك کۆمانچ ئەیچەوتانەوە
کنگەوتلور ئەی خست تاتراندی وەگۆری باوەیا • قادر زالـــەیش
ئەڵێ برا هەرچی چو چو وازی لێ بێنە سزای کوشتنی ئەم‌پیاوەش
بۆ لە قیامەتا ئەچێژێ ، تۆ نوێژ مەکە ، کـــەمردی وەـــیـەت بکـــە
لیــقانەکەت بدەن بەمن بەکاڵەو پێتاوەوە ئەچیە بەهەشت •

یـــەك ناو ببینەوە

کورد لەمێژەوە قینی لەناوی درێژە ، بەڵکو ڕاست‌وڕەوان،یاخو ڕەپ‌وڕاست حەز لەناوی کورت‌وبچوك ئەکاە تیرەو ڕەگەزی کورد خواهش‌وئارەزویان لەسەر ڕاستی‌ودروستی بوە •

لەزەمانی پێشودا کاتێ کەحاق گەرمیان‌وکوێستانی ئەکرد هەتـــا دەوری سنەو سەقزو تیکان تەپەی هەوشار • ماڵـــە جـــافەکان بـــۆ لەوەڕ خۆری ســەرەوزور ئەڕۆیشتن ، ڕۆژی لە هاوینا کـــە خێڵە جافێك لە دەوروپشتی سنوری (سنـــه) ماڵ هەڵ ئەدا،پیاوێك یاخود

میرزایەکی ئێرانی ئەویش لەنیرەو پەکەزی کوردی(کوردستان)ی سنە بو ، بەمیوانی دێتە ماڵی کوێخا ناوی (میرزادمقکا) بوە خاوەن ماڵ لێی ئەپرسێ برا ناوت چیە ؟ میرزا لە وەڵامدا ئەڵێ : (فدوی) فەرمایش ئەفەرموی ،لەهەندێ محافل و مجالسدالەبەر نکتە سەنجی وشیرین زوبانی مەردوم گەل وە(ئاغا میرزا غولام محمد حسین آغا شکرەگیانی)ناوم ئەبەن . . . کوێخا دیارە لەمبەندو باوە تێناگات بەڵام ئەوەندە ئەزانێ کەئەم ناوە زۆر درێژە ، ناچار بەرو گرزی رو ئەکاتە میوان ئەڵێ : دەویت واوك ئەمە ناو نەبو تۆ هێنات وەناودا ، هەرسێ تەڵاقم کەوتبێ ، تالای ئەومەرانە دێمەوە یەك ناو نەبینیتەوە دوپارچەت ئەکەم و دایکت لەکەر ئەکێشم . . . لە لای مەرەکان دێتەوە ئەپرسێ : کورە کەران باوگاو ناوت چیە ؟ ئەڵێ (محمد) کوێخا ئەڵێ جا باوە خێر کە تۆ ناوت (حەمە) بو ئەم ریس و کوریسەت لەچی بو ؟ بێژە حەمە ، بێژە حەمە کابرای میرزا پێی لێ ئەنێ کە ناوی حەمەیە .

نۆ کەری گەلحۆ

پیاو ماقوڵەکانی دەوری بابان زۆرتر هەوڵی ئەوەیان ئەدا ، خزمەتکاری ئازا ، وڵاخی رەسەن ، شیری جەوهەردار ، تولەو تاجی بەکاریان بێ ، هەندێکیشیان پێش خزمەتی زیرەك و شیرین جوابیان بو .

رۆژێك یەکێك لە ئاغاکان لەسەر دەعوەت ئەبێ کەئەلن ئەمخوا

دەنگی برنج بەریشیەوە ئەبینێ • خزمەتکارەکەی یەـەنوکتە تێی ئەگەیەنێ ئەڵێ : ئاغا سەدەفێکی سپی کەوتۆتە ناو باخی رەشـــە ریحانەوە بۆ ئەوەی نازی بێ ، ئاغا گورج تێئـەگا دەنگێ برنج کەوتۆتە ناو ریشی رەشیەوە ، دەست ئەبا فرێی ئەدا ، ئاغایـەکی تریش بەخزمەتکارەکەی ئەڵێ مەسینەکەم بۆ بەرە.ئەدەبخانەکە ، بەو بیابوانەوە بانگی ئەکا پێی ئەڵێ ئاگات لێبو خزمەتکاری ئەو ئاغایە قسەیەکی چەن جوانی کردو بەئیشارەت تێی گەیاند کەبرنج بەریشیەوەیە ، تویش وابە ، قسەی واجوانو بەئیشارەت بکـە ، ئەویش ئەڵێ لەمەولا بەبینە • بۆ بەیانی لە خزمەت باشای بابانەدا قاوەڵتی ئەکەن ، ئاغایش بەنایەتێ دەنگێ برنج بەریشیەوە ئەنکێتێ بەڵکو خزمەتکارەکەی نوکتەیەکی جوانتر بەختکا ، لـــە وێوە خزمەتکارەکەی برنج بەریشی ئاغایەوە بەدی ئەکا ، بـــە دەنگێکی بەرز ئەخورێتە ئاغا • ئاغا ئاغا یارۆی ئاودەستخانەکەت هاوسێڵەوە من دەستم پێناگا خۆتێ خۆت دەستت هەس ، ناغامی توری دەی هەموو دەست ئەکەن بەقاقای پێکەنین ، ئاغا توڕەئەبێو جنێوی پێئەدا خزمەتکارەکەشی ئەڵێ : ئاغا تۆ خۆت رات سپاردم ، بەلام ئەوســـ گو تاوی ذابوی هەر هێندەت حاڵی کردم ، ئەگەر زۆرترت حاڵی بکردمایە منیش زۆرترم ئەگوت-•

قەرال هەی قەرال

ئەلی وەیس ئاغەسوری بو ، پیکورەی جاف ، چەن وەختێك نە

ناو پشتماڵەدا خزمەتی ماڵە گەورەی کردبو ، لەو ماڵە بەگزادانەدا فێری پڵاو خواردنو چرپو چوپ بوبو • ڕۆژێ یەکێ لـە کوڕە بەگزادەکان کراسێکی فەقیانە سپی ئەداتێ لەسەر دەرپێی جاوی نەشوراوەکەیەوە ئەیکاتە بەر ، فەقیانەکانی ئەماوێتە ملیو بەوگوێ زەڵمەدا هۆرەی بۆ ئەکا ، دێ بەخەیاڵیا ، بەژێ ئەم بەگزادانـە بەسەرو سەنمە چییان لەمن زیاترە واحوکم بەسەر ئەم ئێلانەدا ئەکەنو ماڵو دەوڵەتو ژنی جوانو خزمەتکارو سیرەی سەماوەرو حیلەی ماینی نەجدو ئەم هەمو پڵاوو گۆشتو فرنیووکومانجەیان هەیە ، باوجود خۆیشیان پێیان ناخوری هەر جیقە جیقیانـــە کە هەڵدەسنە پێ ناتوانن کەوش ئەکەنە پێ ئەشێ خزمەتکار کەوشیان بۆ هەڵکێشی ، بامن بمە بەگزادە بمنن چۆن کورنش ئەبم ، لەم خولیایەدا ئەبێ (شاکە هەرچێی عەمەلە) ئەدا بەلایا ئەڵێ : نەڵێ وەیس ئەوە هۆرەی چیە ؟ بەژێ باوەت مردگە ، ئەڵێ ئەرێ وەڵڵا باوکیشو دایکیشم مردوە ، ئەی ئەمە حاڵە ؟ ڕۆژ ســـەکمان پێ ئەخەسێنن ، شەو ایشکمان بێ ئەگرن ئەمە بەخێو ئیواران کاســە ئەلیسینەوەو زگمان تێر ئەکەین ، وامنیش قەرارمدابمە بەگزادەیەک لە گشتیان بالآتر • شاکە ئەپرسی : ئاکورە پێغەمبەر پێم بێژە چۆن ئەبیتە بەگزادە • ئەڵێ خاس خاس ، هەزارت بۆ بژمێرم لە شوانی وژاندرمەیی و پیاو کوژیەوە بوە بەشاو شاهەنشاو دیکتاتور ئـەوە نادر ، ئەوە ڕەزاشا ، ئەوە هتلەر ، ئەوە ئەوانی تر ، ئەوەحیکایەتی

پێشوان تۆ بێ لەتەك منا ، کەرتە لەڕێ ، بارگەی گەڕێ بەپداکەین
چوار ڕێبواری بەسزمان رونەوەکەین ، دەی ترمان پێوە بینێی ،
بزانە ئەبێن بەچی ، زانا ئەم وڵاتە گشت بێ کاروبارن لەشسایی و
جەردەیی ئەگەرێن هەر بەکێ راست بێتەوە سەر جەردەیی بکا
هەزاری شوێن ئەکەوێ .

شاکەی هەڵفریوان چون لە گورگەی سەرخلسە دومایێ رەسەی
ئەورەحمان ئاغایان فراند هەر لەوڕێیە چەند ڕێبوارێکیان روت
کردەوە پارەو کەلو پەلیان لیسەندن خۆیان کرد بەشۆرە سوار
هەشت نۆ سوارێکی ئاخە سوری چنگنیان شوێن کەوت کاروانی
بەغدایان روت کردەوە ، هەمهەیەکیان خستە ولاتەوە ، ناوی خۆی
نا (زەعیم ئەلی وەیس پاشا)خەرج و خەراجی ئەسەند ، پاشـا
هەی پاشا ، زەعیم هەی زەعیم ، قەراڵ هەی قەراڵ ، تا رۆژێ لە
قەرەداغ دێیەکیان تالآن کرد شێخ حسین شێخ علی مدیر بو بە
سوارەی خۆیەوە شوێنیان کەوت لەوی قراڵی لە قراڵی خست . .
(کێیە بەدخوی دنیای برمە سەر) .

نادر ئـــاوینە

کاتێك لەم قەڵمەڕەوی کوردستانەدا پاڵەوانی و زۆران بـازی و
خەنجەر وەشاندن باوبو ، هەمو گەرەکێکی سلیمانی زۆرخانەیەکی
تیابو بەیانیان زوو نەوجوانانو پیاوی بڕە ئەچونە زۆرخانە خۆیان
روت ئەکردەوەو بەرگی چەرمی پاڵەوانییان لەبەر ئەکردو ، کۆنە

سوار تویلی زۆربلری لێئەداو ئەهاتە جوبش ، دوای هەلپەرکێ و سەنگ‌و شنۆو میلبازی ئنجا جوتە جوتەشانیان لەیەك ئـــــەدا ئەجمین ، جالەو بەیەکدا هاتە زۆرو پالەوانی دەرئەکەوت .

کابرایەکی تیلەکوی پەیدا بوبو ســادری ناوبو ، هێزێکی بێ ئەندازەی هەبو پەنجەی زۆر پالەوانی شکاندبو ، ئاوینەیــەکی کریبو ، هەر کاتە نەکانی ئاوێنەکەی دەرئەهێناو ســەیری خۆی پێئەکرد ، ناویان نابو (نادر گاوێنە)لەخۆی بایی بوبو ، خۆی لــە گاوێنەی دێوا ئەدی ، ئەمەندەش تر زل بو هیچ کارو کاســیــەکی نەئەکرد ئەوسایە نانیش بەلاش بو هەر کەسێ‌تیواران روی بکردایە مالی هەر کەسێك خاوەن مال پێی خۆش بو دای ئەنلو پێکەوەنایان ئەخوارد ، بەرگیش هەرزان بو وەك ئیستا نەبو کوستم‌و کراوات‌و یەخەی قولەو قوندەرەی بلادی . هاوینان کراس‌و دەرپێی جاور سوخمەی شەیتان بیزی زەردی موصل‌و دوگمەو قەیتانی نارنجی‌و لەباتی کەوش پێستی غاراوی ئەستوری بەرپیی . کوڕ هەی‌کوڕ شەویش لە قاوەخانەی سەرچیمەن موتابخانەیەکی حەمەی سمایل بو لەوێدا چوار پەلی لی‌رادەکێشا ، جاربەجار سەرخۆش‌وەەرخۆش بەوێدا رائەبورن لی‌یان رائەبەری روتی ئەکردنەوە . شــەوێکیان خەنجەرێکی باش‌و کیسە پارەیەکی پری لە سەرخۆشەکان دەست کەوت ، بەوە کونە کورتەکیکی ناوداری بۆ خۆی کری‌و یەك‌و دو رەفیقی زۆرخانەی بردە دوکانی حاجی قلدز کەبابی دەرخوارد

دانو بەشەو دوای جۆی ئـــەحســـن بۆ راوو روتی ناوشار وایان لێهات مندال لەبێشکەدا ئەگریا ئەیان گوت (نادر ئاوێنە) هات لەترسا زیر ئەبوەوە • زاتا ئەم دنیایە وایە ، هەرچی رەتیکی بەرکەوت و جۆای نواند زۆری شوێن ئەکەوێ • تادوای حەمەرەشی ئەحمەدی ئەورەحمان بەدەستەیەك ژەندرمەی ئاراوە نیشتە سەریان دوانی لە رەفیقەکانی کوشت و ئەودوای تەراندن ، نادریشی گوت هێنای دوای دارکاریەکی باش لە موتابخانەکەی کە کردبوی بـە مەکوی خۆی چوار مێخەی کێشا ، ئنجا مندالان کە سامیان شکابو ئەچون لە دورەوە بەردیان ئەگرتە گەڵو گونی لەو حاڵەیشـــا هەرەشەی ئەکرد ئەی گوت بۆم راوەستن تا بەهاری ئەم پـەتـــە ئەپچڕێنم ، ئیستا چی بکەم خو (نادر شلی کوتەکە) •

پاشا ناچێتە زێـری

نیرەیەك لە عەشائر رەوگیان کەوتبوە ناو دەغل و دانی ئاوایەکەوە زیان کاریان کردبو شکاتیان لای رەئیسی عەشائر کرد ، ئەویش ناردی گاگەل و کەرگەلەکەیان هانین دوای زیانی دەغـــلو دانیان بژارد ، پاشا ئەمری کرد ئاژەڵیان بدەنەوە کەری کابرایەك گوم بو بو چوە لای پاشا وتی : پاشا من پارەی خۆمم داوە نیرەکەرەشنم نادەنەوە ، پاشا وتی : بچۆ بزانە لای کێیە ؟ بۆت لێ بسێنمەوە وتی من لەتۆم گەرەکە ، پاشایش وتی : من لەکوێت بۆ پـــەیدا بکەمەوە ، ئەمان لەم مشت و مڕەدا بون ، هاورێکانی وتیان : ئەریمان

بێ وەرێوە ؟ ئەویش وتی : ئێوە گشت کەری خۆتان بردۆتەوە ئەمن ماوم پاشا ناچێتە ژێر کەرەکەم چۆن بێم وەرێوە ؟!

نەزان دووی کەلام تەفرەقەی شرم برم بێژ

مەحمود پاشای جاف جارێك ئەچێ بۆ هەوارگەی گەلگە نـــاو ماڵە گەورە ئەگەنە بەر پاسامال ئەبینێ خێلێکی ئێل جاف لــــەو هەوارە بەرزەو لەو شوێنە هەوادارەو ئەو چەشمە ئەندازە شیرینە دابەزیون زۆری لاخۆش ئەبێ ئەڵێ : بالادەین دابەزین نـــەختێ بحەسێینەوە کە ئەچن دائەبەزن پاشـــا زۆری پێخۆش ئـــەبێ خێڵەکەش خێڵی محمود ئاغە دەبێ ، محمود خۆی هەتابلێی نەزان دووکەلام تەفرەقەو شرم برم بێژ ئەبێ دووژنی ئەبێ یەکێکیان پیزێ ئەوی تریان خێتێ ، پیزێ یان شارستانی ئەبێ جێشتی پلش لێ ئەنی بـــە محمود ئەڵێ : دارێم ئەبێ جارێ بازی بەسەرەوە ئەنیشی ، پاس دەستو برد قبولێکو شلەقاورمەیەك پێبگەیەنم محمودیش ئـــەڵێ باشە ، پیزێ تاپاشا نەختێ ئەحەسێتەوە قاورمە جانی و قبولی و شلە قاورمە پێئەگەیەنی کەنان دائەنێن پاشاو تەمیز پاشا زۆری پێخۆش ئەبێ ئەفەرموێ ماڵتان ئاوابێ و هەوارشتان خۆش و نانو پەتێشتان پەلەزەتە بو ، محمود ئەڵێ : پاشا خۆ نەچووبێچێ بـــیرەناومان دەوارێکی خاسم هەس ئەت دەمێ ، دو دێڵە شریشم هەیە یەکێکیانت ئەکەمە قەبەڵ ، پاشا قەدەرێ پێئەکەنی و سوار ئەبێو ئەروا ، با لەو سەرەوە کەئەگەڕێتەوە پاشا ئەفەرموێ : بالادەینەماڵی محمود

بزانین دیله شرمان ئەکاتە قەبەڵ یان نا؟ بەخوا من ئەم ماڵەگەورەو شارستانانەم دیوە قبوڵی وام نەخواردوە ، ئەمە رێکەوت بو بزانین ئەمجارە قبوڵی وامان دەست ئەکەوێتەوە ؟ والحاصل کەئەچن دائەبەزن پیزە دیسان قبوڵیان بۆلێ ئەنێ بەلام خێتەی هەوێی بەدزیەوە مستێ خوێ ئەکاتە چێشتەکە سوێری ئەکا پیزی دێت لێی ئەچێژی ئەبینی سوێرە بەخێتێ ئەڵێ : نامەرد بۆچ سوێرت کرد خێتیش ئەشڵەژێ ئەڵێ وام زانی خوێت تێنەکردوە کەنان دائەنێن چێشت سوێر ئەبێ پاشا ئەفەرموی : حەیفە ئەمجارە قبولیەکەتان سوێرە . محمودیش ئەڵێ : پاشا بەخوا پیزە خاسی لێنابو بەلام بەسەری پاشا خێتێ گوی نیکرد ، ئەوە بو منوتم بادێلەشریکیانت بکەمە قەبەڵ تۆ نەتگەرەك بو سانەوە گۆرتێ .

کەلور لای خـوا ئاداتە قەلـەم

حەسەن بەگی قادر بەگ خوا بیبەخشێ حێلی کەلوری بەبەش بەر کەوتبو أدارەی بە واردات و سەرانەی ئەوان بو ، کەلورشی زۆرتریان دەرویش بون ، دەرویشی کۆسەی هەجیج ، میرزاحسێن کاتبی أوضا بەگی بارام بەگ بو ، بەلام لەخزمەت حەسەن بەگدا ئەبو ، حەسەن بەگیش لەنوێژدا موسوس بو دەنگی هەڵ ° بری ، لەرکوعدا کەهەڵ ئەستایەوە بە دەنگی بەرز ئەیوت : (ربنا لك الحمد) پاش نوێژی خەوتنان کە سوجدەی ئەخوێند یەکەم کلیمەی ئەمەبو (تتجافا جنوبهم عن المضاجع) ، میرزا حسێن رۆژێ هەوەس

بو فیتنەیەك بگێڕێ بەکوێخا بەخشەی کەلوری وت : ئێوە بە دڵو بەگیانو بەسەرو بەماڵ خزمەتی حەسەن بەگ ئەکەنو ئلغاتانە ،
کەچیهەرچەند نوێژئەکا لەپێشدادەست هەڵ ئەبرێ دوعابۆ (لك) ئەکا ئەوا بڵێین خۆی جافە هەمو شەوێ کە قورئان ئەخوێنی لـــە پیشەوە لەحضور خوادا جاف بە تەتە دائەنێ‌تەتەش بە مەعنایجوان ئەتەجافە ، یەعنی جوانەجاف ، قەد ناوی کەلور نابـاو لای خـوای نادائە قەڵەم ، کوێخا وتی : ئابرا توخوا راست بێژە ئەمە واسـە ؟
مرزا حسین وتی : خۆ ئەمە کارێکی گران نیە ، ئائیستا تێت نوێژ ئەکا ، کەلە دیوانی خوادا چەوتایەوە و سەری هەڵبری بزانە(لەك) یەژی یان‌نا ، شەویش دوای نوێژگویت تێوە بێ بزانـە تەتە جـاف یەژێ یان‌نا ، سازۆری پێ نەچو حەسەن بـەگ هـات و نـوێـژی دابەست ، کوێخاش بێ خشە سەرنجی دایەو گوێی تەواو بوشل کرد لە گەڵ وتی(لك‌الحمد) کوێخاوتی پێجکی گشت لەك وەدایك گشت کەلور ئەگەر نەوینە خەرج بدەی بەگـزادەیەك کە دۆعـای خیر بۆ کەلور بکات ئەمەی گوت و بۆی دەرچو هەرچەن حەسەن بەگ نوێژی بڕی و شوێنی کەوت کوێخا هەر نەگەڕایەوە تا هەمو کەلوری لەحەسەن بەگ هەڵ گیرایەوە و تەراندی •

نـوێـژدان و ســەرنوێــژ

خێڵێکی ئاخەسوری مەلایان ئەبو رۆژی شیخێك رێی کەوتـــە ئاوایەکەیان وتی : ئەوە بۆچ مەلایەك نایەنن ؟ ئـەگـەر نوێژیش

نەگەن بەمندالّتان بخوێنن ، مردویەکان مرد یاسین و تەلقینی داداو رەمەزانان وەعزتان بۆ بخوێنێ ؟ بەقسەی شیخیان کرد چون فەقی‌یەکیان لە پێنجوین هێنا و چاتولێکیان بۆ هەلدا ناوی چاتولەکەیان نابو (نویژدان) و بەمەلایان ئەگوت (سەر نویژ) گەرماوگەرم خویان دابوە نویژو مەلایش دەنگی زور خوش بو کە ئەی لەراندەوە (بسم الله الرحمن الرحیم) رەحیمەکەی دریژ ئەکردەوە ، کوێخاکەیان ناوی (رحیم) بو زۆری پێ‌خۆش بو کەبەدەنگ رەحیم بخوێنی ، هەرساتە نەساتێ خەلکی کۆئەکردەوە ئەی هێنایە سەر مەلا ، ئەیان گوت : دەی مەلا بخوێنە ، مەلایان پێزار کرد وای لی‌هات ڕاکا . کولەکەیەکی گەورەیان دابویە ئاوی تیابخواتەوە ، رۆژێ شارە زەردەواڵەیەکی دۆزیەوە چو کولەکەی هێناو چیلکەیەکی کرد بەکونە زەردەواڵەکەدا وروژاندی دەمی کولەکەکەی نابەکونی شارە زەردەواڵەکەوە کولەکە پر بولە زەردەواڵە ، تۆپەوانەی خستە دەرکی‌و هێنایەوە لای خۆی دای‌نا تا کوێخاو خەلکی ئاوایی کۆبونەوەو دیسان پێیان وت : مەلا ئادەی بخوینە، مەلا دەستی پێ‌کرد: اعوذ بالله من الشیطان الرجیم مێزەرەکەی لەسەرو مل خۆیەوە ئالاندو دەرکی کولەکەی کردەوە بەجاری زەردەواڵە بەقینەوە هاتەدەرێ هەریەکە سێ ...او زەردەواڵەی تێ‌وروژاو جزەیان لێ‌هەلسا ، لەتاوا بەقیژوهور هەر یەکە بەلایەکا رایان کرد ، مەلاش کتێبو بەرمالی هەلگرتو

بۆی دەرچو •

جا ئاوایی پاش ماوەیەك هەواڵی گوم بوانیان ئەپرسی ، یەکێك بانگی کردە کابرایەك کاکە دەست زەردەواڵــــــە رزگاری بوبو ئەهاتەوە ، وتی ئەری شاکە گیان مــــیروەیسی تیمەت نەدی ؟ وتی بەری وەڵڵا سێ چوار شەیتان رەجیمەکەی تێ ئاڵابو لەچەمەوە سەرەو خوار بردیان هەروا ئەویش هەڵی ئەتوراند جا نازانم چی لێ هات تاهاتە گۆری باوکی کوێخا رەحمەوە •

خەوەکەی لالە سەرحەدو سەرراج

لالە سەرحەد ئاشنایەکی سەرراجــی بوو زۆری خــۆش ئەویســت هەمیشە لەگفت و گۆیشدا بەربەرەکانێیان لەگەڵ یەك ئەکرد

شەوێ میوانی لالە سەرحەد بوو ، بەیانی هێشتا لەخەوا بوو ، لالــە سەرحەد هەڵی کوتایە سەر جێگاکەی نووکە شەقێکی تێوە ژەنــد بانگی کرد : ئاکورە راستەوە بە گۆرانە هیزە نیوەرۆیە • کابرا بــە دەم خەوەوە وتی : گەماڵەپیرە بەمیوانیش ئەکەنی • لالەیش وتی ئابرا تۆ دەنگ • ئەمشەو خەوێکم دیگە کەسی وا نەوو فاڵەکەیم بۆ بگرێتەوە ، وەتۆی یەژم • سەرراجیش وتی : تۆ بێژی ئەگەر پجۆر پجۆریش بێ بە دەرزی و درەوش پێکەوە گیرەو بەند ئەکەم • ئنجا دەستی کردە خەو گێرانەوە وتی :

سەید صادق و بالاتەران گوێیان پیوەبێ ، گــوێی دوژمــن کــەم بێ و چاوی گشت وردە شاتری و کــەلاڵی کــوێر بێ، لەخــەوما

گوێلکە مێنجکەیەکمان گووم بوو بوو ، شوێنم هەڵگرتبو ، گەیسمە ئەو دەشتی نێرگسە جارە روانیم پیاگێ ریش چەرمگێ نوورانی لـە سەر بەردەکەی مەحمود گاوان لێی هەڵاژیاگـە ، گـاڵۆکێکی وە ئەنیشت خۆیا راکیشیاگە و بوزگێکی لاو خاصی لەبەر دەماویسیاگە چست و چالاك مەگەر هەر خۆم لەتافی کوڕێنیما وا وریـا بووبم پرسیم : ئەرێ برا تۆ کێی و ئەو پیرە کێس ؟ وتی : لالەئـەوە بینایی چاوانە و منیش حەمەدی رەسولاللام . لەدڵی خۆما وتم: پیاو وەخوا خاس‌وو ئێستا وەکەرامەت سۆراخی گوێلکەکەم بۆ ئەکا چوومە بەرەوە سەلامێکم کرد لەحازری هیچ نەجمیا ، بەلام‌وەلای لووتێکەوە بۆڵەیەکی لێوە هات وەکو جوابی سلاوەکەی دابـمەوە، تەمام بوو تووڕە بم بێژم : کاورا سلاو سلاوی خوایە تۆ بۆچ خاس جوابم نادەیتەوە ، وەگاڵوکەکەت ئەنازی ، حەمەدی رەســـولاللە دەرکی پێ کرد هاتە بەرەوە وتی : قوربان ئەوە لالە سەرحەدە لالە سەحەد . . . ئنجا جمیاو چوارمشقی لێی دانیشت وتی : لالـــە وەخێر هاتی مەروانە قصور شەو نەخەوتبووم نیازمان بوویێنـــە میوانی تۆ ، جارێ ئەم دەشتەم لاخۆش بوو . وتم : قوروان وەخێر بێی فەڕو بەرەکەتت هاورد . ئاوڕم دایەوە پێ‌کوڕەیەك لەچەمەوە ئەهات بانگم کرد : ئا کاوزابێ لاوەلا . کاورا وەهـەڵـەداوان‌رای کرد هات . وتم : بتیینم چۆن رادەکەی هەروماڵ ئێمە بێژە وەخازە میوانمان ئێت شەکە گێژەکەسەر وڕن گۆشتی شەکی گێژو درەوی

لێژ • پیکوڕ ەڕۆیی‌و منیش بەرو بەرپشتێنی بینایی چاوان کیسەئەو سەویلم نەدی ، سەویلەکەی خۆمم دەرئاورد فرە ئازیز بوو لەلام، لەو ساڵەوە خازمم هاوردبوو چووبوومە تانجەرۆ وسل یکەم ئەو سەویلەم دۆزیبوەوە کیسە تووتنیش‌هەر ئەوکیسە بوو کەوەمنداڵی قەیتول و خوێشکەکەی چەن جار پیا میزیابوون • خازە ئەی ششت بەڵام تووتنەکەم فرە خاس وو کوڕ گەل لەکاروانی بەغدایان دابوو هەندێ تووتنیان بۆ هاوردبوم سەویلی‌خاسم تێ کرد دامە دەست حەمەدی رسول‌الله بۆم بگرێ تا ئاگری بۆ دەکەمەوە هەسیو بەردەکەم دەرئاوردو گازێ پووشووی ناودارم داگیرساند سەویلم لەدەست وەرگرتەوەو پووشووم‌خستە سەر قوومێکم لێ‌داتاداگیرسیا دامە دەم بینایی چاوان مژێکی لێدا فەرمووی ! لالە ئەم تووتنەتە لە کوێ بوو ، فرە خۆشە بێژە جاخێکم بۆ دابگرن لەتەك خۆما ئەیوەم • وتم : بەچاوان •

لەو سەردەمەدا ئاوڕمان دایەوە سوورکەوە سوارێ تۆز ئەکا، هات بەلام چ هاتنێك بای غەزەو تۆزی پێی ناشکێنێ • تومەزئەمە قەیتولی منە کاورای پێکوڕە خەبەری بردبووە ماڵ ، ئەویش وە بەیجوری میوانەوە هاتبوو • بینایی چاوان پرسی : لالەسەرحەد ئەو سوارە کێس ؟ عەرزم کرد قووروان قەیتولی خولاّمتە • فەرمووی: ماشاالله • ئابێژە چکی نۆما سوورکەوە بتاخێوێ • منیش وتم: قیتە تا بتوینم خۆم ئاسایی وەجاخی باوکت روون کەرەوە • قەیتولی

ئلوزەنگی یا هـاورد خیرو بیروی نۆما هـات وە خۆیـا ، ســەری سواری بوو ، کلکی سواری بوو ، قەیتولیش لە ناوەراستاسواری وەك حەمەدی رەسول‌الله سواری بوراق بووبێ • لەو ســەردەمەدا من سەیری قەیتوڵم ئەکرد حەمەدی رەسول‌الله سەری نابوەبناگویی بینایی چاوان تێگەیشتم بەبینایی چاوان بەژێ داوای نۆماکەی لــە قەیتول بۆ بکا • کاکە قسەی خۆت مەدۆڕێنە • قەیتولی نەگرسە میوان نەبێ خوایش‌بی نایدا • بینایی چاوان فەرمووی :محمد ئەم نۆمایە هەر بۆ قەیتول خاسە من یەژم وەرەئیسی عەنەزە چارەویەکی عەرەوی بۆتۆ بنێری • سا ئێمە لەم حەدیسەو بەیسەدا بووین تێ فکرین وەك فەتارەی قولنگ سەریەك نیشتێ هەر یێ‌کورەیـــەك لاسەلەیەك وســەر ســەرەوە نان‌هات بەلام چ‌نانێك ، دەوریە پـلاو گشت وەك مەلای سەرچەمنگ تەشییەك ترشی‌حەسەن بەگی‌لە تەکا (وەدەمیم) نان دانریا خولەی ئەلی کەوکوژ وەخۆی‌و زوڕنایـەوە بەیدابوو بێ‌ئەوەی کەس پێی بڕێ یکی زورنـای لێ‌خۆش کرد فیقاندی وەزورنادا ،ئەوانەی نانیان هاوردبوو کەوتە ژەندن کاورای دەهۆڵ ژەنی قلیاسانی وەفرکانی دەهۆلی گەیاند لـەتەقەی دەهۆڵەو زورنا لە گشت لایەکەوە کەنیشك‌و شۆڕەژنی جاف گلیرەوە بوون بووە رەش‌بەڵەکێك بۆ محمد پاشایش ئەو زەماوەندە نەکریاوو جـا براکە چەند خۆش بوو وەدەنگی دەهۆڵ‌و زورناوە ئەو نانە نۆشـی گیان کریا • محمد رەسول الله فەرمووی : شنینە ، نـــەمزانی چی

یەژێ ، دوایی تێیان گەیاندم دژی گەرەکە ، مەشـــکە دۆ هات.
کاسەیان بۆپر کرد کەوچکی نەگەرەك بو.کاسەی ناومسەرەوە.ئۆخەیچی
کرد ، منیش وتم نۆشی گیانت وێ ،.هەروا لەدەنگی دەهۆڵ.گلیرەوە
بوون میکایلی.و شاتری.و سەداتی ، بینایی چاوان پرسی ئەمانە کێن ؟
عەرزم کرد قورروان : مکایەلین لەتەك ئیمەدا ناکۆکن • فەرمووی:
رایان کێشنە ئەو جەهەننەم • لەژێرەی ئەوان خەبەرم بووەوە •

کاتێ لالەسەرحەد ئەم خەوەی گێرایەوە سەرراج وتی : لالە
تۆیەژی ئەم گشت طەعامەیان هاورد خۆمن هیمان لەماڵی‌تۆچەشەی
برنجم نەکردگە ، خازە هەر یەژێ برنج نەکوتیاگە چۆن بەو دەمەو
دەستە کوتریاو لێ‌نریا • منیش ئەمشەو خواوەخێری بنووســـی
خەوێکم دیگە • لالەسەرحەد وتی : ئابرا بێژە تۆچیت دیگە ؟ •

خەوەکەی ســـەرراج

سەرراج وتی لەخەوما من زینێکم بۆ چارەوی فلقنەکەی تۆدرووبو
پارەت نەدابوومی ، هاتم بەگژتا تۆیش دەستت لێ‌دابوومە شـــیرو
صوباشی ، حەمە صالح بەگی قائمقامی هەڵـــەبجە گرتینی.و بردینیە
دیوان پرسی : ئەرێ گەماڵە پیرەی بێ‌کەڵبە گەفیکە ئەم پیاوە زینی
بۆ ددرووی پارەت بۆچ نەداوەتی • تۆ وتت میرم هالە ماڵما بەخێوی
ئەکەم پارەی چی‌بدەمێ ؟ ئـــەمری کرد هەردوکمانیان راکێشـــا
منیان خستە چاڵی پیسایی‌بەوە ، تۆیان هاویشتە چاڵی هەنگوینـــەوە
گشت لەشمان تێوەچوو • لالەسەحەد هەڵی‌دایە وتی دەبخۆ ئـــەوە

گۆرت وێ خاسی تیا کەوزابوی • سەرراج وتی ئەرێ ئەڵلا تیـــا قوربن بوو بووم ـ لالە بەکەیفی بوو کەوتە تێتاڵ ـ وتی خۆزالی نییە دەعووەتم بۆ بینایی چاوان کردگە • سەرراج وتی ئەوسا تۆ پێکەنیت میرزقی حەڵما ئەمری کرد (معوا شیعر بدە لێیان پێــزە ئەشێ یەکتر بلێننەوە) من دەستم کرد بەلێشانەوەی تۆ ، تۆقێزت هاتەوە • لالەسەرحەد دەستی کرد بەجنێودان وتی دەویت بـــاوك ئەوە خەوە ؟ سەرراج وتی ئەبێ خەوەکەی تۆ خەوە ، قلیانت لـە توورتنی میزاوی تێ کردووە بۆ چارەوی یەك کەبە دزی بـــــەتی چنگتان کەوتووە قسەی خوا دڵی پێغەمبەرت شکاندوە •

وێنەی بەرگ بەرهەمی ماموستای هونەرمەند ئەنوەر تۆفیقیە

چاپخانەی کامەرانی ٣١ ـ ٢٠٠٠ ـ ٢٢/١١/٩٧٠